# ڕێبازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی

# لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا

**پێشکەشە بە:**

- **دایك و باوکم، کە هەمیشە هیواخوازی سەرکەوتنەکانم بوون.**
- **هاوسەر و هاوژینم (بێخاڵ) کە بەرگەی هەموو ئازارەکانی ژیانمی گرتووە.**
- **جگەرگۆشەکانم ((چەمەن، چڵان، چەپك)).**

## سوپاسنامە:

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- زانکۆی ڕاپەڕین و ستافەکەی، کە دەرفەتی ئەم خوێندنەیان بۆ ڕەخساندین.
- مامۆستای گەورەو بەڕێزم (پ.ی.د.صباح رشيد قادر) کە لەخۆبوردوانە هەوڵی زۆری دا بۆ وەرگرتنم و هانی دام کە ئەم ماستەرە بخوێنم و لەهەمان کات سەرپەرشتی کردم و بە سینگێکی فراوانەوە زانیاری زۆری پێداوم و منی گەیاندە ئەم ڕۆژە، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.
- خوشك و براو هاوڕێ و هەموو کەس و کارە نزیکەکانم کە هیواخوازبوون ئەم ماستەرە تەواو بکەم.
- بەڕێز (د.شێروان حسێن حمد) کە یارمەتیەکی زۆر باشی دام تا نامەکەم تەواوکرد.
- فاکەڵتی پەروەردە – قەڵادزێ و بەشی کوردی و ئەو مامۆستا بەڕێزانەی بۆ تەنها وانەیەکیش بووبێت زانیاری بەسوودیان پێداین.
- بەڕێز(د.شەهاب تەیب تاهر) سەرۆکی بەشی کوردی – قەڵادزێ.

# هێماو کورتکراوەکان

| واتاکەی | هێمای کورتکراوە |
|---|---|
| یان | / |
| بوونی سیما | + |
| دابڕین | # |
| مۆرفیمی سفر | Ø |
| دەنگ | [ ] |
| بۆ بنج یان هەرگۆڕانێك بەکاردێت | × |
| نیشانەی تاك لە ڕوسیدا | ə |
| نیشانەی کۆ لە ڕوسیدا | Y |
| پێشگر | ( -) |
| پاشگر | (- ) |
| نەگونجاو | ⋆ |
| سنورداری ناڕێك، ڕێزمانی، وشەداڕێژ | "+" |
| سنورداری ڕێك، وشەداڕشتن، لێکدان، ڕێزمانی | "#" |
| دەبێتە |  |
| دەگوازرێتەوە بۆ |  |
| نەمانی هەمان دەنگ (فەوتان) | ø |
| دەگۆڕرێت بۆ |  |
| Word Formation Rules | WFR$_S$ |
| Consonant | C |
| Base | B |
| The unitary base hypothesis | UBH |
| Binary Branching hypothesis | BBH |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| Phonological change | گۆڕانی فۆنۆلۆژی |
| Allomorph | ئەلۆمۆڕف |
| Fricative | خشۆك |
| Voiced | دەنگدار(گڕ) |
| Voiceless | بێدەنگ (کپ) |
| Nominalization | ناونان |
| Liquefy | تواندنەوە |
| Liquefaction | شلبوونەوە |
| Truncation | بڕین |
| Base | قەد |
| Officiate | وەرگرتنی پۆست |
| Officiant | ڕێوڕەسمی ئاینی |
| Stem | ڕەگ |
| Atomic morpheme | مۆڕفیمی ناوکی |
| Internal structure | ڕۆنانی ناوەوە |
| Transmission | گواستنەوە |
| Morphological correlates | هاوبەندێتی مۆڕفۆلۆجی |
| Possible | ئەگەری هەبوون |
| Vulnerable | بەرگەنەگر |
| Gere frangible | لەبارە بۆ شکان |
| Horrible | زیانبەخش |
| Divisible | بەشکردن |
| Extensible | فراوانکردن |
| Computational | ژمێرکاری |

| | |
|---|---|
| Lexical position | پێگە فەرهەنگییەکان |
| Communicate | پەیوەندیکردن |
| Delineate | هێڵکاریکردن |
| Lexical entry | دەروازەی فەرهەنگی |
| Bound base | بنکەی بەند |
| Input | وەرگرتە |
| Output | دەرکردە |
| Homonymouse | هاوبێژی |
| Modification | هەموارکردن |
| Classification | پۆلێنکردن |
| Prefix | پێشگر |
| Lexical strata | چینکاری فەرهەنگی |
| Neutral | بێلایەن |
| Non-neutral | لایەنگر |
| Sorrow | خەم |
| Sorrowful | خەمبار |
| Grate | سوپاس |
| Grateful | سوپاسگوزار |
| وشە تورکیەکان | |
| Izin | مۆڵەت |
| Izinm | مۆڵەتی من |
| Burun | لووت |
| Burumda | لە لووتمدا |
| وشە ڕوسییەکان | |
| Komnata | ناوی تاك (ژوور) |
| Komnaty | ناوی کۆ (ژوورەکان) |

| | |
|---|---|
| Golov-a | یەك سەر |
| Golov-y | سەرەكان |
| Sten-ə | یەك دیوار |
| Sten-y | دیوارەكان |

## ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | پێشكەش |
| II | سوپاسنامە |
| III | هێماو كورتكراوەكان |
| VI-IV | ليستی زاراوەكان |
| Ix- VII | ناوەڕۆك |
| | پێشەكی |
| 1 | 1-0 ناونيشان و سنوری بابەتەكە |
| 1 | 2-0 ئاستی شيكردنەوەی بابەتەكان |
| 1 | 3-0 شيكردنەوە لە نامەكەدا |
| 2 | 4-0 گرفتی نامەكە |
| 2 | 5-0 پێكهاتەی نامەكە |
| 40-3 | بەشی يەكەم: چێوەڕێژی تيۆری بابەتەكە |
| 3 | 1-1 سەرەتا |
| 4 | 2-1 وشەو وشە داڕشتن |
| 6 | 3-1 بڕينەوەو فۆنۆلۆجی |
| 8 | 4-1 واتای تايبەتی فەرهەنگ وەكو جێگەی سيمای نامۆ |
| 9 | 5-1 هاوبەندێتی مۆڕفۆلۆجی |
| 11 | 6-1 ئاستی مۆڕفۆلۆجی و ڕۆنانی ناوەوەی وشە |
| 13 | 7-1 پرۆسەی وشەداڕشتن |
| 14 | 1-7-1 هەنگاوەكانی داڕشتنی وشە |
| 16 | 2-7-1 هەندێك تێبينی سيمانتيكی لەبارەی گيرەكەكان |
| 17 | 8-1 پێشەكييەك لەبارەی مۆرفۆلۆجی دابەشكردن |
| 20 | 9-1 پايە يان چينكاری فەرهەنگی |
| 27 | 10-1 چەمكی بلۆككردن لە فەرهەنگداو حوكمكردنی فەرهەنگی |

| | |
|---|---|
| 11-1 سیماو تایبەتییەکانی دەستەی یەکەم و دووەمی گیرەکەکان | 29 |
| 1-11-1 تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکان | 29 |
| 2-11-1 تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییەکان | 33 |
| 3-11-1 تایبەتمەندییە واتاییەکان | 37 |
| 12-1 پێشزەمینی بۆچوونەکە | 38 |
| بەشی دووەم: گیرەکە نارێکەکان | 88-41 |
| 1-2 سەرەتا | 41 |
| 2-2 پۆلکردنی دوو چینداری | 41 |
| 1-2-2 چۆن تیۆرەکە دەخرێتە بواری بە گیرەککردنەوە | 44 |
| 2-2-2 گیرەکە ڕێزمانییەکان لە مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا | 46 |
| 3-2-2 گیرەکە وشەداڕێژەکان لە مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا | 54 |
| 4-2-2 کارکردنی گیرەکە نارێکەکان | 55 |
| 1-4-2-2 گیرەکە ڕێزمانییە نارێکەکان | 55 |
| 1-1-4-2-2 گیرەکی (دە~) | 55 |
| 2-1-4-2-2 گیرەکی ڕێزمانی (ەکە) ی ناسیاوی | 64 |
| 2-4-2-2 گیرەکە وشەداڕێژە نارێکەکان | 69 |
| 1-2-4-2-2 گیرەکی وشەداڕێژی(ڕا~) | 70 |
| 2-2-4-2-2 گیرەکی(~گا/گە) | 82 |
| بەشی سێیەم: گیرەکە ڕێکەکان لەزمانی کوردیدا | 121-89 |
| 1-3 گیرەکە ڕێزمانییە ڕێکەکان لە زمانی کوردیدا | 89 |
| 1-1-3 گیرەکی ڕێزمانی ڕێک (فۆڕمی کاتی ڕابردوو) | 90 |
| 2-1-3 دەروازەی فەرهەنگی پاشگری(~ت) | 92 |
| 3-1-3 پاشگری (~ەوە) | 94 |
| 2-3 گیرەکی وشەداڕێژی ڕێکەکان | 100 |
| 1-2-3 پاشگری (~ایەتی) | 101 |
| 2-2-3 پێشگری (بێ~) | 111 |

| | |
|---|---|
| 3-2-3 پێشگری (نە~) | 115 |
| 3-3 وشەی لێکدراو | 117 |
| **ئەنجام** | 121 |
| **لیستی سەرچاوەکان** | 122 |
| **الملخص** | 127 |
| Abstract | 128 |

# پێشەکی

# پێشەکی

**0-1-** :

(ڕێبازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا) ناونیشانی ئەو **کتێبە**، کە ئەو تیۆرەی شیکردنەوەکەی لەسەر بونیاددەنرێت بە"مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی" یان " فۆنۆلۆجی فەرهەنگی"، هەروەها بە " مۆرفۆ- فۆنۆلۆجی فەرهەنگیش" ناو دەبرێت، ئەو تیۆرە (مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی) لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "پاوڵ کیپارسکی و مارك ئەرۆنۆف" و چەند زمانەوانێکی تر گەشەی پێدرا، ئەو بۆچوونە وەك تیۆرێکی ڕووبەڕووبوونەوە، یان پێکداهەڵشاخانی نێوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی سەیر- دەکرێت، ئەم تیۆرە چالاکی گیرەکەکانی زمان دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، ئەم نامەیەش گیرەکەکانی زمانی کوردی (ڕێزمانی، و وشە دارێژ) لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونە شیدەکاتەوە.

**0-2-** :

ئەم **کتێبە** گیرەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی لە دوو چینداری جیاوازو لە چوار ئاستی جیاوازدا شی دەکاتەوە، ئەو کاتەی کە لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دەترازێت و شیکردنەوەکان دەباتە ئاستی ڕستەسازی، هەر لەئاستی مۆرفۆلۆجی و لە سنوری داڕشتنی وشە، و شکانەوەی وشەکان دەمێنێتەوە، بەپێی بۆچوونەکانی (Selkirk) و (Williams) لە تیۆری سینتاکسی وشەدا شیکردنەوەکان ئەنجام دەدات، چونکە ئێکس - باڕی وشە یەکێکە لەو بنەمایانەی (کیپارسکی) پەنای بۆ دەبات.

**0-3-** :

ڕێبازی مۆرفۆ – فۆنۆلۆجی فەرهەنگی لەو **کتێبە**دا پەیڕەوکراوە، لێکدانەوەکان وەسفی – ئێستایین، بەڵام ڕێبازی مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی شێوازی شیکردنەوەکە چێوەڕێژدەکات و بنەمای تایبەتی بۆ دادەڕێژێت.

**0-4 :**

ئەم **کتێبە** هەوڵێکە بۆ یەکلاکردنەوەی، ئایا گیرەکەکانی زمانی کوردی (ڕێزمانی و وشە دارِێژەکان) لە نێوان هەردوو چینداری (1) و چینداری(2)دا بە چ لایەکدا دەکەون، ئایا کە دابەشی سەر چوار ئاستی گیرەکەکان دەبن پڕاوپڕ تیۆرەکەی بەسەردا کارادەکرێت، یان ئەوەتا زمانی کوردی سروشتێکی تایبەت دەدات بە گیرەکەکان و دەکرێت یاسایان بۆ دابڕێژین، یان گیرەکەکان لە گۆشەی **هیچ** چین و ئاستێکدا دەستەمۆناکرێن و بەسەر سیماو سیفەتی جیاوازی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی دابەش دەبن، ئەم **کتێبە** وەڵامێك بۆ گرفت و چارەسەرەکانیان دەستەبەر دەکات.

**0-5 :**

**هەوڵدەدەین کتێبەکە**، بەسەر سێ بەشدا دابە**شبکەین**. هەوڵی توێژەر لەبەشی یەکەمدا چێوەڕێژێکی تیۆری بەچەمکی بابەتەکە دەبەخشێت، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی بنەما سەرەکیەکانی تیۆرەکە، بەپێی بۆچوونەکانی (کیپارسکی) و (ئەرۆنۆف) و (هال) و (چۆمسکی)، و زۆربەی نموونەکان و شیکردنەوەی یاساکان بەپێی زمانی ئینگلیزی دەبێت، وەکو بنەمای تیۆرەکە شیکردنەوەی بۆ دەکات، دەستنیشانکردنی سیماو سنوری چینەکان، یەکێکە لە دارِشتنەکانی بەشی یەکەم، گیرەکەکان بەسەر چوار ئاستدا دابەش دەبن، کە گیرەکە ڕێزمانییە ڕێك و نارِێکەکانن، و گیرەکە وشە دارِێژە ڕێك و نارِێکەکان، بەسەر هەردوو چینەکەدا دابەش دەبن.

بەشی دووەم، تایبەت دەکرێت بەشیکردنەوەی گیرەکە ڕێزمانیەکان (ڕێك و نارِێکەکان) لە پێوە-نوساندنیان بە بنجی جیاوازەوە و خستنەڕووی تایبەتمەندی فۆنۆلۆجی و فۆڕمی ناکەرتی گیرەکە ڕێزمانییەکان، بە هەردوو جۆریەوە، دواتر خستنەڕووی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و دەروازە فەرهەنگییەکانی ئەو دوو جۆرە گیرەکە.

بەشی سێیەم، تەرخان کراوە بۆ گیرەکە وشە دارِێژەکان (ڕێك و نارِێکەکان) و لێکدانەوەی دەروازە فەرهەنگیەکانیان و سیما فۆنۆلۆجی و فۆڕمی دەنگی و تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی ئەو گیرەکانە. گرنگترین ئەنجامەکان و ڕیزکردنی سەرچاوەکان، کورتەیەك بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی ئەم کتیبە دەبێت.

# بەشی یەکەم

# بەشی یەکەم

# چێوەرِێژیی تیۆری بابەتەکە

## 1 -1 سەرەتا:      چێوەرِێژکردنی تیۆریی بابەتەکە

زۆربەی تیۆرە رِێزمانییە هاوچەرخەکان گریمانەی ئەوە دەکەن، کە گریمانەی رِێکخستنەوەیەکی گشتی دەدەن لەوەی کەوا پێکهاتە سەرە تایبەکانی رِێزمان لە جێگەیەکەوە نەخشەکێش دەکرێ پێی دەوترێت فەرهەنگ (Lexicon) (برِوانە201: Anderson1992). بەواتای ئەوەی دەستپێکی رِێزمان، کە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس لەخۆدەگرێت دەبێت لە فەرهەنگی ئاوەزییەوە دەست پێبکات، چونکە تیۆرە نوێیەکان پێیان وایە، کە ئاستی مۆرفۆلۆجی بەشێکە لە سینتاکس، هەموو ئەو جیاوازییانەی لە زمانەکاندا دێنە ئاراوە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیەوە دەست پێدەکات، بۆ زیاتر رِوونکردنەوە سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بکە، کە لە (Marantz)وەرگیراوە.                    کەرەستەی خاو




هێڵکاری (1-1)

لە فەرهەنگێکی پاراودا وەکو ئەو شوێنە سەیردەکرێت، کە بابەتەکانی سینتاکسی تێیدا وێنەکێش‌و نەخشەرِێژدەکرێت، سەرچاوەی دارِشتنی بابەتە سینتاکسیەکان لە سیستەمی سینتاکسدا بەهەنگاوی ژمێرکاری (Computational) دەست پێدەکات، کە سیستەمێکی سینتاکسییە ئەوەی جێگەی گفتوگۆیەو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، ئەوەیە، کە زانیاریەکانمان لەسەر زمان هەندێ کەرەستەی ناوەکی بۆ دارِشتنە سینتاکسیەکان لەخۆدەگرێت، بێگومان پێگە فەرهەنگیەکان (Lexicalist position). لەگەڵ داواکاریەکی تری بەهێزتری بونیادنانی خشتە بنچینەییەکانی بونیادی سینتاکسی یەکدەگرن (برِوانە:32 :Chomsky 1970).

بەمە دەکرێت بوترێت، وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بە پرِۆسەو رِێکارییەکی، جیاواز لە پرِۆسەی سینتاکسی، کە وشەو مۆرفێم بەیەکەوە دادەنێت، هەندێك بەستنەوە یان گرێدانی

پێکهاتە/واتا بەیەکەوە و هەندێك لایەنی تری بەستنەوەی پێکهاتە/بەواتاوە دوای پرۆسە سینتاکسیەکە دەکەوێت.

ئەم سەرەتایەمان بۆ دەرخستنی پرۆسەی کارکردنی فەرهەنگی ئاوەزی خستەڕوو، چونکە داواکارییە فەرهەنگیەکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە ئایا دیاریکردنی سینتاکسی بە ناوەوەی وشە ئاڵۆزەکان پەیوەندی بە شیکردنەوەی وشە ناوەکییەکانەوە نییە.

## 2-1. وشەو وشەدارشتن:

پێناسەکردنی وشە گەورەترین کێشە بۆ تیۆرە زمانەوانییەکان دەنێتەوە بڕوانە (Aitchison1992:50) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پۆلی مۆرفۆلۆجی زمانە کاریگەری بەسەر پێناسەوە دەبێت، بۆ نمونە ئەگەر پێناسەیەك بۆ وشەی زمانی عەرەبی دابڕێژین، کە زمانێکی (ناوگری- داڕێژراو)ە هەمان پێناسە ببەیتە زمانی کوردی یان ئینگلیزی بەربەست و کۆتبەندی فەرهەنگی ڕێگری لێدەکات، چونکە ئەو تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆجیە ڕەنگدانەوەی بۆ ئاستی سینتاکسی دەبێت (بڕوانە:Selkirk1982:114) هەر گفتوگۆیەك سەبارەت بە دارشتنی وشە بێت، دەبێت ئەوە ڕوون بکاتەوە، ئایا یاساکان، یان پرۆسەکە بەسەر وشە، یان مۆرفیمدا جێبەجێدەکرێت.

هەندێك لە زمانەوانەکانی وەکو Aronoff، Selkirk ..هتد پێیان وایە، یاساکانی دارشتنی وشە (Word formation Rules WFR) دەبێت ئەو وشەیەی لەبەردەستدایە وەربگیرێتو گیرەکی بۆ زیادبکەین، هەروەها لەوانەیە گۆڕانێکی دەنگی ( phonological change) بەسەر وشەکە (بنجەکە) بێنێت، ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت، کەوا ئەلۆمۆرفی لێدەکەوێتەوە، کە یاساکانی مۆرفۆلۆجی یان یاسا مۆرفۆلۆجیەکان حوکمی دەکات. (بڕوانەKiparskay1973:7 ) بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا:

بنج + گیرەك ← وشە داڕێژراوی ئەلۆمۆرفی.

لێژ + تر ← لێژتر، فۆڕمێکی ڕێزمانی نوێ دەدات بەوشە بنجیەکە.

↑ ↑

بنج پلەی بەراورد

Allomorph

لێش ← لێژ

↑ ↑

فۆڕمی ڕێزمانی    فۆڕمی فەرهەنگی

ئەم گۆڕانكارییە دەنگییەی لە فۆڕمی بنجی دێتەكایەوە لەژێر دەسەڵاتی یاسا فۆنۆلۆجییەكان كاردەكات، بەڵام بەیاسایەكی فۆنۆلۆجی، كە هەنگاوەكانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

یاساكە:

C ___ / C    C →

خشۆك

| + voiced<br>+voiceless | \|-Fricative\| | +Fricative<br>+voiced |
|---|---|---|
| + خشۆك<br>+ كپ | - گڕ | + گڕ |

لەبەرامبەردا وەكو نۆرەكاری یاسا فۆنۆلۆجییەكە یاسایەكی تری مۆرفۆلۆجی ڕۆڵ دەگێڕێت بەناوی یاسای ئەلۆمۆرفی، بۆ نموونە:

لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو وشانەی بە (Fy) كۆتاییان دێت، سیفەتی (Nominalization) وەردەگرن كاتێك (Fy) دەگۆڕێت بە (Tion).

گیرەكی Nominalization →tion    → fy

Liquefaction    → Liquefy    وەرگرتنی سیفەتی ناو

↑ ↑

شل بوونەوە (توانەوە)    تواندنەوە

بەمەش گیرەكی (Fac,fak/Fic,Fik) شوێنی fy دەگرنەوە، كە بمانەوێت (tion) وەكو پاشگر بۆ بنجەكە زیاد بكەین، بەوە (Fic) و (Fac) دەبنە ئەلۆفۆڕمی گیرەكی (fy)، و یاساكە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

$$\sim Fy \rightarrow \begin{pmatrix} Fic/\text{-}ation \\ Fac/\text{-}tion \end{pmatrix}$$

(fai)

ئەمە لای (Aronoff) بە دیاردەی بڕینەوە (Truncation) ناودەبرێت، کە بریتیە لە یاسایەك کە مۆرفیمێك یان چەند مۆرفیمێك هەڵدەبژێردرێتو لەو نێوەندە داڕشتنە دەریدێنێت، کە دەکرێت شێوەی گشتی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت:

$$[base+A]_X \quad + \quad B$$

$$1 \quad 2 \qquad\qquad 3$$

$$\longrightarrow 1 \quad \emptyset \qquad\qquad 3$$

وەکو داڕشتنی:

فۆڕمی Officiant لە فۆڕمی Officiate

↑ ↑

ڕێوڕەسمی ئاینی وەرگرتنی پۆست

بڕینەوە (te) و دانانی فۆڕمی فۆڕمێکی نوێ (nt) (بڕوانە:Aronoff1981:87).

دەکرێت بوترێت یاساکانی بڕینەوە مەرج نییە لەناو یاساکانی فۆنۆلۆجیدا کاربکات.

## 3-1.بڕینەوەو فۆنۆلۆجی: Truncation and Phonology

مەرج نییە یاساکانی بڕینەوە (ئەگەر یاسای هەبێت) لەیاساکانی فۆنۆلۆجی بچێت، دەکرێت وەکو پرۆسەیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە مەرج نییە لەیاساکانی فۆنۆلۆجی بچێت، کەواتە ئێمە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئایا پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئاست و دیاردەیە چییە؟ بەمە پرۆسەی "بڕینەوە" وەك پرۆسە" یاساکانی داڕشتنی وشە" (WFRs) ناکرێت لەناو یاسا دەنگیەکاندا ڕێکبخرێت، بەپێی بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانەکان، پێیان وایە ئەو کاریگەرییەی دەکەوێتە سنوری گیرەکەکان بەر لەیاسا فۆنۆلۆجیەکان بونیان هەبووە (بڕوانە:Aronoff1981:94).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت یاساکانی بڕینەوە (Truncation) ئازادانە کار لەسەر گۆڕانکاریە دەنگیەکان دەکات، بەڵام دەکرێت دواتر پابەندی هەندێك یاسای فۆنۆلۆجی بکرێت، یان یاسای سەربەخۆی بۆ دابڕێژرێت، ئەو میکانیزمەی بۆ "بڕینەوە" داڕێژراوە شتێکی نامۆ نییە، شتێکی دەرکەوتووی وا لەزمانی ئینگلیزی سەبارەت بە (Truncation) ئەنجام نەدراوە،

هەندێك كاری كەم نەبێت لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجی زمانی ئینگلیزیدا، زۆربەی هەوڵەكان لەبواری ئەدەبدا ئەنجام دراون.

زۆربەی ئەو دیاردەیە كە لەزمانی ڕوسیدا قسەی لەسەركراوە، لەهەمان میكانیزمی زمانی ئینگلیزی نزیكە، (Isacenko) گفتوگۆیەكی وردی لەسەر زمانی سەبارەت بەو دیاردەیە ئەنجام داوە، كە تیایدا پاشگرەكان دووبارە دەبنەوە.

$$\{ov\}_1 + \{ov\}_2 \rightarrow \{ov\}_2 : \{survor+ov)+(ov+\#c)\}$$

$$\{(roz+ov)+(ov+at\}$$

ڕۆنانی ئەو نمونەیە ڕوسیە لە ڕۆنانی هەمان دیاردەی زمانی ئینگلیزی دەچێت، بەڵام ڕێگەی شیكردنەوەیان جیاوازە (بڕوانەIsacenko1972:100).

بەبەراوردكردن لەگەڵ نمونەكانی زمانی ئینگلیزی:

X + OV = X + ate

پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی سیمانتیكی نییە، X كە شوێنی بنجەكە دەگرێتەوە دەكرێت بە پاشگرێك دووبارە بكرێتەوە.

(Corbett) نمونەیەكی ڕوونتر بۆ زمانی ڕووسی دەخاتەڕوو، بەڵام ناوی پەیوەندی نێوان بنج (stem) و گیرەكە ڕێزمانیەكان، بەڵام ئەو پێیوایە لە هەندێك باردا دەكرێت گیرەكان هێشتا وردتر بكرێنەوە، چونكە دیاردەو حاڵەتی نوێ دێنێتە ئاراوە (بنج هەڵگری سیمای فەرهەنگی ئەو بنجەیە، كە ناكرێت زیاتر بچوك بكرێتەوە، كاتێك بە كەرەستەیەكی ڕێزمانیەوە دەلكێت) بۆ نموونە:

لە زمانی ڕووسی Komnata ناوێكی تاكە ( ژوور)

كۆیەكەی دەبێتە ← Komnaty (ژوورەكان)

لێرەدا Komnat بنجەكەیە.

a ← نیشانەی تاكە

Y ←نیشانەی ناوێكی كۆیە

بەڵام ئەو دابەشكردن و هەڵوەشاندنەوەیە، چونكە هەزاران ناوی ڕووسی هەیە كە بە (a) ی تاك دەكرێت و بە (y) كۆ دەكرێتەوە بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| Golov-a | یەك سەر | golov-y | سەرەکان |
| Sten-a | یەك دیوار | sten-y | دیوارەکان |

(بڕوانە: corbett2000:137).

لەزمانی کوردیدا ئەو کێشەیە زیاتر لە کۆکردنەوەدا دەردەکەوێت، یاسای سیمانتیکی زیاتر ڕۆڵ لەو مەسەلەیە دەگێڕێت، بەڵام بنجەکە سیما فۆنەتیکیەکەی ناگۆڕێت.

بەهار + ان ← بەهاران

زیاتر کاتی بەهاران نەك کۆی بەهاران بەدەستەوە دەدات.

## 4-1. واتای تایبەتی فەرهەنگ وەکو جێگەی سیمای نامۆ

سەبارەت بە بیرۆکەی فەرهەنگناسی ئەوە دەگەیەنێت کە فەرهەنگی ئاوەزی دەنگ/واتا دەستەبەردەکات، بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ قەبارەی یەکە فەرهەنگیەکان، کەچی سینتاکس ئەو گونجانە دەستەبەر دەکات لە نێوان ئەو پێکهاتانەی لە وشەکانەوە بونیادنراون.

پەیوەندییەکی بەردەوام هەیە، لە نێوان واتای مۆرفیمە ناوەکیەکە (Atomic morpheme) و بەلایەنی کەم لایەنی داڕشتنی وشەکە، کە ڕاستەوخۆ بەئاستی وشە کۆتایی پێدێت، دەکرێت وشە واتایەکی تایبەتی هەبێت وەکو ئەوەی جۆری ڕەگەکان هەیانە، بەڵام لە ڕوانگەی سینتاکسەوە ڕۆنانێك دادەڕێژێت، کە واتایەکی هەیە دەکرێت لە ڕێگەی پارچەکانی ڕستەکەوە پێشبینی بکرێت، یان لە ڕێگەی ڕۆنانی ناوەوەی ڕستەکە (Internal structure)، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونە دەکرێت یەکێك بپرسێت ئەگەر جیاوازی هەبێت لە نێوان واتای تایبەتی فرەیزەکان و ئیدیەمەکان لەگەڵ واتای تایبەتی وشە داڕێژراوەکان بۆ نموونە:

وشەی ئینگلیزی – Transmission – گواستنەوە - فەرهەنگناسی پێشبینی ئەوە دەکات بە واقیع ماناکەی تایبەتە بە وشەکەو پارچەکانی وشەکە نەك تێکەڵەی واتایەکی زاراوەیی بە تێکەڵکردنی دەستە وشەیەك. (بڕوانە Marentz1997:206-207). لەلایەکی ترەوە وەکو Jackendoff پێی وایە دابەشبوونێکی زۆر ورد لەنێوان واتای تایبەتی وشەو واتای تایبەتی فرەیزدا نییەو هیچ هەوڵێکی پەیڕەوبەندی وا نییە، کە دژی ئەم بۆچوونە بسەلێنێت. (بڕوانەJackendoff1996:87).

## 5-1. هاوبەندێتی مۆرفۆلۆجی: Morphological correlates

سەبارەت بەدارِشتنی قەدەکان، بەبۆچوونی (Siegel1974) کە قەدەکان ئەگەر دەرکەوتنێکی سەربەخۆی وەکو وشەیان نەبێت، لەم بارەدا دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

أ- بۆ هەر وشەیەك کە گیرەکی دابڕاوی پێوەلکابێت، ئەو بەشەی وشە، کە بەگشتی، گیرەکەکەی لێداماڵیت ئەو کاتە بە قەد (stem) دەناسرێت، لەو وشانە کە فۆڕمی X able وەردەگرن، ئەگەر X وەکو وشەیەکی سەربەخۆ دەرنەکەوێت، پاشگرەکەش فۆڕمی (X+able) نەك فۆڕمی (X#able) وەربگرێت، ئەوە دروستە بۆ ئەو وشانەی هیچ پەیوەندیەکیان بەهیچ کردارێکەوە (Verb) نەبێت وەکو وشەکانی:

| | |
|---|---|
| ئەگەری هەبوون | Possible |
| بەرگەنەگر | vulnerable |
| لەبارە بۆ شکان | Gerefrangible |
| ترسناك | horrible |

جگە لەم ڕێگەیە، بۆ ئەم وشانەش دەشێت کە پەیوەندیان بە کردارەوە هەیە، بەڵام تەنها لە میانەی ئەلۆمۆرفەکاندا وەکو:

توانای دابەشبوون Divisible / divide بەشکردن

توانای فراوانبوون Extensible / Extend فراوانکردن

یان لە ڕێگەی سڕینەوە – Truncation - وەکو

توانای پەیوەندیکردن Communicable / Communicate پەیوەندیکردن

توانای هێڵکێشان delineable / delineate هێڵکاریکردن

ئەمانە هەمووی لەگەڵ بۆچونەکەی (Siegel) دا دەگونجێن (بڕوانە: Siegel1974:43).

بەمە یاساکە دەبێتە:

سنووری گیرەك + a (هەر قەدێکی وشە)

ب - پێشگری نەفی:

دوو پێشگری دیاری نەفی لە زمانی ئینگلیزیدا بریتین لە #un و "in"+ .

گیرەکی "in"+ بەو ئاوەڵناوانە دەلکێت کە فۆڕمی X+ able وەردەگرن، هەروەها Un#

بەو ئاوەڵناوانەوە دەلکێت کە فۆڕمی X # able وەردەگرن، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، کە هەردوو پێشگری نەفی(un,in) باوترن و زیاتر دەردەکەون، بەڵام زۆرجار ئەلۆمۆرفەکانیان شوێنیان دەگرنەوە، بەڵام یاساکە ڕێگەنادات ئەم دووانە شوێنی یەکتر بگرنەوە، بۆ نموونە:

| type جۆری قەدەکە | +in | #Un |
|---|---|---|
| non lexical stem(+able) | impossible | *unpossible |
| | impalpable | *unpalable |
| At+ | irregulable | * unregulable |
| | Inviolable | ⋆ unvoilable |
| At # | *irregulatable | Unregulatable |
| | *invoilatable | Unvoilatable |
| Allomorphic root +able | imperceptible | *unperciptable |
| | Indivisible | *indivisible |
| Allomorphic root #able | *impercievable | Unperceivable |
| | *individable | Undividable |
| Stress differentiated +able | irreparable | *unreparable |
| | irrevocable | *unrevocable |
| Stress differentiated #able | *irrepairable | Unrepairable |
| | *irrevocable | Unrevocable |

(بڕوانە:Aronoff1981:125-126).

ئەم ئەگەرانە، ڕەواندنەوە بۆ هەندێك لە تەمومژییەکان دەکات، ئەوانەی ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە، بەپێی نموونەکان ئەوە دەردەکەوێت کەوا (+able) لەچاو (#able) زۆر جێگیر نییەو ئەوەی دووەم واتە #able بنچینەیی و بنجی ترە، بەڵام هەندێك جار +able دەخاتە ناجێگیریەوە، بۆ ئەم مەبەستە Aronoff پێشنیاری ئەم یاسایەی خوارەوە دەکات:

#able → + able (optional, obligatory, with non- lexical stems)

## 6-1. ئاستی مۆرفۆلۆجی و ڕۆنانی ناوەوەی وشە:

بەپێی مەودای دەسەڵاتی مۆرفۆلۆجی، کە دەوترێت ئاستی مۆرفۆلۆجی بریتیە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە، ناتوانێت هەموو داواکاریەکانی ئەم ئاستە لەخۆ بگرێت.

لقێکی فۆنۆلۆجی کە بە (phonotactic)، یان ڕۆنانی مۆرفێم ناودەبرێت، کە وابەستەی زنجیرە دەنگێکی ناسراوی زمانێکی دیاریکراوە، بەواتای ئەگەری وشە فۆنەتیکیەکان، واتە ئەگەری دروست بوونی هەیە لە زماندا، ئەمە مۆرفۆلۆجی نییە، مۆرفۆلۆجی وەکو نیشانە یان هێما مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات، نەك مامەڵەکردن تەنها لەگەڵ کۆمەڵە فۆڕمێك، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵە فۆڕمێکی واتادار دەکات، بریتین لە نیشانەی سەرەتایی و ئەمە پەیوەندی بە دوو مەسەلەی جیاواز یان پەیوەندیدارەوە هەیە:

1- شیکردنەوەی وشە ئاڵۆزە هەبووەکان.

2- دروستکردنی وشەی لێکدراو، یان ئاڵۆز (مەبەست لە ئاڵۆز بەستنەوەی زنجیرە دەنگەکانە بە واتاوە) تیۆرێکی یەکگرتووی مۆرفۆلۆجی کە توانای هەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە بکات بەڕێگەیەکی ڕێکبەندی.

بەپێی ئەو پێناسەیەی بۆ مۆرفۆلۆجی دەکرێت، مۆرفۆلۆجی وەکو لقە سیستەمێك لە سیستەمێکی گەورەتر، کە سیستەمی زمانەکەیە، مۆرفۆلۆجی وەکو لقە سیستەم یان لقە تیۆری بەڵام تایبەتمەندی خۆی هەیە، دیارترین لێکۆڵینەوە لەو ئاستە بۆ ڕێزمانی گوێزانەوە دەگەڕێتەوە، کە چۆمسکی (1970) خستیەڕوو. (بڕوانە: Kiparsky1973:34).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا بیخەینە ڕوو، زیاتر ئەو دیاردە مۆرفۆلۆجیەیە کە بریتیە لە دیاردەی داڕشتن و ڕێزمانی زمانەکە، بەراوردکردن و جیاکردنەوەی لایەنی داڕشتن و ڕێزمانی زمان زۆر هەستیارە، لەهەمان کاتدا پەی پێبردنی ئاسان نییە.

مۆرفێمە ڕێزمانیەکان بیرۆکەی "نیشانەی ڕێزمان"ی ڕووت لەخۆدەگرێت، وەکو نیشانەی "کات، ڕێژە، کەس، ژمارە، ڕەگەز، دۆخ...هتد"

بەپێی تیۆری فەرهەنگی لە سینتاکسیدا (بڕوانە: Chomsky1970:7). مۆرفێمە ڕێزمانیەکان لەلایەن گرێی "X" حوکم دەکرێت، بێگومان "X" لەڕستەدا بەرزترین شوێن داگیردەکات (بڕوانە:Siegel1974:48). کەچی لەبەرامبەردا مۆرفێمە وشەداڕێژەکان لەلایەن (X) ەوە حوکم دەکرێت، مۆرفۆلۆجی داڕشتن وابەستەی کەتیگۆری فەرهەنگیەیە.

بەشێوەیەکی گشتی بەپێی فۆڕمالیزمی فەرهەنگی، ئەوە ڕاستە کەوا مۆرفیمە وشە داڕێژەکان لەلایەن مۆرفیمە ڕێزمانەکانەوە دەگرێتە ئامێز، هیچیان ناتوانن ڕیزبەندی ئەوی تریان بشکێنن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وەکو:

پارچەکردن: compart +mental # ize #d

↑ ↑

مۆرفیمی ڕێزمانی مۆرفیمی وشەداڕێژ

لەزمانی کوردیدا:

باخچەوانەکە

باغ (خ) چە وان ەکە

باغ + چە + وان #ەکە

م.وشەداڕێژ م. ڕێزمانی

زمانی کوردیش وەکو مۆرفیمی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی سنوری مۆرفیمە وشە داڕێژەکان دادەخات، هیچیان (نە ڕێزمانی، نە وشەداڕێژ، ناتوانن بچنە کەلێنی ئەوی ترەوە).

مۆرفیمە ڕێزمانییەکان مۆرفیمی ستونین Paradigmatic ئەمەش تایبەتمەندیەتی ئەو جۆرە مۆرفیمانەن.

زمانی ئینگلیزی لەدەرەوەی نموونەی کردارەکاندا (واتە کردارە ناپێوانەییەکاندا) نموونەی جیاواز دەخاتەڕوو، سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

| V | V#S | V#d₁ | v#d₂ | v#ing |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| Sigh | sighs | sighed | (has) sighed | sighing |
| Go | goes | went | (has) gone | going |

مۆرفیمە وشە داڕێژەکان سیمای ستوونی بەهۆی ئەوەی Paradigmatic هەڵناگرن، لەبەرئەوەیە هیچ ناوێزەییەك تێیاندا دەرناکەوێت، بەمەش خۆیان بە نالێکچوونە فۆنۆلۆجیەکان نابەستنەوە، بەڵکو خۆیان بە فۆڕمە سیمانتیکیەکانەوە گرێدەدەن. (بڕوانە:Aronoff1981:2 ).

هەندێك جار دیاردەی ستونی بوون و توانای گەردانكردن كەموكوڕی لێدەكەوێتەوە، چونكە گەردانكردن زۆرجار بەشێك لە فۆڕمە دەنگییەكەی لەدەستدەدات و ناكەوێتە ژێرباری گەردانكردن یان بە خشتەكردنەوە. (Paradigm) بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی و وشەكانی: وەكو

| | |
|---|---|
| مقەست | Scissors |
| شواڵ | pants |
| پانتۆڵ | Trousers |

بەڵام ئەمانە ئەو فۆڕمانەی خوارەوە وەكو تاك وەرناگرێت:

*scissor
*pant
*trouser

لە زمانی كوردیدا لە خشتەكردندا:

(ژین/ ژیان)

ژینگە : بنج + گە

بژێو : ب (فۆڕمی بنجی كرتێندراو) + ێو

ژیار : بنج (فۆڕمی بنجی كرتێندراو) + ار

## 7-1. پرۆسەی وشەداڕشتن

ئێمە لە داڕشتنی وشە و شیكردنەوەی گیرەكەكاندا زیاتر پەنادەبەینەبەر بۆچونەكانی (Scikirk) و (Marentz)، لەپاڵ بۆچوونەكەی (Aronoff)دا پرۆسەكەش لەوەدا دەبێت، كە ئێمە وشەیەك لە زمانی كوردی وەردەگرین، دواتر گیرەكێك یان زیاتری بۆ زیاددەكەین، ئەو تیۆرەی ئێمە قاڵبی ئەوەی بۆ دادەڕێژین، باوەڕی بەوە هەیە، كەوا گیرەكەكان و كەرەستە ناسەرەكیەكانی تری وەكو ئامرازەكان دەروازەی فەرهەنگیمان (Lexical Entry)، دەبێت بەتایبەتی ئەو گیرەكانەی دەچنە سەر كارەكان، لەپاڵ كارەكانیش لەبنەڕەتدا خاوەنی ڕۆڵی واتایین، وەكو كەرەستەی فەرهەنگی بەر لە بەكارهێنانیان لەناو ڕستەدا، ئێمە هەوڵدەدەین دەروازەكان شیبكەینەوە لەدوای ئەنجامدانی داڕشتنی وشەكان، ئەو وشانەی بونیان لە زمانی كوردیدا هەبێت. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا داڕشتنی ئەو وشانە لەزۆربەی زمانەكاندا

گۆڕنکاریەك لە بنجدا بەرهەم دەهێنێت، ئەو گۆڕینی بنجە ئەلۆمۆڕف دروست دەکەن، کە لەلایەن یاساکانی فۆنۆلۆجی یان مۆرفۆلۆجی حوکم دەکرێن.

## 1-7-1. هەنگاوەکانی داڕشتنی وشە

دوای ئەوەی وشە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دەخرێتە ڕوو (ئەمە لە زمانی کوردیدا کردارەکان وەدەردەنێت)، لە کردەی یاساکانی داڕشتنی وشەدا هەروەها پێناسەی یاسایەکی هەموارکردن دەدات، دەکرێت گریمانەی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بکرێت:

1- لە بنچینەدا یاساکانی داڕشتنی وشە و تاکە وشە بە بنج دادەنێت، ئەمە لە وشە سادەکان وەکو ناو، ئاوەڵناو..هتد، بەڵام کە مامەڵە لەگەڵ کردارەکان دەکات، مامەڵە لەگەڵ بنکەی بەند دەکات (Bound base).

2- لە یاساکانی وشە داڕشتندا هەردوو وەرگرتە (Input)و دەرکردە (Output)ەکان بەشێکن لە پۆلێکی سینتاکسی سەرەکی وەکو: ناو، کار، ئاوەڵناو... هتد، وەکو:

[بەرد] ناو + ەڵان ← [بەردەڵان] A

[گەڕان] چاوگ + ۆك ← [گەڕۆك] A

3- لەژێر بنەمای گریمانەکردن بنجی یەکگرتوو (UBH)، کە بەرامبەر بە Base The unitary hypothesis دەوەستێت، لەوەی بنجەکان هەندێکجار لە ئاست گیرەکەکاندا چینەکاری دەبێت، بەواتای ئەوەی هەر بنجەو زەمینە بۆ ژمارەیەك گیرەکی دیاریکراو خۆش دەکات، (بەڵام زمانی کوردی بەپێی مۆرفۆلۆجی زمانەکەی زۆرجار پڕاوپڕ ناتوانێت ئەو بنەمایە جێبەجێ بکات، (بڕوانە: Aronoff1981:47) بۆ نموونە:

~ وو + کار← خەوتوو

~ وو+ ئاوەڵناو ← جوانوو

ئەمانە دەبنە مایەی ئەوەی کەوا، ئەو گیرەکانە جۆرێك لە هاوبێژی Homonymy دروست دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جۆری ئەرکەکەی لە بنجێکەوە بۆ بنجێکی تر دەگۆڕدرێت.

4- تەنیا بنجەکان ئەو سیفەتی تاکبەندییە لەخۆناگرن، بەڵکو چالاکی یاساکانی وشە داڕشتنیش ئەو سیفەتە لەخۆ دەگرن لەوەی WFR ناتوانێت پێشگرێك و پاشگرێك پێکەوە وەربگرێت.

(گریمانەی دوو لقی پێدەووترێت). Binary branching hypothesis، دەتوانرێت لەیەك کاتدا تەنیا یەك گیرەك وەربگرێت، (بڕوانە: Scalise1984:146).

بەڵام دیسانەوە لە زمانی کوردیدا، ئەوە پڕاوپڕ جێبەجێ نابێت، بۆ نموونە:

هەڵ + کەوتنەوە + دوە

پێشگر پاشگر

ئەمانە تاڕادەیەك جگە لە گیرەکەکانی کردار دەکرێت لە داڕشتنەکانی تردا سەربگرێت.

5- بەهۆی ئەوەی یاساکانی داڕشتنی وشە لەژێر دەسەڵاتی یاسای مۆرفۆلۆجیدا کاردەکەن ئەو یاسایە (WFR) بۆ یەك جارەو دواتر بەو فۆڕمەوە لەفەرهەنگی زمانەکەدا تۆماردەکرێت. (صباح رشید2000).

بە پێچەوانەی یاسا سینتاکسیەکان بەبێ ئەژمار لە هەڵوێستی جۆراوجۆردا دووبارە دەبنەوە.

6- پێکهاتەی سیمانتیکی هەردەم ئەوە دەخاتەڕوو، کە لەکوێ یاسا مۆرفۆلۆجییەکان بەرهەمبهێنین، ئەمە لەبەرئەوەی ئێمە دەتوانین لەوشە داڕێژدا، لەرێگەی شیکردنەوەیاندا.

7- بەرهەمهێنانی لەوەدایە، کە پەیوەندیەکان کۆبکەینەوە، پرۆسەکە بەرهەمهێن دەبێت ئەگەر لە ئێستادا بەکاربهێنرێت، نابەرهەمهێن دەبێت ئەگەر لە ڕووی وەسفی و ئێستاییەوە بەکار- نەهێنرێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

~ اوز وەکو پاشگرێك بەرهەمهێن نییە تەنها لەچەند وشەیەکی مێژوویی نەبێت وەکو:

تەڕ + اوز ← تەڕاوز

وشك(هشك) ← وشکاوز

بەڵام گیرەکی وەکو: ~ەوان بەرهەمهێنە وەکو:

دار + ەوان ← دارەوان

شاخ + ەوان ← شاخەوان

شار + ەوان ← شارەوان

بەهەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیدا پاشگری ~ en بەرهەمهێن نییە:

Long ten → lengthen

[long] A + ~en→ [lengthen]v یاساکەی بەم شێوەیەیە

کەچی پاشگری (ation) زۆر بەرهەمهێنە بۆ نموونە:

Modification
Classification

### 2.7.1 : هەندێك تێبینی سیمانتیکی لەبارەی گیرەکەکانەوە

ئەگەر ئێمە گیرەکەکان لە دیوی واتاییەوە لێکدانەوەیان بۆ بکەین، گەلێك تێبینی جیاوازمان لە شیکردنەوەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا یاسایەك هەیە بە ناوی:

Prefix + stem واتە پێشگرەکان + قەدەکان

بۆ نموونە:

Re write = Write again

سیستەمی ژمێرکاری Computational system لە ڕستەسازیدا دەکرێت، بۆ گرێدان و بەستنەوەی گەلێك جیاوازتر بەکاربهێنین بۆ نموونە:

شتی سینتاکسی و ناسینتاکسی، یاسا دەنگییە فەرهەنگییەکان لەبەرامبەر فرەیزەکاندا یان هەر یاسایەکی تری فۆنۆلۆجی لەهەر شوێنێك هەبێت، هەندێك پێکهاتە کە دەکرێت پێشبینی بکرێت و هەندیکی تر پێشبینی ناکرێت، بەمەش سینتاکس یاسابەنددەبێت و فەرهەنگ یاسابەند نابێت. (بڕوانە: D:Sciullo and will iams1987:31).

بیرۆکەی فەرهەنگناسی سەبارەت بەسیستەمی ژمێرکاری فەرهەنگ وەکو ئەم نموونەیەی خوارەوە وێنادەکرێت، لەوەی کەوا هەردوو سیستەمی فەرهەنگی و سیستەمی سینتاکس دەنگ بە واتاوە دەبەستنەوە لە ڕێگەی سیستەمێکی ئاڵۆزی پێکهێنانەوە:




هێڵکاری (2-1)

گومانی شاراوە لەپاڵ بیرۆکەی باو لەفەرهەنگسازی بریتییە لە:

ئێمە هەندێك شت لەبارەی وشەوە دەزانین، کە لەبارەی فرەیزو ڕستە نایزانین. ئەوەی ئێمە لەبارەی وشەوە دەیزانین، وەکو ئەوەی لەبارەی مۆرفیمی ناوکی ( Atomic Morpheme)ییەوە دەمانەوێت بیڵێین .

## 8.1 : پێشەکیەك لەبارەی مۆرفۆلۆجی دابەشبوون:

هەندێك لە فەرهەنگناسەکان پێیان وایە هیچ دەرفەتێکی دەربازبوون نییە لەوەی تیۆرە سیما دیارەکانی ڕێزمان، پێان وایە دابەشبوونی مۆرفۆلۆجی بریتییە لەوەی: کە وشە لە فەرهەنگدا بونیات دەنرێت بە پرۆسەیەکی جیاواز لە پرۆسەی سینتاکس، پرۆسەیەك کە مۆرفێم/وشە بەیەکەوە دادەنێت. هەندێك بەستنەوەی فۆنۆلۆجی و هەندێك ڕۆنان/واتا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەی لەفەرهەنگدا دادەڕێژرێت، هەروەها چێوەڕێژی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە، نۆرەکارییەکی تر دەخاتەڕوو لەوەی کەوا ڕێگەمان پێدەدات، کە ئەوە لەبەر چاوبگرین یان گریمانەی ئەوە بکەین، ئایا ڕێزمان بەبێ گریمانەی فەرهەنگی وەکو چی دەبێت؟ (بڕوانە: Halle&Marentz1993:122).

هەر تیۆرێك دەبێت لیستێك یان زیاتر لەخۆبگرێت لەبارەی کەرەسە نایابەکانەوە، بەوەی کە سیستەمی ژمێرکاری ئەوانە لەیەکەی گەورەتر کۆبکاتەوە. مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە لە فەرهەنگێك سەرچاوە دەگرێت کە ژمارەیەك لیست دابەشکەر (نا- ژمێرکاری) وەکو بەدیلی فەرهەنگ.

ڕۆنانی ڕێزمانی بەبێ فەرهەنگێکی یەکگرتوو دەکرێت وەکو وێنەی ژمارە (1-1) بنوێنرێت.




لیستی ژمارە (1) یان فەرهەنگی تەسك (تەنگ) زۆر بەڕاستەوخۆ شوێنی ئەو فەرهەنگە دەگرێتەوە، کە کەرەستە ئامادە دەکات، کە سینتاکس مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەو

لسیتی(1)ـە ڕەگە ئەسڵیەکانی زمانەکە لەخۆدەگرێت، لەپاڵ ئەو دەستە ناوکانەی سیماڕێزمانیەکان لەخۆدەگرێت.

ئەو مەسەلەی "ئەو درەنگە چوونە ناو یەکە"ی ڕەگەکان لەوانەیە جیاببنەوە لەو مەسەلانەی پەیوەستن بە ڕێکخستنەوەی ڕێزمانەکە.

دەستەیەك لە سیما ڕێزمانیەکان لە ڕێگەی ڕێزمانی سەراپاوە پێناسە دەکرێت لەڕێگەی تایبەتمەندی زمانەکانەوە (لەڕێگەی بنەما گشتی و فراوانەکانی زمانەوە)، ئەو دەستە سیمایانە ئازادانە فۆڕم ڕێژکراون، بەپێی بنەمای داڕشتنەوە، بەمە دەکرێت بوترێت لیستی(1) بەرهەمهێنە (Generative).

لیستی (2) یان لیستی یەکە فەرهەنگیەکان:

فۆڕمە مۆرفۆلۆجیەکان لە گرێیە (Node) لابەلایەکان لە سینتاکسەوە تەرخان دەکات، (بۆ ڕەگەکان لەپاڵ دەستەی سیما ڕێزمانیەکان، هاوکات ڕەگەکان لەگەڵ فۆڕمە فۆنۆلۆجیەکانیانەوە دەردەکەون لەفەرهەنگی تەسکەوە دێن). یەکە فەرهەنگیەکان (Vocabulary) بەستنەوەی یان گرێدانی لەنێوان دەستەیەك سیمای ڕێزمانی و سیمای فۆنۆلۆجی لەخۆدەگرێت، ئەمەش بەو پێناسەیەی پەیوەندی یان بەستنەوەی نێوان گرێ لابەلاییەکان لە ڕێگەی سینتاکس و واقیعە دەنگیەکانیانەوە دەبێت.

یەکە فەرهەنگییەکان بەرهەمهێن نین، بەڵام توانای فراوانبوونیان هەیە، (یەکەی نوێ وەردەگرێت)، بابەتی یەکە فەرهەنگیەکان لە ژێرەوە دەستنیشان دەکرێت بە بەهەندهەڵگرتنی سیماکانی گرێ بەرگەییەکان لە سینتاکسەوە. پێشبڕکێ دەکەن لەسەر ناوزەندکردنیان لەگەڵ کەناریەکاندا. لەگەڵ دەستنیشانکردنی نابنجی گەورە کە ململانێ لەگەڵ سیماکاندا ناکات (بڕوانە:Lieber1992:143).

## فەرهەنگ وەکو پێگەی وشەی (Prosod)کان، یان وەکو یاساکانی فۆنۆلۆجییەکانی فەرهەنگ:

ئەگەر وا دابنێین کە هەر یەکێك بەهەر قەبارەیەك بێت ڕۆڵێکی لە ئاستی دەنگسازیدا دەبێت (فۆنۆلۆجیە ناکەرتیەکان) لەپاڵ ئەوەدا، با وا گریمانە بکەین، کەوا هەر یەکێك وشەیەکی فۆنۆلۆجیە (= وشە) هەروەها لەگەڵ تیۆرێکدا کە هەر کەسێك بیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات، بەتەواوی لەوە تێدەگەین کەوا "یەکەیەکی فەرهەنگ" کە لەڕستەسازیدا پێویستی

پێی هەبێت ئەوا یەکسان دەبێت بە (توخمی فەرهەنگی). لەبەر ڕۆشنایی ئەم گریمانەیەدا فەرهەنگسازی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کەوا: وشە بریتییە لەیەکەیەکی فەرهەنگی، هەندێك یەکەی فۆنۆلۆجی گرنگە لەوەی لەگەڵ یەکەیەکی سینتاکس جووت بێت، هەروەها لەگەڵ یەکەیەکی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی، کەس گفتوگۆ لەسەر ئەوە ناکات، کەوا وشە هاوکاتن لەگەڵ یەکەی فەرهەنگی، بابەتێکی گشتی فۆنۆلۆجی ناکەرتی ئەوەیە کەوا ڕۆنانی سینتاکس لە هیچ کاتێکدا بە ئاستی وشەوە لەگەڵ ڕۆنانە ناکەرتیەکان هاوجووت و هاوتا نابن. ئەوە هەردەم پێویستە کەوا: ڕۆنانە ناکەرتیەکان لە ڕۆنانە سینتاکسیەکانەوە بونیات بنرێت، یان نەخشەی ڕۆنانە سینتاکسیەکان ببرێنە ناو ڕۆنانە ناکەرتیەکان. هەروەها یەکەی فەرهەنگی مەرجە وشەی فۆنۆلۆجی بێت (وشەی فۆنۆلۆجی: ئەو وشەیەیە چۆن دەدرکێندرێت وا بنوسرێت). ئەوانە هەردەم وەکو یەکەی فەرهەنگی لەکارکردندا دەبن، تاوەکو لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵە یاسایەکی فۆنۆلۆجیدا کاربکەن.

یاسا دەنگیە فەرهەنگیەکان، بەلایەنی کەم سیفەتی ئەوە هەڵدەگرن، کە ئەگەری هەڵاوێرکردن و بەکاربوونی فۆنۆلۆجی، بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن، کەوا یەکەی فەرهەنگی هەردەم زۆر بچوکە لەچاو یەکەی فۆنۆلۆجی. (بڕوانە: Haymes1990:85).

ئەم تیۆرە، تیۆری مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی، یان فۆنۆلۆجی فەرهەنگی، هەندێك جار مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی و فەرهەنگیشی پێ دەوترێت، کە بەرامبەر بە ( Lexical Morphology) دەوەستێت، ئەم تیۆرە لە بنچینەدا Paul kiparsky چێوەکەی بۆ دارشتوە دواتر هەندێك لە زمانەوانی وەکو Williams, Silkerk, Radford چێوەڕێژی فراوانتریان بۆ داڕشت، پێداگری تیۆرەکە زیاتر لەبارەی ڕووبەڕووبونەوەی نێوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، دەستەبەری ئەو بۆچوونە دەکات، کەوا یاسا مۆرفۆلۆجیەکان، کە وشەی ئاڵۆز بەرهەم دەهێنن و ئەو یاسا فۆنۆلۆجیانەی کاریگەریان بەسەر ڕێگاکانی داڕشتنی وشەوە دەبێت، وەکو هاوواتا دەردەهێنرێن، ئەمانە هەموویان لەفەرهەنگدا دەبینرێن، کاتێك لە دوو ئاست یان دوو پایەدا ڕێك دەخرێن، هەر پایەیەك لەوانە دەستەیەك یاسای فۆنۆلۆجی یان مۆرفۆلۆجی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

ئەم پایە و ئاستانە بەشێوەی هەرەمی لەفەرهەنگدا ڕێکدەخرێن، وەکو پایەکانی (1 و 2 ) یەکێك لە وردبینی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کەوا وشە یان مۆرفیم دەبنە کلیلی شیکردنەوە مۆرفۆلۆجیەکان، کە لەسەر بنچینەی وشەی مۆرفۆلۆجی کاردەکات.

**مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی دووجۆر یاسای فۆنۆلۆجی لەیەکتر جیادەکاتەوە:**

1- ئەو یاسایانەی لە فەرهەنگدا کاردەکەن، یان لەگەڵ فەرهەنگ کاردەکەن و پێیان دەوترێت یاسا فەرهەنگیەکان.

1- ئەو یاسایانەی لەدەرەوەی فەرهەنگ کاردەکەن پێیان دەوترێت یاسا پاش فەرهەنگیەکان، ئەمانەش لەژێر دەسەڵاتی یاسا سینتاکسیەکان کاردەکەن، یاسا فەرهەنگیەکان لەگەڵ وشەدا کاردەکەن، بریتین لەو ڕۆنانەی کە بۆ پاراستنی سوڕگەری و هەڵاوێردکراوەکان، کەچی پاشفەرهەنگەکان لە میانەی وشەکانەوە کارا دەکرێن، سوڕگەرو خود سوڕگەر نین، هەڵاوێردی ئازادن. (بڕوانە: Katamba1993:106).

## 9.1 : پایە یان چینکاری فەرهەنگی Lexical Strata

**جۆری گیرەکەکان:**

مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی گریمانەی ئەوە دەکات، کەوا فەرهەنگ ڕۆنانێکی هەڕەمییە، لەدوو دەستە (یان زیاتر) ڕێکدەخرێن، وەکو چینکاری دوو ئاست یان پایە ئاماژەی پێدەکرێت، هەر چینکاریەك، دەستەیەك لە گیرەکەکان لەخۆ دەگرێت (بڕوانە: Mohanan1986:2).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا فەرهەنگ لە دوو ڕیزبوونی چینکاری پێکدێت.

بەپێی بنچینەی ڕەفتاری فۆنۆلۆجی بنەماکان، (بۆ نموونە: زمانی ئینگلیزی) دابەشی سەر دوو جۆری فراوانی گیرەکەکان دەبێت.

جۆری (بێلایەنگر neutral) و (لایەنگیر non- natural) جۆرە بێلایەنەکان هیچ گۆڕانکاریەکی فۆنۆلۆجی لە بنجەکان دروستناکات، کە کاتێك ئەو گیرەکانە بەو بنجانەوە دەلکێن، کەچی جۆری گیرەکە لایەنگیرەکان، کاریگەری بەسەر ڕۆنانی فۆنۆلۆجی بنجەکانەوە دەبێت، سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی بۆ جۆری یەکەم دەکرێت هەندێك لەو نموونانەی خوارەوە بخەینە ڕوو، سەبارەت بەهەردوو پاشگری (Ful) و (less) کە بەبێلایەنی هیچ گۆڕانکاریەکی دەنگی بەسەر بنجە پێکەوە لکاوەکاندا ناهێنێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| خەمبار | Sorrowful | خەم | a -Sorrow |
| سوپاسگوزار | grateful | سوپاسگوزار | grate |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لەبیرکەر | forgetful | لەبیرچوون | forget |
| دەفر، دەلو | bucketful | دەلو (سەتڵ) | bucket |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بێ بۆن | flauorless | بۆن و بەرام | b -flauor |
| بێ ئامانج | aimless | ئامانج | aim |
| لانەواز | homeless | ماڵ | home |
| تاکو کەمتریش | evenless | تاوەکو | even |

لەزمانی کوردیدا جۆری یەکەمیان زیاتر چالاکەو دارشتنی زۆرترە هەرچەندە پێویستی بە لێکدانەوەی وردترە، بۆ نموونە:

ئاگر ئاگردان

باخ باخچە

شوێن شوێنەوار

دار دارستان

پاشگرەکانی (دان، چە، ەوار، ستان) زیاتر شوێن نیشان دەدەن، (بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1977: 54).

ئەمانەی سەرەوە هیچیان گۆڕانکاری فۆنۆلۆجی لە بنجە وشەکە ناهێننە کایەوە.

دەستەیەکی ترمان لەو پاشگرانەی جۆری یەکەم هەیە، کە زیاتر چەمکی بچووکردنەوە هەڵدەگرن وەکو:

جام جامیلکە (جامێلکە، جامولکە) بەپێی زاراوەکان دەگۆڕدرێت.

ئاسك ئاسکۆڵ

هەندێك جار دەستەیەك لە گیرەکەکانی وەکو ic ~ و ee~ شوێنی هێزەکە دەگۆڕن، بەلەبەرچاوگرتنی بنجەکە بەمەش گیرەکەکان لە پێوەلکانیاندا بێلایەن ناوەستن، بەڵکو لایەنگر دەبن.

ئەو گیرەکە ئاوەڵناویە هێز لەسەر بەشی دواوەی وشەکە دەبێت (ic ~) لەو جۆرەیە، کەچی گیرەکی ناوی (ee~) دەبێتە گیرەکی خودکاری – auto stress هێزەکە بنجەکە بۆخۆی دەکێشێت، بۆ نموونە:

گیرەکی (ic~) ئاوەڵناوی

| | |
|---|---|
| `Democrat | demo`cratic |
| `Morpheme | mor`phemic |
| `Photograph | photo`graphic |
| `Strategy | stra`tegic |

**بەڵام سەبارەت بە گیرەکی (ee~) ی ناوی سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **نەهاتوو** | absent`tee | absent` | **نەهاتوو** |
| **گیراو** | detai`nee | de`tain | **گلدانەوە** |
| **وەرگر، سودمەند** | pa`ynee | pay` | **دان** |

**لەپاڵ ئەوەی گیرەکەکە دەبێتە مایەی گۆڕینی شوێنی هێزەکە، لەهەمان کاتدا دەبێتە مایەی گۆڕینی شێوەی نەبزوێنەکە لە بنجدا بۆ نموونە:**

| **نوسینی فۆنۆلۆجی** | **نوسینی فۆنۆتیکی** | **نوسینی فۆنۆلۆجی** | **نوسینی فۆنۆتیکی** |
|---|---|---|---|
| Face | /feis/ | facial | /feisi/ |
| Deep | /di:p/ | depth | /depѲ/ |
| Event | /ivent/ | eventual | /ivesuʃual/ |

(بڕوانە: Chomsky and hall1968:163).

**سەبارەت بەو گۆڕانکاریەی لەشێوەی بنجەکەدا ڕوودەدات، بۆ نموونە لە گۆڕینی (face) وەکو بنج بۆ وشەیەکی داڕێژراو بەمانای (دەموچاو جوانکردن) بنجەکە(e) لەدەست دەدات گیرەکی (ial) شوێنی دەگرێتەوە، یان لە نموونەی (deep)دا کە پاشگری (th) ی دێتەسەر لە ناوەوەی بنجەکە (dep ←deep) گۆڕانکاری لەدەست دەدات.**

**سەبارەت بە زمانی کوردی مۆرفیمی وشە داڕێژەکان سەرپاکیان لە زمانی کوردیدا سەرەی وشە ئاڵۆزەکە پێك دێنن و هەرچی تایبەتمەندی خۆیانە سەری دەخەن، بۆ هەموو وشەکە، واتە ئەگەر ئەمان ناوبن، ئەوا وشە ئاڵۆزەکە دەبێتە ناو، سەرە بە زۆری لای چەپ دەگرن، بەڵام هەندێکیان بەلای ڕاستدا دێن، وەك لەم هێڵکاریانەدا دەیبینین:**




**(بڕوانە: صباح رشید2000: 62-63).**

**سیمایەکی تری گرنگی مۆرفیمی وشەداڕێژ لەکوردیدا ئەوەیە کە بەزۆری بەهێزن، واتە هێزی سەرەکی وشە ئاڵۆزەکە بۆخۆیان ڕادەکێشن، هەروەها ئەگەر دوانیان بچێتە سەر یەك بنچ، ئەوا ئەوەی دووەم بنجەکە ڕادەکێشێت.**

**١- هو.نەر (وشەی سادە) بێلایەن دەوەستێت، بەڵام لەسەر یەك بڕگە بوو**

**٢- هو.نەر.مەند (وشەی ئاڵۆز).**

**٣- هو.نەر.مەند.ێتی (وشەی ئاڵۆز، دوو پاشگری وشەداڕێژ). (بڕوانە: Fattah,M.1997: 53).**




ئەگەر وشەکە دوای وەرگرتنی پاشگرەکان و ئالۆزبوون بخرێنە بەر شیکردنەوەی هێز، ئەوا دواجار (ێتی) هێزی هەموو وشەکە بۆخۆی ڕادەکێشێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

هو:

هونـــەر

هونەرمـــــەند

هونەرمەندێـــتی

بەهەمان شێوە لەگەڵ وشەی "خاوەندارێتی"

خاوەن

خاوەنـــــداری

خاوەندارێـــتی

سەبارەت بە خاڵی دووەم ئەو جۆرە وشانەی کە کاردەکەنە سەر گۆڕینی سیماو شێوەی بنجەکان لە زمانی کوردیدا، زیاتر بۆ ئەوە دەچێت، دەنگێك بۆ بنجەکە زیاد دەکات:

نێرگز + جاڕ ← نێرگز + ە + جاڕ

(شوێن) ↗ بۆ فراوانکردنی بنکەو دابڕینی هەردوو دەنگی گڕی /ز/ و /ج/ دەبێت.

بەرد + ە + لان (ئەمەیان بۆچوونی ئەوەی لەسەرە کە لەبەرامبەر (land)ی زمانی ئینگلیزی وەستا بێت و گۆڕانی دەنگی بەسەردا هاتبێت، دیسانەوە بۆ ڕێکخستنەوەی سنووری نێوان بنج و گیرەکەکە (ە) ی بۆ زیاد دەکرێت.

ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد ئەوە لە هەندێك لە زارەکان جوانتر و ڕوونتر دەردەکەوێت، بۆ نموونە (~ چی) کە زیاتر لە پاشگرێکی تورکی دەچێت، بەلام کەوتۆتە ناو زمانی کوردیەوە.

چای چایچی

چایە چایەچی

مەلەکردن + ~ وان مەلەوان

بەهەمان شێوە ئەو قالبە فۆنۆلۆجیە دەچێتە سەر زۆر بنجی تری وەکو:

بەرخ، دار، بزن ...هتد

بەلام ڕۆلی واتایەی (وان) لە مەلەوان، لەگەل ڕۆلی واتایی (وان) لە بەرخەوان جیاوازە.

دوو دەروازەی فەرهەنگی جیاوازیان دەبێت:

1- وان: زانین.

2- وان: بەخێوکردن دێت.

ئەم جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە گیرەکانە وەنەبێت تازە بێت بەلکو پێشتر وەکو: گیرەکی سەرەکی و گیرەکی لاوەکی باسکراون، لەبەرامبەر گیرەکی بێلایەن – neutral و لایەنگیر non-neutral دەوەستن، جیاوازی لە نێوان ڕەفتاری ئەم دوو جۆرە گیرەکە "بێلایەن و لایەنگیرە"انە بەناوی هێزی سنورەکان strength of boundary لای چۆمسکی و هال باسکراوە، (1968) ئاماژەیان پێکردووە، پاشگری بێلایەنی وەکو ic~ و ee~ یان th~ کەپێشتر نموونەمان بۆ هێناونەتەوە وا لەسەری ڕێککەوتون بە نیشانە ،+، هێما بکرێن ئەمانە بە سنوری بەهێز ناودەبرێن: وەکو

زۆر ورد Imprecept + table

کەچی سنوری لاوازەکان بە ، # ، هێماکراون.

وەکو لە نموونەی:

Unregulatable کە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکدەخرێن:

(بڕوانە: Kiparsky1982:5 ). Unregulat $e_x$ table

لەمۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا گریمانەی ئەوە دەکات، کەوا ڕەگ (بنج) و گیرەکەکان بەیەکەوە بڕیار لەسەر چینداری Strata یە فەرهەنگیەکە دەدەن. (بڕوانە: Goldsmith1990:162 ).

لەخستنەڕووی قاڵبە دەنگییەکانی زمانی ئینگلیزیدا، گیرەکە لایەنگیرەکانی زمانی ئینگلیزی (non-neutral) لەگەڵ (+boundery) یەکدەگرنەوە، کەچی گیرەکە بێلایەنەکان (neutra affixes) لەگەڵ (#boundary) یەکدەگرنەوە.

ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ هەمان ئەو بیرۆکەیەی witney1935, bloomfild1889 خستیانەڕوو بەناوی گیرەکی سەرەکی و لاوەکی دەکرێت لەو دوو ستوونەی خوارەوە جیابکرێنەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| لاوەکی | Secondary | سەرەکی(سەرەتایی) | primary |
| # سنوور | #boundary | +سنوور | +boundary |
| بێلایەنی | neutral | لایەنگیر(بێلایەنی) | non-neutral |
| زمانی ئەڵمانی | Germanic | زمانی لاتینی | Latinate |
| بەهێز | strong | لاواز | weak |

(بڕوانە: Katamba1993:91 ).

لە زمانی کوردیدا هەندێ لە پێشگرەکان کاریگەریان بەسەر ڕەگ و بنجەکانەوە هەیە: سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

پێشگری (~ ڕا)

ڕا + خستن ⟵ ڕایەخ.

کە دەکرێت بنجی خستن بە (+boundary) یان لاواز لەقەڵەم بدرێت گیرەکەکە بەسەرەکی (Primary) ناوببرێت و بەو شێوەیەی خوارەوە بنوێنرێت:

ڕا + خستن ڕایەخ (ناوی کار) (subsentive) (verbal noun)

لەزاری سۆرانی بۆ ئەو قاڵب و چێوەڕێژە (ڕاخەر) بەکاردێت، بەڵام لێرەدا قاڵبە داڕێژراوەکە دەبێتە:

ڕا + خ + ەر

↑ ↑ ↑

پێشگر ڕەگ(بنج) پاشگر

ڕەگەکە لەلای ڕاست و چەپییەوە کاریگەری گیرەکەکانی کەوتۆتە سەر و سنورەکەیان لاواز کردووە.

جۆرێکی ترمان هەیە، لە سنووری لاوازی، بەڵام دەکەونەبەر کاریگەری یاسا فۆنۆلۆجیەکان و یاساکانی داڕشتنی وشە (WRF) کە داتاشینە دەنگیەکە هاوسنوری گیرەکەکان نابن، بۆ نموونە:

بەر + چنین

بەر + چن + ە

پێشگر ڕەگ مۆرفیمی وشەداڕێژێکی تر

بەرکوتان:

بەر + کوت. (بۆ نموونەکان بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف1977: 65).

## 10.1 : چەمکی بلۆککردن لەفەرهەنگدا و حوکمکردنی فەرهەنگی:

سەرەتا دەبێت لەچەمکی حوکمکردنی فەرهەنگی تێبگەین، هەر وشەیەك کە ملکەچی حوکمی یاسایەکی فەرهەنگی بێت، دەبێت بچێتە ژێر باری نیشانەیەکی بەخورتی کە دەبێت نیشانەکە R1+ یان R1- بێت.

بەمەش هەموو لیستەکان بچنە ناو ئەو لیستەی ئێمە ئاماژەی پێدەکەین، ئەو لیستە چییە؟ کاندیدی زۆر ڕوون بۆ ئەو لیستە فەرهەنگ خۆیەتی، بەو جۆرەش سەیری فەرهەنگ دەکرێت کەوا حەشارگەو عەمباری هەموو کەرەستە بەخورتیەکانی ڕێزمانە، بەمەش ئەو کەرەستانە دەبنە وشە داڕێژراوەکان، دەکرێت بووترێت، کەوا وشە هەڵوێرکراوەکان ئەوانەی بەلایەنی کەم یەکێك لە سیما جیاوازەکانی بچێتە ناو فەرهەنگەوە، ئەمە ئەوەی بەدوادا دێت کەوا:

ity + هەموو ئاوەڵناوەکانی بەقاڵبی x ous دادەڕێژین و دەبێت بچێتە ناو فەرهەنگەوە، هەروەها ئەمەشی بەدوادا دێت کەوا:

ness# دادەڕێژی، دەرکەوتوو، کە بەهەر ڕێگەیەك هەڵوێرکرابێت ناچێتە ناو فەرهەنگەوە.

بۆ باری یەکەم:

| | X ous | nominal | + ity | # ness | |
|---|---|---|---|---|---|
| جیاواز | varios | * | varity | variousness | ناجیاواز |
| ڕەفتاری نامۆ | curious | * | curiosity | curiosness | |
| وەحی | fallacious | fallacy | *fallasity | fallaciousness | |
| سەرسەخت | tenasious | * بەهەڵەچوون | tenacity | tenacsiousness | |
| | | | خۆبەستنەوە | پێداگری | |

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەو ناوانەی بە (ity+) دادەڕێژرێت بلۆکدەکرێت و ناتوانێت پاشگری (ness) وەربگرێت، کەچی ئەو ناوانەی بە (ness#) دادەڕێژین بلۆك ناکرێت، ئەگەر پێشتر بە x ious داڕێژرابن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

*varity → varityness

Various → variousness

لە زمانی کوردیشدا نموونەی لەم چەشنەمان هەیە و لە نێوان بەشە ئاخاوتنەکاندا زیاتر سیماکانیان دەردەکەون، بۆ نموونە: لەناوێکی وەکو (هێز)دا دەکرێت بە پێشگری (بێ) دابڕێژرێت، بەڵام دواتر ناتوانین پێشگری (نا) ی بۆ زیادبکەین.

بێ هێز ←* نابێ هێز

چونکە (بێ هێز) لە فەرهەنگدا بلۆککراوەو چۆتە فەرهەنگەوە.

نە + مردن ← نەمر بلۆکدەکرێت بەرامبەر نا بۆیە

*نانەمر بلۆکدەکرێت لەداڕشتن.

کەچی وشەیەکی داڕێژراوی وەکو"بەرهەمهێن" کە ئاوەڵناوە و بەرامبەر (نا) بلۆك ناکرێت.

نابەرهەمهێن :

سەبارەت بە پێشگری "نە"

نە + وەستان + و

نەوەستاو

نەخنکاو

گەر بمانەوێت بزانین کەوا فەرهەنگ تاکو چەند کاریگەری بەسەر دەقبەستی سیمانتیکیەوە هەیە، ئەو کاتە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەین، کەوا تەنیا ڕاستیەکە واتایەکی

سیمانتیکی ڕەگی سەرەکی ئەو کاتە ڕازی دەبین بەوەی کەوا داڕشتنی ئاوەڵناوبە (+ity) لە فۆڕمی xious دەکرێت لە فەرهەنگدا لیست بکرێت، هۆکارەکەی بۆ سیمانتیك ناگەڕێتەوە، هەروەها ئەوە دەبێتە بەڵگە، کەوا مەرجی یەکەم لەلادانی سیمانتیکی semantic drift، ئێستا دەگەین پێی، تەنیا بەردەوامبوون، دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت لەگەڵ لقەپۆلی بچوکدا لە (xous)ی ئاوەڵناویدا لە خۆوە نییە، ئەوانەی بە فۆڕمی (xvcious) دەردەکەون، پێویست بەوە ناکات کەوا بچنە ناو تاکە داڕشتنی فەرهەنگەوە، هەروەها پێشبینی ئەوە ناکرێت، کە ئەوانە لەیاسا لابدەن، ئەو پێشبینیانە لە زانیاریەکانەوە بەدەست دێن.

سەیرکردنی لیستی لادانە سیمانتیکیەکان، کەمکردنەوەی بەرهەمهێنن، ئێمە دەکەوینە ناو کێشەیەکی کارەکی و ڕوبەڕوی فۆڕمەکەی دەبینەوە، جاری یەکەم پۆلێك لە ڕووی سیمانتیکیەوە (ناچەقبەستە – incoherence) دەبێت لە میانەی لادانە سیمانتیکیەوە، بەمەش واتای گیرەکەکان پەیوەندی وەکو ئەوەی بڵێی بەدابەشبوونەکەیەوە دەبێت لەگەڵ واتاکە وەکو فۆڕمی تاك گیرەکی توانای ئێمە لە پێشبینی کردنی فۆڕمە نوێیەکە، لەوانەیە لەڕێگەی واتا لەخۆوەکە کە فۆڕمی لیستەکەدا هەیە، بەمەش لیستەکە کاریگەری بەرهەمهێنی دەبێت لە ڕێگەی پەیوەندیە سیمانتیکیەوە.

پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان لیستی فەرهەنگی و بەبەرهەمیدا هەیە کلیلی ئەو پەیوەندیەش لەڕێگەی دیاردەی بلۆککردنەوە blocking دەبێت، بلۆککردن بریتییە لە دەرنەکەوتنی فۆڕمێك کە بۆ دەرکەوتنێکی ساکاری یەکێکی تر، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئێمە دەیبینین لە قەدێکی دراودا هەردوو فۆڕمی ئاوەڵناوی xous و پەیوەندی سیمانتیکی ناوی نابەرجەستە، ئەمە نائەگەر نییە بۆ دروستکردنی فۆڕمیity + فۆڕمی ئاوەڵناوی (xous) دابڕێژرێت. (بڕوانە: Strauss1982: 143).

## 11.1 : سیماو تایبەییەکانی دەستەی یەکەم و دووەمی گیرەکەکان:

### 1.11.1 : تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆجیەکان:

دەکرێت لەنێوان دەستەی یەکەم و دووەمی گیرەکەکاندا بەراوردێك بکەین، لەمیانەی ئەو بەراوردکردنەوە هێڵە دروستەکانی جیاوازی نێوان ئەو دوو دەستەیەوە بپێکین، هەرچەندە ئێمە بەشی دووەم و سێیەمی ئەم نامەیەمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە بۆ شیکردنەوەی گیرەکە کوردییەکان، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونی ناوە ناوە لە پاڵ چێوە تیۆریەکان کە زیاتر زمانی

ئینگلیزی دەستەبەر کراوە، نموونە بۆ زمانی کوردیش دەهێنرێتەوە، بۆ بەرچاوڕوونی و گەیشتن لە ئەسڵی تیۆریەکە، گەر تێبینی ئەوە بکەین ڕیزکردنی چینداری یان پایەداری لە فەرهەنگدا ڕەنگدانەوەی بەسەر پرۆسەی یاساکانی داڕشتنی وشە دەبێت، گیرەکە سەرەکیەکانی (ic~) لە وشەی (phonemic) دا، وەلەڕووی فۆنۆلۆجیەوە (بێلایەن نییە ـ non-neutral) بەو بنجانەوە دەلکێن کەلە چینی (1) ن.

بەڵام پرۆسەی لێکدان لەپاڵ ئەوانەی کەبەگیرەکەکانی چینی دووەمەوە دەلکێن، وەکو (ly) وەکو لە نمونەی (Widely) ئەمانە لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە (بێلایەنن – neutral) بۆیە ڕەفتارەکانیان لە چینی دووەم ئەنجام دەدەن.

ڕەگی دانەڕێژراو وەکو ڕەگی بنجی وان (Kerenelroot) یان وشەی بنجی وان، چینی(1) ڕەگەکان وەکو بنکە وەردەگرن، بۆ ئەوەی لە گیرەکە بێلایەنەکانی پێوە بلکێن، سەیری ئەو یاسایانەی خوارەوە بکە:

A – [roo]
B – [$S_1$ affix [root] $s_1$ affix].
C – [$S_2$ affix [$S_1$ [root]$S_1$ affix] $S_2$ affix]

$S_1$و $S_2$ لەبری Stratum واتە چینی (1) و چینی (2) دەوەستن، یاساکە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کەوا ئەگەر گیرەکەکانی چینی یەکەم بە بنجەکانەوە بنوسێن وەکو:

Mendel mendel ~ ian [$S_1$]

هیچ گرفتێك دروست ناکات، بەڵام کاتێك کە گیرەکی هەردوو چینەکە بەیەکەوە دێن، دەبێت یاسای (2) دەستەبەر بکرێت وەکو ئەو نموونانەی خوارەوە:

یاساکە: [root] [ $S_1$] [$S_2$]

| ڕەگ | چینی1 | چینی 2 |
|---|---|---|
| Mendel | - ian | - ism |
| Mongol | - ian | - ism |
| Grammer | - ian | - ism |

ئەم نموونانەی سەرەوە پەیرەوی یاساکە دەکەن، بەڵام ئەم نموونانەی خوارەوە لە یاسای ڕیزبوونی فەرهەنگی چینەکاندا دەردەچن، واتە ئەم یاسایە لە فەرهەنگدا ڕێگەی پێ نادرێت:

[[[root]$S_2$][$S_1$]]

| | | |
|---|---|---|
| Mendel - | ism- | ian |
| Mongol - | ism- | ian |

Grammer- ism- ian .(Katamba1993: 93 :بڕوانە)

**لە زمانی کوردیدا ئەگەر هەردوو پاشگری (~ ەلان) بۆ شوێن و (~ ی) بۆ سیفەت ئاماژەدان یان سەرپێیبوون، گەر گیرەکی یەکەم لە چینی (1) و گیرەکی دووەم بە چینی (2)دا بنێین ئەوا یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

[[[ڕەگ]   [چ1] [چ2 ]

[[[ بەرد]  [ەلان] [ی]

**شوێنێکی بەردەڵانی**

**بەڵام یاسای:**

*[[[ ڕەگ]   [چ2 ]   [چ1 ]   **ناگونجێت**

[[[بەرد]   [ی]   [ ەڵان]

**بەڵام یاسا زیاتر لە نێوان گیرەکە ڕێزمانی و داڕێژراوەکان ڕوونتر دەردەکەون، و لە فەرهەنگدا چینەکانیان لە دوو چاڵی جیاوازن:**

**بەردەڵان ← بەردەڵانان**

**هەندێك جار (ان) وەکو گیرەکی وشەداڕێژیش دەردەکەون، دۆڵی خۆشناوان (ان) وەکو وشەداڕێژ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام**

***خۆشناوەتی + ان**

***خۆشناو + ەتی + ان**

$* \; S_1 + S_2$

**ئێستا دەگەڕێینەوە سەر بەراوردکاری مۆرفۆلۆجی نێوان چینی (1) و چینی (2) لە مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا.**

**1- چینی (1) دەتوانێت بە بنجی (نا – وشەییەوە) بلکێت، ئەمە زیاتر ڕەگی کردارەکان دەگرێتەوە، وەکو:**

**گەڕ + ~ ۆك ← گەڕۆك لەزمانی ئینگلیزیدا** re-duce **واتای نییە.**

**گەڕ + یدە ← گەڕیدە** (بڕوانە: Ahmed2007: 9).

**کە چینی دووەم هەردەم بە بنجی وشەییەوە دەلکێ.**

2- تیۆرەکە پێشبینی ئەوە دەکات کەوا گیرەکەکانی چینی (1) داخراوترن بەرامبەر بە ڕەگەکان واتە لە سروشتدا لە ڕەگەوە نزیکترن، لەچاو چینی (2).

بەواتایەکی تر گیرەکەکانی چینی(1) دەکەونە ئامێزی ناوەوەی ڕەگەوە، (inter)، کەچی چینی(2) دووەم دەکەوێتە دەرەوەی ئامێزی ڕەگەکانەوە بێگومان لەبوونی چینی (1) دا:

| | | |
|---|---|---|
| Grammar | ian | ism |
| Root | $S_1$ | $S_2$ |

(بڕوانە: siegel1970: 76)

ئەمەش چینی (2) لە ڕیزبووندا ناتوانن لە پێش چینی(1) ەوە بێن، گەر نموونەکەی سەرەوە لە ڕووی وەرگرتنی گیرەکەکانەوە پێچەوانە بکەینەوە، ئەوا مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی پەسەندی ناکات.

Grammar ism ian

3- گیرەکەکانی چینی(1) ڕێگە بەوە دەدەن کەوا ئەلۆمۆرف لە هەمان چینی یەکەم بۆ خۆیان دروست بکەن، بۆ نموونە:

Nominate > nomin ~ee

Of

Simplify > Simplific - ation

**لێرەدا تێبینی دوو خاڵ دەکرێت: سەبارەت بە پۆلی(1)**

أ- دەستی گیرەکەکان والآدەکات، کەوا ئەلۆمۆرف بۆخۆیان دروست بکەن، ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت trigger allomorph.

ate > ee

ئەلۆمۆرفن

ب- دیاردەی بڕین tranction ئەنجام دەدات، واتە چینی (1) ی گیرەکەکان هەندێك لەدەنگەکان دەپچڕێنن بۆ نموونە:

Simplify → fic → fication

دەبن بە ئەلۆمۆرفی یەکتر. (Aronoff1976: 75).

ئەوەی پێویستی بە گوتنە، کەوا دیاردەی دووەم دەبێتە مایەی دروستکردنی ئەلۆمۆرفەکان لە گیرەکەکاندا، چونکە لەناوبردنی دەنگەکان ئەلۆمۆرفی لێدەکەوێتەوە، کەچی چینی(2) ی گیرەکەکان ڕێگە بەدوو دیاردەیی نادەن، بۆ نموونە:

Nomi – ate > nomi – at -ed

$S_1$ $S_2$

Simpl –ify > Simpl – ify- ing

$S_1$ $S_2$

نە(at و ed)، و نە (ify و ing) نابن بەئەلۆمۆرفی یەکتری.

## 2.11.1 : تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییەکان:

هەرچەندە ئەو تایبەتمەندییانە بەیەکەوە و زۆر بەخێرایی لەفەرهەنگدا ڕوو دەدەن، بەڵام لەپێناو دیاریکردنی سنوریان بەجیا دیراسەدەکرێن:

1- لەبارەی ئامانجی ئێمە لەبەگیرەککردنی قەدەکاندا، بۆ نموونە لەکاتی زیادکردنی پاشگری org یان acy هەردوو واتاکەی لەوەدایە، کەوا کوالیتی ئەوەیان هەیە، کە دوا بزوێن ( last vowel) لە ڕەگەکە یان بنجەکە دەگۆڕن لە [ei] بۆ [a] وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

a- Verb adjective

| | | | |
|---|---|---|---|
| وەسفکردن | Explain~ | explanator | لێکدانەوەیە (تفسیری) |
| بەدناو | Defame~ | defamatory | بەدناوی |

b- Verb noun

| | | | |
|---|---|---|---|
| سۆزبەندی | intimate | ~ intimacy | سۆزداری |
| پارێزەر | advocate | ~ advocacy | پارێزگاریکردن |

گەر سەیری ئەم نموونانەی پێشەوە بکەین، لە کاتی گۆڕینی کردارەکەدا بۆ ئاوەڵناو بەهۆی وەرگرتنی پاشگری (ory~)ەوە دەنگی (ai) دەگۆڕدرێت بۆ (ə)، بەڵام دوای گۆڕینی ئەو دەنگە بۆ (ə) دوای نەبزوێنی(at) (N) زیاد دەکرێت، ئەمەش وادەکات لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە سنوری دەنگی ڕەگەکە نەپارێزرێت.

لە نموونەکانی (b) دا لە نموونەی (intimate) دەنگی [te] دەگۆڕدرێت یان لادەبرێت بەر لە زیادکردنی پاشگری (acy). (بڕوانە: Dobson1957: 189 ).

2- دەنگی [Ѳ̈] ناکەوێت ئەگەر بەر لە گیرەکەکانی چینی یەکەم هات، دوای دەنگە لوتیەکانی مەڵاشوی نەرم کەوت بۆ نموونە:

Diphtho [ng] – al $s_2$

 Diphthongal

لە زمانی کوردیدا وشەی تەنگەتاو

تەنگەبەر

(نگ) لێرە ناکەوێت بۆ نموونە:

تەنگ ~ [ژە] ⟵ تەنگژە

کەچی ئەو دەنگە لەچینی دووەمدا واتە لەگەڵ گیرەکەکانی چینی دووەمدا کاتێك بەر لەو گیرەکانە دەردەکەون، دەنگی (g) دەکەوێت. بۆ نموونە:

 [ђØ]-$s_s$ Diphtho [ђØ] – $S_2$

3- دەنگە زرینگاوەکان لەپێش چینی (1) ی گیرەکەکانەوە بڕگە ناکرێن، بۆ نموونە:

Remem [br] - ance

بەمە دەبێتە $S_1$

Re/mem/brance

واتە دەنگی [br] دابەشی دوو بڕگە نابن و بەیەکەوە دەچنە سنووری بڕگەیەکەوە لە زمانی کوردیدا.

وشەی دەنگی [در] بر/درا/ وە.

کەچی چینی (2) ی گیرەکەکان ئەو دوو دەنگە لێك دەترازێنێت، بۆ نموونە:

  Remem [bₔr] –ing ($S_2$)

 re/mem/bₔ/ring بڕگەکان دەبنە

4- پاشگری (-y) لە گیرەکەکانی چینی (1) دا ڕێگە بە داخزانی دەنگ دەدات (Spirantization) بۆ نموونە:

democra[t] .... Democra[s]-$y_1$

گۆڕانی دەنگی (t) بۆ[c] بەر لە زیادکردنی پاشگری (y).

بەلاّم چینی (2) ی گیرەکەکان ئەو دیاردەیە بلۆك دەكات، و بواری داخزانی دەنگەکەی پێنادات، بۆ نموونە:

(Ten[d] .... Ten[d]-y₂

لە زمانی کوردی ئەم دیاردەی (داخزانی دەنگ) کە دەنگێك شوێنی دەنگێکی تر دەگرێتەوە. (بڕوانە: طالب حسین2005: 191). زیاتر لە وشە لێکدراوەکاندا دەردەکەون، بۆ نموونە:

دە[س] ت ~ ڕێژ .... دە [ز] ڕێژ. (1).

دە [س]ت کەوت .... دە[س] کەوت. (2).

5- گیرەکەکانی چینی(1) ڕێگە لەدووبارەبوونەوەی دەنگە وەکو یەکەکان دەگرێت و تەنیا ڕێگە بەدەرکەوتنی یەکیان دەدات، زیاتر تیۆرەکە بۆ ئەوە دەچێت دەنگێکی بنجەکە لادەدات و دەیخات، بۆ نموونە:

$In_1$-numerable → i[n] umerable

(-in) لە چینی(1) کە گیرەکەکانە، یەکێك لە دەنگی [n] دەخرێت و دەکەوێت کەچی گیرەکەکانی چینی(2) ڕێگە لەو دووبارە بوونەوەیە ناگرێت، بۆ نموونە:

Un $_1$ –natural → u[nn]atural

هەردوو دەنگی [n]ەکەی ڕەگ و گیرەکەکە دەپارێزرێن.

ئەم دیاردەیە لە بواری مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی پێی دەوترێت (دیاردەی نوشتانەوە) Degemination. (بڕوانە: Katamba1993: 92).

بەلاّم ئەم دیاردەیە لەژێر سایەی گیرەکەکانی چینی یەکەم و چینی دووەم پێی دەوترێت دیاردەی هاپیۆلۆجی کە ئەگەر کۆتبەندی فەرهەنگی نەبوو دەکرێت یەکێك لە دوو دەنگە وەکیەك و هاوسنورەکە لەناو ببرێت، (زاراوەکە لە بواری مۆرفۆلۆجی بەکاردێت، لەسیاقی وەسفی و مێژوویدا بۆ ئاماژەکردن بە لەناوچوونی هەندێك دەنگ لە دەربڕیندا، کە وەکو یەکن و لەپاڵ یەکن....تر مەبەست لە سیاقی وەسفی و مێژوویی ئەوەیە بۆ نموونە لە ئینگلیزی کۆندا Engla land بۆتە England یەکێك لە جووتە دەنگی [la] لەناوچووە. (بڕوانە: سەباح رشید2009 : 36).

ئەم لەناوچوونی دەنگەش لەڕێگەی دوو هۆکارەوە دەبێت:

1- هۆکاری ناوەکی: پەیوەندی بە سیستەمی دەنگی زمانەکەوە و جۆری زمانەکە لە ڕووی مۆرفۆلۆجیەوە هەیە.

2- هۆکاری دەرەکی: لەوانەیە بۆ کەلتوری زمانەکە بگەڕێتەوە. (بڕوانە: Lyons1990: 57).

6- ئەو گیرەکانەی چینی(1)زۆرجار بە یاسای تواندنەوەی دەنگە لووتییەکان تواندنەوە دێتە کایەوە، وەکو:

$In_1$ – possible

I[n] possible → I [mp]ossible

لە زمانی کوردیدا:

بەرانبەر ⟵ بەرامبەر

هاتنی دەنگی [ب] لە دوای [ن] دەنگی [م] دروست دەکات ئەمەش دیاردەی ~ o~ assimilation، کەچی گیرەکانی چینی (2) لەم ڕووەوە ڕەگەکە بلۆك دەکات و بواری ئەو دیاردەی "توانەوە" یەی پێنادات، بۆ نموونە:

$Un_2$~Popular → u[np] opular

لە زمانی کوردیدا بۆ ئەم چینە وشەی

بەفرانبار ⟵ بەفرا[نب] ار.

هیچ گۆڕانێکی توانەوە بەرهەم نایەت.

7- گیرەکانی چینی(1) لەوشەیەکی سێ بڕگەییدا Trisyllabic بزوێنە کرژەکە tense vowel یان بزوێنە درێژەکە دەگۆڕدرێت بۆ بزوێنی خاو lax vowel یان بزوێنی کورت short vowel بۆ نموونە:

Tense [i:] → lax [e]

Superme (adj) supremacy

[ supri:m ] [su`premosi ]

دووبڕگە سێ بڕگە

گۆڕانی دەنگی [: i- یێ] بۆ [ e- ێ]

کەچی لە چینی دووەمی گیرەکاندا لەوشەی سێ بڕگەییدا ئەو بنجە کە بلۆك دەکات بواری ئەو گۆڕانکایەی پێنادات، بۆ نموونە:

m [ai] ght → m[ai]ght – $i_2ly_1$ .(Williams1981: 85 :بڕوانە)

بەواتای ئەوەی بزوێنە کورتەکە بلۆك دەکرێت و بواری دەرکەوتنی نادات.

لەزمانی کوردیدا ئەم بارە لە پاشگری [ەوە] دەردەکەوێت.

دیـــُتم دیتمەوە

یی (2برگە) ی (3 بڕگە) (چینی یەکەم)

کەچی لە:

(فرۆشیار) دا فرۆشیاری

فرۆش/ یار فرۆش / یا / ری

Ya (r) ya

(2) بڕگە (3بڕگە) (چینی دووەم)

8- سەبارەت بە هێشووە کۆنسنانت زمانی ئینگلیزی پەیڕەوی سیستەمی دەنگی (گیری – لووت plosive – nasal – و لووتی – گیر) و سیستەمی (لووتی – لووتی) دەکات، بۆ نموونە: بەر لە گیرەکەکانی چینی(1).

-  Bo[mb]ard
   da[mn]-ation

کەچی سەبارەت بەو هێشووە کۆنسنانتانەی بەر لە گیرەکەکانی چینی(2) دەکەون بەم شێوەیە: ئاسان و سوکترن.

-  bo[m]-er $_2$
   da[m]-ing $_2$

### 3.11.1 : تایبەتمەندییە واتاییەکان:

ئەو جۆرە تایبەتمەندیە لەچاو ئەوانی تر زۆر گرنگی پێ نەدراوە تەنیا لەچەند حاڵێکدا نەبێت، کە دەکرێت لە گۆشەیەکدا کۆی بکەینەوە:

چینی(1)ی گیرەکەکان لە داڕشتنەکانیدا ئارەزووی ئەوە دەکات کە واتایەکی نا پێکهاتەیی بێت، بە واتای ئەوەی وشە داڕێژراوەکە مەرج نییە بنجەکەی واتادار بێت، و مەرجیش نییە گیرەکەکە لە هەموویاندا هەمان واتا و ڕۆڵ بدات بەدەستەوە بۆ نموونە:

Re-has  $re_1$– dume  $re_1$-duce

دابەزاندن/کەمکردنەوە دەستی پێکردەوە

(re) واتایەکی جێگیری نییە لە نموونەکاندا.

لە چینی دووەمی گیرەکەکاندا لەداڕشتنی وشەدا ئارەزووی پێکهاتەیەکی سیمانتیکی دەکات، واتە (re) لەهەموو پێکهاتە داڕژاوەکاندا واتایەکی جێگیری هەیە، بۆ نموونە:

   Re„wash
 Re„mark
Re~mean. شتێك دووباره بكەیتەوه. (Szpyra1989: 41 :بڕوانه)

لەزمانی كوردیش هەندێك نموونەی وا بەرچاو دەكەوێت:

نا – یاب ، نا – كرده ، نا – وێزه.

[نا] له نایاب و ناوێزه وەكو ئەو پێشگره سەیر ناكرێت كەله (ناكرده) دا بەدیدەكرێت، چونكه (نا) له یاب و وێزه دا دەترازێنێت و بنجەكان سەربەخۆ هیچ واتایەك نادەن، دەكرێت [نا] ی نموونەی یەكەم و سێیەم به چینی یەكەم دابنرێت، بەڵام له نموونەی وەكو:

نادروست

ناپەسەند

ناساز

دەكرێت به چینی دووەم دابنرێت، چونكه له هەموویاندا چەمكی نەفی دەگەیەنێت.

## 12.1 : پێشزەمینەی بۆچوونەكه

سەرەتا بەر له شیكردنەوەی بۆچوونەكه، كه زیاتر لەلایەن (Kiparsky1982) خرایەڕوو، مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی وەكو مۆدەلێك خرایەڕوو، زیاتریش زمانی ئینگلیزی له شیكردنەوەكانیدا به هەند هەڵگرتووه، بەڵام تایبەتمەندی بنچینەی تیۆرەكه بەسەر زمانەكانی تریشدا جێبەجێدەكرێت، وەكو دواتر لەو خشتەیەی دواوه دەیخەینه ڕوو، مۆدەڵەكه بەسەر دوو بەشی سەرەكی دابەش دەبێت:

1- فەرهەنگی. ( lexical)

2- پاش فەرهەنگی. (post lexical).

خاڵی جیاكردنەوەی ئەم دوو لایەنه كه ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر ڕەنگدانەوەیەكی گشتی، كەوا هەندێك یاسای فۆنۆلۆجی – یاسای فەرهەنگی، بەداخراو، گرێدراوی یاسا فۆنۆلۆجیەكانن، ئەوەی ڕۆنانی وشه لەفەرهەنگدا بونیات دەنێت ئاساییه كاتێك یاسا مۆرفۆلۆجیەكان پیاده دەكرێن.

ئەمەش هەندێك له یاسا پەیوەندیدارەكانی فۆنۆلۆجیەكان چالاك دەكات، كەچی یاساكانی post lexicon پاش فەرهەنگی لەلایەكی ترەوه، وابەستەی یاساكانی داڕشتنی وشه (WFR)

**نییه، ئەمانە بریتین لە هەندێك یاسای فۆنۆلۆجی ئەو كاتە جێبەجێ دەكرێن، كە وشەكان پڕاوپڕ داڕێژراون و خراونەتە ناو فرەیزی سینتاكسەوە، بەهۆی ئەم مۆدەڵە پەیوەندی بە داڕشتنی وشەوە هەیە، ئێمە پێ لەسەر یاسا فەرهەنگییەكان دادەگرین، سەرەتا سەیری ئەو خشتەیەی خوارەوە بكە:**




(kiparsky1982)

هێڵكاری (3-1)

Kiparsky پێشنیازی سێ چین یان پایە لەمۆرفۆلۆجی فەرهەنگی دەکات، پێشنیازی:

چینی یەکەم : دەکات بۆ گیرەکە ڕێزمانییە ناڕێکەکان، وەکو see ~ saw و گیرەکە وشە داڕێژە ناڕێکەکان، وەکو long(adj) ~ length (noun).

چینی دووەم : مامەڵە لەگەڵ داڕشتنی ڕێك و لێکدان دەکات، وەکو:

Sad (adj) ~ sadly (adv)

چینی سێیەم : مامەڵە لەگەڵ بە ڕێزمانی کردنی ڕێکدەکات وەکو :

Wolk ~ Wolked

ڕابردوو بنچ (بڕوانە: Kiparsky1982: 7-8 ).

چینی سێیەم دەچێتە بواری سینتاکسەوە، لەبەرئەوە هەوڵدەدەین کەوا شیکردنەوەکانمان لە ئاست چینی یەکەم و چینی دووەمدا بێت، چونکە ئەو دوو چینە دەچنە بواری مۆرفۆلۆجی فەرهەنگییەوە، کە کرۆکی بابەتەکەی ئێمەیە.

# بەشی دووەم

## بەشی دووەم

## گیرەکە ناڕێکەکان: Irregular Affixes

### 1-2. سەرەتا:

زۆربەی مۆرفۆلۆجیزانەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کەوا فەرهەنگ لە ژمارەیەك چینداریی پێکدێت، کە بەشێوەیەکی هەرەمی ڕێکخراون، هەر چینێکیش (stratum) جوتێك یاسای مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی لە خۆ دەگرێت، بەڵام کۆکبوونێکی تەواو لەسەر چیندارییەکە نییە، ئێمە لەبەشی یەکەمدا بەپێی سروشتی تیۆرەکە ئاماژەمان بە دوو چین دا (کە لەلایەن (Kiparsky 1983, Katamba 1993 پێشنیاز کرابوو، سروشتی ئەم نامەیە ئەوە دەخوازێت، کەوا داڕشتنەوەیەك بۆ ژمارەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی میکانیزمی چینەکان لەفەرهەنگدا بکەینەوە، تاوەکو ئەگەر هەموو چینەکانیش لەم نامەیەدا دەستەبەر نەکرێت و شینەکرێتەوە، ئێمە لەدوا لاپەڕەکانی بەشی یەکەمدا خشتەیەکمان خستەڕوو، کە کرۆکی چینەکان ڕوون دەکاتەوە، بەڵام بە داڕشتنەوەی هەمان ئەو سێ چینەی باسکران واتە Paraphrase کردنیان چێوەڕێژیی تیۆرەکە دەستکاری ناکات، بەڵکو وردتری دەکاتەوەو لقی تری لێدەکەوێتەوە، دەبێت ئەوەش بوترێت، کەوا ئەو پۆلکردنە لەبەر ڕۆشنایی چالاکی گیرەکەکانی زمانی ئینگلیزییەوە داڕێژراون، بەڵام ئەوە ڕێگە لەوەناگرێت، کەوا، نەخشەڕێژییەکە بۆ زمانانی تری وەکو زمانی کوردیش دەستەبەر بکرێت.

### 2-2. پۆلکردنی دوو چینداری:

ئەم جۆرە پۆلکردنە سادەترین پۆلکردنی گشتییە، کە چینەکان (چینی گیرەکەکان) لەفەرهەنگدا بەسەر دوو چینی سەرەکیدا دابەشدەکات.

چینی (1) (بەمۆرفۆلۆجی ناڕێك Irregular morphology) ناودەبرێت کە:

1- گیرەکە ڕێزمانییە ناڕێکەکان.
2- گیرەکە وشە داڕێژە ناڕێکەکان } لەخۆ دەگرێت.

چینی (2) (بەمۆرفۆلۆجی ڕێك Regular morphology) ناودەبرێت، کە

(1) گیرەکە وشە داڕێژە ڕێکەکان (Regular derivation) و

(2) گیرەکە ڕێزمانییە ڕێکەکان (Regular inflection) و

(3) لێكدان (Compounding) یش دەگرێتەوە. (بڕوانە: Katamba1993:189).

ئەوەی لەسەرەوە بە نوسین دامانڕشت دەكرێت لەو خشتەیەی خوارەوە بیخەینەڕوو:




هێڵكاری (1-2)

هەندێك لە زمانەوانەكانی وەكو Kiparsky پێیانوایە دەكرێت ئەم چیندارییە بە مۆدەلێكی سێ چینداری پێشنیاز بكرێت، چونكە ئەم سێ چینە پێویستە لەفەرهەنگدا ئاماژەی پێ بكرێت، وەكو پرۆسەی یاساكانی وشە داڕشتن، (یان بە گیرەككردن Affixation، لێكدان Compounding).

كە بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخاتە ڕوو:

1- "+" سنورداری (نارێك) ڕێزمانی و وشەدارێژ.

2- "#" سنورداری (ڕێك) دارشتن و لێکدان.

3- "#" سنورداری (ڕێك) ڕێزمانی. (بڕوانە: Mohanan1986: 16).

جیاوازی نێوان هەردوو مۆدەڵەکە لەوەدایە، کەوا بەشێك لە چینی دووەم دەپەڕێتەوە چینێکیتر، کە وەکو چینی (3) بونیاتنراوە.

ئەوەی (Kiparsky 1982) خستیەڕوو، دواتر (Halle & Mohanan) زیاتر برەویان پێدا، وایکرد کە مۆدەلێکی نوێ بە چوار چینداری بەرهەم بهێنن، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- چینی(1) پۆلی 1 (گیرەکە نارێکەکان – Irregular – کە وشە دارێژە نارێکەکان و ڕێزمانییە نارێکەکان لەخۆدەگرن).

2- چینی (2) پۆلی 2 (ڕێکەکان) وشە دارێژە ڕێکەکان.

3- چینی (3) لێکدان.

4- چینی (4) ڕێزمانییە ڕێکەکان. (بڕوانە: Halle and mohanan1986: 58).

لەو ڕێکخستن و دارشتنەوەی چینەکاندا ئەوە بەرچاودەکەوێت کە ئەو سێ مۆدەڵەی خرانەڕوو لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا کە لەژمارەی چینەکاندا جیاوازیان هەیە، بەڵام لە ڕیزبەندی پرۆسەی وشەدارشتندا وەکو یەکن، بۆ نموونە پرۆسەی لێکدان لەهەموو مۆدەڵەکاندا (لە هەرسێك مۆدەڵەکەدا) لە دوای کردەی بە گیرەککردنی گیرەکە ڕێزمانییە نارێکەکانەوە دێن و لە پێش گیرەکە ڕێزمانییە نارێکەکانەوە دێن.

ئەگەر ئێمە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ئەو ئاستانەی (Kiparsky) پێشنیازی کرد، دەکرێت جارێکی تر ئێمە ژمارەی ئاست و چینەکان دابەشی سەر یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیەکان بکەینەوە، وەکو ئەم نەخشەیەی لای خوارەوە کە (Spencer 1991) لە تیۆری مۆرفۆلۆجی خستیەڕوو:




(بڕوانە: Spencer1991:110).

هێڵکاری (2-2)

### 1-2-2 : چۆن تیۆرەکە دەخرێتە بواری بە گیرەککردنەوە:

بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن لە کردە مۆرفۆلۆجیەکانی ناو فەرهەنگ کە تێیدا مۆدەڵەکان خانە کراوە، دەکرێت ئێمە لەو بەشەدا ئەو مۆدەڵە دەستەبەر بکەین کە لە (2-2) ڕوونمان

کردۆتەوە، لەو مۆدەڵەدا فەرهەنگ لە چینی (1) دا (کەپۆلی (1) گیرەکەکان لەخۆ دەگرێت لەگەڵ وشە دانەڕێژراوەکان یان قەدەکان (stem) دەستەبەر دەکات. (بڕوانە: Scalise1986: 86).

چینی (1) ڕەگ یان قەدەکان وەکو بنجێك وەردەگرێت بۆ ئەوەی پۆلی یەکەمی گیرەکەکانی بۆ زیادبکات، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کەوا (هەرچەند مۆرفۆلۆجی زانەکان باسیان لێوە نەکردووە) کە زۆرجار، و لەزۆر باردا دەکرێت گیرەکە ڕێزمانییە ناڕیکەکان و گیرەکە وشەدارێژە ناڕێکەکان بۆ بنجێك زیاد بکرێت، و وشەیەکی ئاڵۆزی لێبکەوێتەوە.

جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجیەکانی چینی (1)، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆجیەکان کۆدەکاتەوە. (بڕوانە:Spencer1981: 118).

ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کەوا یاسا فۆنۆلۆجیەکان یاسا مۆرفۆلۆجییەکان دەوروژێنێت (بەتایبەتی کردەی بە گیرەککردن دێتە کایەوە)، ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجیانەی بەهۆی یاسا فۆنۆلۆجیەکانەوە دێنە کایەوە بریتین لە : بۆ نموونە:

گواستنەوەی هێز: -Stress assigning-

گۆڕینی هێز: -Stress shifting-

خاوبوونەوە لەوشەی سێ بڕگەییدا: -Trisyllabil laxing-

نەرم بوونەوەی دەنگە قوڕگیەکان: -velar softening-

دەکرێت وشەیەکی سادە بەئاسانی لەچینی (1)ەوە بپەڕێتەوە بۆ چینی (2)، بەڵام ئەمە زۆر لەبار نییە، قەدەکان ڕێگە بەوە نادەن، کە بپەڕنەوە لە چینی (1)، بۆ ئەوەی ببێتە وەرگرتە ( input) لە چینی (2)، ئەوە بەرچاودەکەوێت، کەوا هێزەکان لەچینی (1) دا ئاستەکە دەستنیشان دەکەن، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئایا دەرکردەکە (output) وشەیەکی سادەیە، یان ئاڵۆز، ئەمە ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کەوا (یاساکانی وشە داڕشتن (Wfrs) ئارەزوومەند نییە، کەچی یاساکانی گواستنەوەی هێز لە وشەداڕشتندا بە خورتییە (Obligatory). (لە هەردوکیان نییە) (بڕوانە: Scalise1986: 86).

بەمە دەکرێت بوترێت کەوا دەرکردەکانی چینی (2) (output)، دەبنە وەرگرتە (input)، بۆ چینی (2)، چینی (2) دەرکردەکانی چینی (1) وەکو بنجێك بۆ پرۆسەیەکی گونجاو لەبەگیرەککردندا، بەڵام لەگەڵ پۆلی دووەمی گیرەکەکان، ئێستاش بنجەکان دەتوانن لیڤڵی (2) جێبهێڵن بەبێ ئەوەی ببنە بە گیرەککراو.

## 2-2-2. گیرەکە ڕێزمانییەکان لە مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا:

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، کەوا پرۆسەی بە ڕێزمانی کردن بەشێوەیەکی سەرەکی دابەشی سەر دوو جۆر دەبن، گیرەکی ڕێزمانی ڕێك و گیرەکی ڕێزمانی ناڕێك، ناڕێکەکان لە چینی (1) دەردەکەون، کاتێك کە پۆلی یەکەم بۆ گیرەکە ڕێزمانییەکان بۆ قەدەکانی زیاد دەکرێت، گیرەکە ڕێزمانیە ڕێکەکان لەچینداری (2) دا کاردەکەن ئەو گیرەکانەی تێدابێت.

پرۆسەی داڕشتنی گیرەکەکان بەهەردوو فۆڕمەکەی جێبەجێ دەکرێت.

سەبارەت بە گیرەکە ڕێزمانیەکانی کۆ:-

پیاو ← پیاوان (ڕێك).

چرا ← چرایان (ناڕێك).

دێ ← دێهات (ناڕێك).

لەزمانی ئینگلیزیدا:-

Pen → pens
Book → books } regular ڕێك

Man → men
Ox → oxen
Mouse → mice } Irregular ناڕێك

کاتێك کە پرۆسەی گیرەکە ڕێزمانییەکان ئەنجام دەدرێت، مامەڵە لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییە ڕێکەکان دەکرێت، دەکرێت پێشبینی وشە بەرهەمهاتوەکە بکرێت.

بۆ نموونە گیرەکی ڕێزمانی کاتی ڕابردوو:-

*هات

هات + ووە ڕابردووی تەواو

هات + بوو ڕابردووی دوور

لەبەرامبەردا بەبەراوردکردن لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییە ناڕێکەکان لە پرۆسەی مۆرفۆلۆجی ڕێزمانیدا. (بڕوانە: Katamba1993:100).

1- مۆرفیمە دەستەمۆنەکراوەکان (erratic) : کە وەکو گیرەکی ڕێزمانی پێشبینی نەکراو ڕەفتار دەکات، وەکو:

نموونەی زمانی ئینگلیزی Foot ⟶ feet

2- ئەو مۆرفیمانەی پڕن لە چالاکی، بەڵام زۆرجاریش پشت گوێ دەخرێن وەکو:

Ablaut : گۆڕینی ڤاوڵەکان

Amlaut: کاتێك کە نیشانەیەکی وەکو ( ) لەسەر دەنگی بزوێنەکە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن، ئەو دوو دیاردەیە لە زمانەوانی مێژوویی بەکاردێن بۆ ئاماژە بە گۆڕینی دەنگێك لەژێر کاریگەری برگەکەی دوای خۆیەوە: وەکو: گۆڕینی دەنگی ڤاوڵی (o:) بۆ (i:) وەکو ئەم نموونەی سەرەوە. (بڕوانە:Crystal2003: 480).

لە زمانی کوردی لە کۆکردنەوەی هەندێك لە فۆڕمەکاندا لەسەر هەمان چەمك وەکو هاوواتا ئەو گۆرانکارییە ڕوودەدات، دەکرێت کاریگەری زمانەکان یان زارەکان بێت:

چەند ⟵ چەندان کەس

⟵ چەندین ساڵ

گۆڕینی بزوێنی ( ا ⟵ ی).

لەئەلۆمۆرفە گۆڕاوەکانیشدا ئەو دەنگەی دەگۆڕێت، دەکرێت نەبزوێن بێت، بۆ نموونە:

میوە ⟵ میوەهات

⟵ میوەجات

بە بۆچوونی ئێمە هاتنی دەنگی [هـ] و [ج] بۆ خۆپاراستنە لە بەیەك گەیشتنی هەردوو ڤاوڵی (o ⟵ ا) واتە ئەو دوو دەنگە نەبزوێنە لەو ژینگە و هەلۆیستەدا بەهای(w,y) وەردەگرن: ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا بزواندنی یاسا مۆرفۆلۆجیە فەرهەنگیەکان کە لێرەدا (بەگیرەککردن) Affixation مەبەستە، دەبێتە مایەی وروژاندنی یاسا فۆنۆلۆجیەکان.

3- گیرەکە قەرزکراوەکان، کە لەگەڵ هەندێك وشەی تردا لە زمانی بیانییەوە دێنە ناو زمانەکەوە (وەکو وەرگرتنی لە زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی...تر)، بەمەش وشە قەرزکراوەکان وەکو:

چایچی ⟵ گیرەکی " چی " لە تورکیەوە وەرگیراوە.

یەتاخ : یەتاك ⟵خۆی لە زمانی تورکی چاوگی (یاتماك) واتە خەوتن، ڕەگی

بات ⟵ بووە، (یەت) دواتر پاشگری (ئاك) وەكو پاشگرێك بۆی زیاد كراوە بۆ دروست كردنی ناوێكی داڕێژراو بە واتای ( پێخەف) دێت. (بڕوانە: فاروق عمر صديق2011: 125)

هەندێك جار گواستنەوەی وشەكان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر بە پێی زنجیرەیەكی مێژوویی دەبێت و لە بنچینەدا یەك سەرچاوەی زمانیان هەیە بۆ نموونە لەچەند وشەیەكی زمانە ئێرانیە كۆنەكان لەسەرەتاكانیان بە [vä] نوسراون، بەڵام بە (لت)تەلەفوزكراون و لە زمانە ئێرانیە نوێكاندا، دیارە بە كوردیشەوە ئەو ( و ،w ) سەرەتا بووبە (ب – ط) بۆ نموونە:

وشەی ( بەراز) لە زمانی كوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

لە ئاڤێستادا : varäza-

سانسكريت: varäha-

فارسی ناوەڕاست: varäz

فارسی نوێ: Guräz (بڕوانە: فاروق عمر صديق2011 :145).

سەبارەت بە گیرەكە ڕێزمانیەكان:

بەڕای (تسەبۆلۆڤ) پێشگری (ڤە) ی سەروو پاشگرێك یان پۆست پۆزشنی (əwə/ەوە) ی سلێمانی لەگەڵ (apa) و (upa) ی ئێرانی كۆندا لەیەك دەدەن لەم حاڵەتەدا [ڤ v] سەرەتای پێشگری ئێرانی سەرچاوەكەی فۆنیمی [پ p] ی ئێرانی: وەكو

ڤەمراندن ⟵ مراندن (هەمان سەرچاوە: 142).

لە زمانی توركیدا هەندێك جار لە وەرگرتنی پاشگرێكدا، لەژێر كاریگەری ئەو گیرەكەدا بنجەكە یان قەدەكە بزوێنێكی خۆی لەدەست دەدات، بۆ نموونە:

Izin ⟵ مۆڵەت

Izin +im ⟵ مۆڵەتی من

دەبێتە ⟵ izinm نابێتە izinim

چونكە ڤاوڵی نێوان ( z,n) لەدەست دەدرێت:

یان burun لووت

Burumda لەسەر لووتمدا

دەنگی N دەگۆڕڕێت بۆ M. (بڕوانە:John Guise2014: 10).

سەبارەت بەزمانی کوردی، وگیرەکە ڕێزمانیەکانیان لە کاتی ڕێژە تەواودا.

هات:




گەر بمانەوێت ئەو ڕێژەیە دووبارە بکەینەوە بە پاشگری (ەوە) بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێت:

1. هات + ووە.
2. هات + ووە + ەوە.

4- لەم قۆناغەدا بنکە بەهۆی نامۆیی کۆکردنەوەی پاشگری ڕێزمانی ڕێژەی تەواو (~ ووە) و (پاشگری دووبارە کردنەوە) ی (~ ەوە) بۆ گونجاندن مۆرفیمێکی بەتاڵ (بێ ئەرك) نێوانیان دەکات، کە مۆرفیمی (ت) ە.

هات + ووە + ت + ەوە

هاتووەتەوە

5- دوا قۆناغی وەرگرتنی ئەو گیرەکەو ئەو مۆرفە بەتاڵە گۆڕانێکی دەنگی دەخاتە فۆڕمێك، ڕێژەی ڕابردووی تەواوەکە دەبێتە:

هات + (وو+ ە ← ۆ) ت + ەوە

چێوەڕێژیی کۆتایی: هاتۆتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە شیکردنەوەکاندا ئەوەیە، کەوا لە سنووری مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی، لەچوارچێوەی یاساکانی داڕشتنی وشەدا پێشگرە ڕێزمانیەکان ڕۆڵەکانیان زۆر سەرەکی نییە لەچاو پاشگرە ڕێزمانیەکاندا.

(ئەگەر قەدەکە بواری ئەوەی پێنەدرا لە چینداری (1) دا بە ڕێزمانە گیرەك بکرێت، هەلی ئەوەی بۆ دەمێنێت کە لە چینداری دووەمدا ئەو کارە بکات. (بڕوانە: Stageberg1981:92).

بەواتای ئەوەی ئەو گیرەکە ڕێزمانییانەی وەکو گیرەکی ناڕێك کاردەکەن (Irregular) واتە گۆڕانکاری دەخەنە بنجەکانەوە، دەکرێت وەکو (regula affixes) کاربکەن لە چینی (2) ەمدا، واتە ئەگەر بەیاسای مۆرفۆلۆجی (Base + Affixes) کارنەکەن، دەکرێت بچنە سەر یاسای مۆرفۆلۆجی (Base(stem)#affixes) کاربکەن، بۆ نموونە:

هاتۆتەوە: هات + ۆ + ت + ەوە

واتە Stem +Affixes

کەچی مۆرفی دیوارەکە

دیوار # ەکە

بنج پاشگر دەبێتە یاسا مۆرفۆلۆجیەکەی

بەواتایەکی تر : **یاسای یەکەم Base /Stem # Affixes**

1- یاسایەکی فۆنۆلۆجی لە تیۆری مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا دەوروژێنێت.
2- پێشبینی وشە بەرهەمهاتوەکە ناکرێت، بەر لە جێبەجێ کردنی یاسا فۆنۆلۆجیەکە.
3- ئەم یاسایە لە چینی (1) دا پیادە دەکرێت.

**یاسای دووەم : Base/Stem + Affixes**

1- هیچ یاسایەکی فۆنۆلۆجی لە تیۆری مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا ناوروژێنێت.
2- لەبەر خاڵی یەکەم هەر لە جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجییەکەوە پێشبینی وشە بەرهەمهاتووەکە دەکرێت.
3- ئەم یاسایە لە چینی (2) دا دەستەبەر دەکرێت.

لەڕووی سینتاکسەوە، هەموو وشەیەکی کە تازە بەرهەم دێت، دەبێتە ئەندام لە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی گەورەتر (وشە داڕێژراوەکان لەچاو وشە سادەکان)، ئەم وشە تازە بەرهەمهاتووە بەپێی یاساکانی داڕشتنی وشە(WFR) پێناسە دەکرێت، بۆ نموونە:

نا ~ پەسند

نا # پەسند

یان گەڕۆك

گەڕ + ۆك

↑ ↑

ڕەگی کار پاشگری داڕشتن

دەکرێت بەیاساکی لەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە،

$$\left[\#\left[\times\right]\right]_{S_2} \left[\text{ۆك}\right] \text{adj}$$

S2 ڕەگی کار پاشگر

بۆ یاساکانی (Strata) ی یەکەم یاساکە دەبێتە:

$$\left[{}^{+}\left[\times\right] \text{v}\right]$$

ڕا خستن v

ڕا + [یەخ] v

تێکچڕژانی پێشگرەکە بە بنجەکەوە و هاتنە کایەی گۆڕانی فۆنۆلۆجی.

یاسا:- بنح + یاسای مۆرفۆلۆجی + یاسای فۆنۆلۆجی ⟵ وشەی داڕێژراو

1 + 2 + 3 ⟵ 4

ئەم یاسایە بۆ چینداری یەکەم، بەڵام هەمان یاسا کە لە چینداری دووەمدا دەستەبەر دەکرێت ئەو کاتە دەبێتە:

بنح + یاسای مۆرفۆلۆجی + یاسای فۆنۆلۆجی ⟵ وشەی داڕێژراو

1 + 2 + Ø ⟵ 4

ئەگەر بە پێی بۆچونەکانی Martinz, Aronoff یاساکان دابڕێژینەوە، چاکتر لە چینەکاندا ڕوون دەبنەوە:

چینی (1) یاساکەی:

× + 2 + 3 ⟵ 4

چینی (2) یاساکەی:

× # 2 Ø ⟵ 4

تێبینی:

(×) بۆ هەموو بنجێك.

(Ø) نەبوونی یاسای فۆنۆلۆجی.

ئێمە لەبەشی یەکەمدا باسمان لە دیاردەی سڕینەوە (لابردن) کرد لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکانی دروست کردنی وشەدا، دەبێت سەبارەت بە دیاردەی (Truncation) زیاتر ڕوونکردنەوە بدەین و دواتر لەم بەشەدا یاساکەی بۆ دابڕێژین.

(Truncation):

دەکرێت وەکو "بڕین" دابڕێژرێت، ئەوەی پێویستە بوترێت سەبارەت بەو دیاردەیە، ئایا پەیوەندی بەئاستی فۆنۆلۆجییەوە چییە؟ یان ئایا لە چوارچێوەی یاساکانی داڕشتنی وشەدا کاردەکات؟ یان چ سیمایەکی تری پێ دەدرێت.

دیاردەی بڕین وەکو پرۆسەیەك هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ یاساکانی فۆنۆلۆجیدا نییە، ئەی پەیوەندی نێوانیان چییەو لە چیدایە؟ ئەگەر بچینەوە وردەکارییەکانی داڕشتنی وشە و یاساکانی، ناکرێت بڵێین کەوا ئەو یاسایانەی داڕشتنی وشە لە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجیەکاندا ڕیزبەندناکرێت، هەموو ئەو (پێچانەوە + سنوری گیرەکەکان) بەر لە هەموو یاسا فۆنۆلۆجیەکان ڕیزدەکرێن، ئەمە ناکرێت بەسەر هەموو زمانەکاندا بگشتێندرێت، چونکە وەکو لەبەشی یەکەم نموونەمان بۆ هێنایەوە، زمانی ڕوسی ئەم دیاردەیە لەئاستی فۆنۆلۆجیدا تاوتوێ دەکات.

(بڕوانە: لاپەڕە 8 ی بەشی یەکەم) سەبارەت بە زمانی کوردی هەردوو دیوی ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت ، واتە هەندێك جار پابەندی ڕێزبەندییە دەنگیەکان دەبێت، هەندێك جاریش بەدەر لەم یاسایە لەدەرەوەی هەموو هەڵکەوتەیەکی یاسای دەنگی و پرۆسەی داڕشتنەکە بەڕێوە دەچێت.

بۆ نموونە لە وشەکانی :

بەرانەتی

خۆشناوەتی

ڕایەخ

چراکان

چرایەکان

گەڕیدە

هەموویان وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت.

یاسا فۆنۆلۆجیەکان لە شیکردنەوەی ئێستاییدا بۆ داڕشتنی وشەکانی وەکو (ڕایەخ، بەڕانەتی) هیچ سیمایەکی ڕوونی یاسا دەنگیەکان نادات بەدەستەوە، بەلایەنی کەم ئێمە مامەڵەیەکی وەسفی لەگەڵ ئەو وشانەدا دەکەین، نەك مامەڵەیەکی مێژوویی - ئیتمۆلۆجیانە.

لەبەر ئەم هۆیە دەکرێت بوترێت سروشتی یاساکانی داڕشتنی وشە هەم سیمای زمانی ڕوسی و هەم سیماکانی زمانی ئینگلیزی پێوەیە. ( بڕوانە: Aronoff1981: 94).

دەکرێت بەپێی دیاردەکە یاساکانی پچڕان، بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | بۆ زمانی ڕوسی |
| 1 | Ø | 3 | 4 | بۆ زمانی کوردی |

یاساکە دەبێتە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| × | 1 + | 2+ | 3+ | ⟵ | 4 |
| بنج | یاسای مۆرفۆلۆجی وەرگرتنی گیرەك | یاسای فۆنۆلۆجی پچڕاندن | دوای یاسا دەنگیەکە | | وشەی بەرهەمهاتوو |

ئەمە بۆ زمانی ڕوسی دەشێت، کە پێیان وایە پچڕاندن یان (بڕینەوە) لەناو یاسا فۆنۆلۆجیەکان ئەنجام دەدرێت، بەم پێیە بۆ زمانێکی وەکو کوردی یان زمانی ئینگلیزی یاساکە وایلێدێت کە:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | × + | 1 + | 2 + | 3 + | 4 + | بڕین | چینی 1 |
| یان | × + | 1 + | Ø + | 3 + | 4 + | Truncation | چینی 2 |

لەلایەکی ترەوە بەپێی ڕیزبەندی گیرەکە وشە داڕێژو گیرەکە ڕێزمانیەکان دەکرێت مۆرفیمە ڕێزمانیە(ڕێکەکان) بۆ وشەیەکی ئاڵۆزی ناسادە زیادبکرێت بە تایبەتی ئەو گیرەکە ڕێزمانیانەی پلەی بەراورد و باڵا دەنوێنن:

چاك چاکتر چاکترین

ئەمە مامەڵە لەگەڵ گیرەکە ناڕێکەکانی ڕێزمانی دەکات، لەهەمان کاتدا بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانیە ڕێکەکانیش دەکات کە ئەمیان باوترە.

شەکر + دان + ەکە

بنج + گیرەکی وشەداڕێژ + گیرەکی ڕێزمانی

شەکر + دان + ەکە (گیرەکی ڕێزمانی ڕێك)

## 3-2-2: گیرەکە وشەداڕێژەکان لە مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا:

وشە داڕێژراوەکان ئەو وشانەن کە لەئەنجامی زیادکردنی مۆڕفیمێکی وشە داڕێژەکان بۆ وشەیەکی سادە بەرهەمدێت، پۆلی یەکەمی گیرەکە وشە داڕێژەکان، کە لەڕووی دەنگسازیەوە (فۆنۆلۆجیەوە) بێلایەن نین، سەرەتا بە بنجەکانی چینبەندی (1)ەوە دەلکێن، کەچی پۆلی دووەمی گیرەکەکان، کە لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە بێلایەن دەوەستن، لە چینبەندی (2) دا کارا دەکرێن. (بڕوانە:Katamba1993:92).

شتێکی ئاساییە لە یاساکانی وشە داڕشتندا زیاتر لە پۆلێك لەو گیرەکانە بەکاربهێنرێت، وەکو هەبوو وشەیەك وەکو بنج و دواتر زیادکردنی زیاتر لە گیرەکێك بۆ بنجەکە.

بەردەلانی

بنج/گ /گ (وشەداڕێژ).

کە یاساکە دەبێتە:

× # AF # AF

بنج گیرەکی چینی(2) گیرەکی چینی(2)

تویشکە:

توێژ + ك + ە

توێش + ك+ ە

+(ژ ←ش) +ك + ە

بنج + یاسای فۆنۆلۆجی گ. وشە داڕێژ گ. وشە داڕێژ

یاساکە:

بنج + گیرەکی وشە داڕێژ + گیرەکی وشە داڕێژ

چینی (1) چینی (2)

ئەگەری ئەوەش هەیە هەموو زمانێك كۆت بخاتە سەر ژمارەی گیرەكەكان لەكاتی داڕشتنی وشەدا، هەروەها كۆتبەندی بخاتە سەر پەیوەندی نێوان گیرەكە پێشگرەكان و گیرەكە پاشگرەكان. (بڕوانە:Scalise1986:86).

چینی (1) وشەی دانەڕێژراو وەكو بنج هەڵدەبژێرێت، بۆ پۆلێكی گیرەكەكان كە لایەنگیرن و بێلایەن نین، بەواتای ئەوەی كارێكی دەنگییان بەسەر بنجەكانەوە دەبێت، ئەم پۆلانەش پۆلی (1)ەمن، وەكو وەرگرتە (input) وەردەگرن، ئەم پۆلە گیرەكە داخراوترن لەڕووی بنجەوە لەچاو گیرەكە بێلایەنەكان بەواتای ئەوەی بە ئاسانی شوێنی خۆیان بۆ گیرەكەكانی پۆلەكانی تر چۆڵناكەن، دەكرێت قۆناغەكانی داڕشتنی وشە لە ڕووی فۆڕم داڕشتنەوە وەكو ئەوەی خوارەوە سەیربكرێت:

أ- بنج/ڕەگ

ب- چینی (1) گیرەكەكان – ڕەگ – چینی (1) ی گیرەكەكان

هەڵ – گەڕان – ەوە

هەلگەڕانەوە

ج- چینی (2)ی گیرەكەكان – چینی (1) گیرەكەكان – ڕەگ – چینی(1) – چینی (2)

هەلگەڕانەوە halgarranawa

هەلگێڕانەوە halgerranawa

داهاتۆتەوە

## 4-2-2: كاركردنی گیرەكە نارێكەكان:

## 1-4-2-2. گیرەكە ڕێزمانییە نارێكەكان:

### 1-1-4-2-2- گیرەكی (دە~)

أ- **سنوری ئەو پێشگرە بەپێی بنجەكانی:**

ئەم گیرەكە بۆ ڕەگی كردار زیاددەكرێت، بۆ گەیاندنی ڕێژەی كردارەكە:

دەخۆم
دەمخوارد
ئەمانە لە چینی دووەمی گیرەكەكانن و لە پۆلی دووەمی گیرەكەكاندا كاردەكەن.

سەبارەت بەو پێشگرە لە پۆلی یەکەم و چینی (1) دا:

دە + هێ + م

د Ø +ھ Ø + ێ

دێم

واتە: یاساکەی دەبێتە:

× + بنج + نوسەك ⟵

× + ێ + م

پۆلی یەکەمی گیرەکەکان

چینی (1).

## ب- وەسفی فۆنۆلۆجی ئەو گیرەکە:

بەهۆی ئەوەی دوای ئەوەی ئەو پێشگرە، بزوێنێکی درێژی بەدوادا دێت، ئەو بزوێنە هێزەکە وەردەگرێت.

دێـَم

ئەگەر وشەکە دوو برگەیی بوو یان زیاتر، برگەی یەکەم و بزوێنێکی درێژی تێدابوو، دیسانەوە ئەوا برگەی یەکەم هێزەکە بۆخۆی ڕادەکێشێت:

دێ — مە - ەوە

/دێ/ هێزی برگەکە دەقۆزێتەوە

ئەگەر زیاتر لە دوو برگە بوو، برگەی یەکەم هەڵگری بزوێنێکی کورت بوو، ئەو کاتە (هێز) بۆ برگەی دووەم دەپەڕێتەوە:

د ێ مە وە

## پ- دەروازەی فەرهەنگی پێشگری (دە).

1- وەسفی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی ئەو پێشگرە.

- فۆڕمی فۆنۆلۆجی ئەو پێشگرە:

/دە-/

2- فۆڕمی ناکەرتی پێشگری (دە -)

"هێز" لەو پێشگرەدا لایەنگرە واتە زیاتر هێز بۆخۆی ڕادەکێشێت.

- گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر بنجەکەدا دێنێت.

- بەهۆی نوسانییەوە بە بنجەوە دیاردەی (بڕین Truncation) دێنێتەکایەوە.

## ت- تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی:

- تەنیا کردار وەکو بنج وەردەگرێت.
- ناچێتە سەر وشەی سەربەخۆ و سادەوە.
-

## ج- تایبەتمەندی سینتاکسی:

- سیمای زیادکردن یان لادان لە خۆ دەگرێت، بەڵام پشت بە جۆرو پۆلی وشەکە دەبەستێت.

دێم = دە ⟵ د لادان و کەمکردنەوە

دەچم = بێلایەن دەوەستێت

دێچم = لادان و زیادکردن

- دەچێتە سەر ڕەگی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕەوە.

- دەچێتە سەر کرداری ڕابردوو، ڕانەبردوو ،داهاتوو.

## چ- پەیوەندی بە گیرەکەکانی ترەوە:

- پەیوەندی بە مۆرفیمی نەفییەوە.

نەدێم ، نەدەچم

نایەم ، ناچم

دەچێتە سەر کرداری (بوون).

دەبم بە مامۆستا

دەبوو بە مامۆستا

## ح- ئەلۆمۆرفەکانی ئەو گیرەکە، یان لەڕووی سیمانتیک و هاوبێژەکانی:

- ئەلۆمۆرفەکانی ئەو گیرەکە:

دە ⟵ دەهاتم

د ⟵ دێم

Ø ⟵ یەم (زاری سلێمانی)

دێ ⟵ دێچم (دهێم) ( داهاتوو لەکرمانجی سەروو)

- هاوبێژەکانی ئەم پێشگرە:

(دە - ) مۆرفیمی ڕێژە

(دە) ژمارە 10

(دە) پابەندکردن (دەبڕۆ وازبێنە).

خ- ئەم پێشگرە گیرەکێکی ڕێزمانی زمانی کوردییە، هەموو دەم بە ڕێکی کارناکات، لە ڕووی دەنگسازیەوە لایەنگرەو لە پۆلی یەکەمی چینی (1) دا کاردەکات، ئێمە سیما ناڕێکەکەیمان لەم بەندەدا کاراکردووە.

## د- وشە بەرهەمهاتوەکانی دوای شکاندنەوە / داڕشتن.

ئەو وشانەی دوای شکاندنەوە، لەو پێشگرە پێکدێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

دە + خواردن ⟵ دەخوات ( ڕابردوو)

دە + - خواردن

دە + یخوارد ⟵ دەیخوارد (ڕابردووی بەردەوام)

ئەمە بەم یاسایەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

یاسا:

پێشگر + بنج ⟵ ئەجامی شکاندنەوە

N(خواردن) [ دە + (خواردن)N ] V

بە پێی سیاقی ئازاد (Context free) لەیاساکانی ڕۆنانی فرەیزدا ئەوە دەردەخات، کەوا بنجەکان (وشە) دەتوانی گیرەکێکی ڕێزمانی لەو جۆرەی پێش بکەوێت. (بڕوانە: Seuren2004: 274).

بەبەکارهێنانی بیرۆکەی ڕێزمانی (سەرە)، کە لە مۆرفۆلۆجی بەرهەمهێناندا، بەتایبەتی لە تیۆری (ئێکس-بار)دا لەڕستەسازیدا، کە گریمانەی ئەوە دەکات، کەوا وشەکانیش بە وێنەی فرەیزەکان سەرەیان دەبێت هەر چۆن ئەو فرەیزانە لە ئاستی سینتاکسدا سەرەیان دەبێت، بەوە دەکرێت ئەو بیرۆکەیە بپارێزین و وشە پێشگری(دە / د) وەکو سەرەی دەستە چەپ سەیری بکەین، بەمەش وشەکان دەبنە وشەی سەرەدار، واتە سەرەکە لای چەپی وشەکە جێگیر دەبێت، لەو وشەیەی کە بەگشتی وەکو کردار سەیردەکرێت، ئەوە سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی.(بڕوانە82 :Selkirk1982).

بەڵام ئەو یاسایە سەبارەت بە زمانی کوردی پێچەوانە دەبێتەوە بەواتای ئەوەی سەرە دەکەوێتە دەستەڕاست.

دەبرد

دەبەم

دە + بنج ⟵ وشەی بەرهەمهاتووە

↑ سەرە ↑ تەواوکەر

Head Complement

سەیری ئەم هێڵکایەی خوارەوە بکە:




دەکرێت وەکو داڕشتنێکی دایگرامی وای لێبکرێت.



(بردن)

لێرەدا (دە) وەکو سەرە دەمێنێتەوە، بنجەکە دەکات بە تەواوکەری خۆی و وشە داڕێژراوەکە ئەنجام دەدات، ئەوەی پێویستی بە گوتنە لێرەدا ئەوەیە، کەوا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، دارشتنەوەی یاسای (x – bar) ئەوە دەگەیەنێت، کەوا (هەر کەتیگۆرییەکی سینتاکسی لەهەرەمی ئیکس باردا) دەسەڵاتی بەسەر هەمان کەتیگۆریدا دەشکێت، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێریەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا ئاستی سینتاکس و مۆرفۆلۆجی بەشێوەیەکی گشتی ئاستی (x) پڕدەکەنەوە کە "وشە" دەگرێتەوە، هەندێك لە زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کەتیگۆری ئێکس بار فراوان بکرێت بۆئەوەی مۆرفۆلۆجیش بگرێتەوە، لای پرۆژەی (Selkirk) وشە سینتاکسیەکان دەبنە جۆرێك لەوشە یان نزمتر، لەو سیستەمەدا وشەی سینتاکسی کەتیگۆری سفرن.

لێرەدا (Selkirk) دوو لایەن تاوتوێ دەکات:

1- شێوەیەکی هەرەمی دەدات بە ئێکس باری وشەکان.

2- دارشتنەوەی یاساکان (لەدەرەوەی سیاق) لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا.

سەبارەت بە خاڵی(1) کە شێوەی هەرەمی دەدات بە ئێکس باری وشەکان هەرچەندە ڕووەو خوار بڕوات، ژمارەی بارەکە کەم دەکاتەوە.

خاڵی(2) ئەو میکانیزمەی لەبواری ئێکس باری فرەیزی ڕستەکاندا بەکارهاتووە دەخرێتە قاڵبی مۆرفۆلۆجییەوە، بەم پێیە سێ ئاستمان دەست دەکەوێت:

1- ئاستی(1) وشە ئاڵۆزەکان.

2- ئاستی (سفر) وشە سادەکان.

3- ئاستی (- 1) سالب یەك ئاستی گیرەکەکان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەفێکسەکان لەئاستی قوڵدا هیچ شوێنێکیان پێ نادرێت. (بڕوانە: صباح رشید قادر2009: 45).

ئەوەی شایەنی وتنە، ئەوەیە، کەوا ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لە هەڵوەشاندنەوەی فرەیزەکاندا لە کارەکانی دوایی چۆمسکیدا ئەو جۆرە گیرەکانە فۆرمێکی سینتاکسی پێ دەدرێت، وەکو فرەیزی (ڕێژە Aspect) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام لەو فرەیزانەشدا وەکو سەرەی فرەیزەکە دەبن.

هەندێك لە مۆرفۆلۆجیزانەكان درەختەكان بەكاردێنن بۆ دیارخستنی پەیوەندی نێوان بنج و ئەفێكسەكان، درەختەكان توانایان هەیە پەیوەندیە سیمانتیكیەكان بەڕێگەیەكی بێدەنگ بخەنەڕوو. (بڕوانە:Martins2002:93).

ئەوەی شایەنی وتنە كەوا لای (مارتینس) ئەو جووتە هێڵەی لقی درەختەكان سەرەی وشەكە دەردەخات، لەڕووی سیمانتیكیەوە هێز بەلای پاشگرەكە ڕادەكێشرێت بەمەش پاشگر شوێنی سەرە دەگرێتەوە، بەڵام چۆنیەتی جووتكردنی لقی درەختەكان پەیوەندییە سینتاكسیەكە دەگۆڕێت

بۆ نموونە:

- a




– B






**ناکردە**

**لەلێکدانەوەی (a, b) یدا هەرچەندە هەریەك وشەی داڕێژراوە بەڵام ڕۆنانی داڕشتنەکەیان جیاوازە، بەمەش دابەشبوون بنچ و گیرەکەکان (پێشگر و پاشگرەکان) کاردەکەنە سەر واتاو لایەنی سیمانتیکی وشەکە دەگۆڕن، بەمەش واتای درەختی (a) دەبێتە (ناتوانرێت بکرێت)، کەچی واتای درەختی (b) دەتوانرێت نەکرێت. (بڕوانە:صباح رشید2009: 45).**

**لەو نموونەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا ئەوەی نیشانەی (+) ی لە نێوان بنچ و گیرەکەکان دادەنرێت، تەنها لە فۆڕم و ڕۆنانی سەرەوە ناوەستێت، بەڵکو دەچێتە ڕۆنانی ژێرەوەوە، فۆڕمی سیمانتیکی وشەکە، ئەو جۆرە یاسایە لە چینداری(1) دا زیاتر دێتە کایەوە.**

**ر – تایبەتمەندی سینتاکسی:**

**سەبارەت بە تایبەتی سینتاکسی مۆرفیمە ڕێزمانییە ناڕێکەکان دەچێتە بواری لقی ڕەگەزی Subcategorization کە تیایدا بنجەکە دوای وەرگرتنی پێشگرەکە سیمای داواکارییەکانی دەگۆڕرێت، بۆ نموونە:**

1- **پیاوەکە کارەکەی کرد.**
2- **پیاوەکە کوڕەکەی لە کارەکە دەرکرد.**

**لەباری یەکەمدا کرداری "کردن" داوای (np) وەکو لقە ڕەگەزی پێوسیت داوا دەکات، واتە کردارەکە دەبێتە (v – np) کە بۆخۆی وەکو بەرکار وەریدەگرێت.**

**کەچی کرداری "دەرکردن" لە نموونەی دووەمدا لەپاڵ وەرگرتنی (np) ییەك وەکو فرەیزێکی بەرکاری، بەڵام بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات بە ڕستەکە پێویستی بە (pp) ییەك هەیە واتە فرەیزێکی بەند.**

واته (V-NP-PP)

هێنانە ناوەوەی (PP) لە ڕستەکەدا لە ڕێگەی ڕۆڵی بابەتانەی پێشگری (دەر) ەوە دەبێت.

بە هەمان شێوە هاتنی پێشگری (دە) وەکو ڕێژەی کردارەکە دوو شتی لێ دەکەوێتەوە:

دەهات

1- دە + هات چینداری(2)

2- دێت چینداری(1)

لەباری یەکەمدا هاتنی ڕێژەی (دە) بەردەوامی ڕێگە لە دەرکەوتنی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ناکرێت، سیمای چینداری (2) کە دەکرێت وەکو ئەوەی خوارەوە بنوێنرێت.

دە # بنج + کاتی ڕابردوو

لەباری دووەمی هاتنی کردارەکەدا گیرەکە ڕێزمانییەکەی کات تیایدا ون دەبێت و دەکرێت بەو شێوەیەی خوارەوە بنوێنرێت:

دە + ( بنج + Ø).

تێبینی ئەوە بکە کەوا (بنج و Ø) بۆیە لە نێوان کەوانەیەکدا سنووررێژ کراون، چونکە نیشانەی کاتەکە لەناو بنجەکەدا دەتوێتەوە.

لێرەدا پێویستمان بەوە هەیە ئاماژە بە دوو حاڵەتی جیاواز بکەین، ئەویش (چینی(1) و ناوێزەیی لە کردارەکاندا، واتە Suppletion کاتێك کە بنجەکە لەنێوان دەمکاتی کارەکاندا لەیەکتر دوور دەکەونەوە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا:

Go – went – gone 

کاتە ڕابردووەکەی هیچ پەیوەندیەکی بە بنجەوە نامێنێت.

سەبارەت بەزمانی کوردیش لە نموونەی:

گوتم ڕابردوو

دەمگوت ڕابردووی بەردەوام

دەڵێم ڕانەبردوو

واتە داڕشتنی "گوت" پەیوەندییەکی پتەوی بە مۆرفیمی کاتی ڕانەبردووەوە هەیە، ئەمە دەکرێت لە چینی یەکەم بە یاسای:

پێشگر + بنج چارە بکرێت، نەك ناوێزەیی.

لەزمانی فارسی ئەو کێشەیە بەو جۆرە نایەتە کایەوە بۆ نموونە:

گفتم گوتم

می گفتم دەمگوت

می گویم دەڵێم

↗ پێشگر + بنج، چونکە گۆڕانی دەنگی دواى هاتنی (می) ئەسپێکتی بەردەوامی ڕوودەدات، (ف ⟵ و) ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی داڕشتن لە چینی (1)دا.

## 2-2-4-1-2- گیرەکی ڕێزمانی (ەکە)ی ناسیاوی:

### سنوری ئەو گیرەکە بەپێی بنجەکانی:

ئەو گیرەکە وەکو پاشگر بە بنجەوە دەنوسێت و چەمکێکی ناسیاوی (ژمارە) دەدات بەو بنجە، ئەو پاشگرە بەشە ئاخاوتنی"ناو" وەکو بنج هەڵدەبژێرێت بە گشتی، بەڵام زۆرجار لەو بنجە دەترازێت و بە شوێنی ترەوەش دەلکێت ، ئێمە دەکرێت سەبارەت بەو پاشگرە ئەو سیمایانەی خوارەوە جێگیر بکەین:

1- بنجی ڕاستەقینەی پێو نووسان لەو پاشگرەدا ناوە.
2- دەچێتە سەر فرەیزی ئاوەڵناوی و فرەیزی ناوی، جا فرەیزەکە لە تاکە ناوێك یان زیاتر پێك هاتبێت.
3- ئەو بنجانەی کە بە (نەبزوێن) کۆتاییان دێت هیچ گۆڕانگاریەك ناخەنە ئەستۆی گیرەك وبنجەکەوە (گۆڕانکاری فۆنۆلۆجی)، بەمە دەکرێت بوترێت لەو جۆرە زیادکردنەدا ئەو پاشگرانە لە چینداری (2) کاردەکەن.
4- لەزیادکردنی بنجەکەدا هەردوو حاڵەت ڕوودەدات، یان فۆڕمی دەنگی گیرەکەکە خۆی یان فۆڕمی دەنگی بنجەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.
5- هەردەم ئەو پاشگرەو پاشگرەکانی تری ڕێزمانی هێزی وشەکە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.
6- کە دەچنە سەر فرەیزە فراوانکراوەکان ئەو پاشگرە زیاتر لەسەر دوا بڕگە دەنیشێتەوە.

7- کە دەچێتە سەر وشە لێکدراوەکان گۆڕانکاری بەسەر فۆڕمی وشەی بنجەکەدا دێنێت.

لێرەدا بەپێی ئەو خاڵانەی ڕابردوو نموونەی پێوەنوسانی ئەو گیرەکە بەپێی سیماکانیان دەخەینە ڕوو:

1- گوڵ + ەکە ⟵ گوڵەکە

یاساکەی دەبێتە:

بنج + پاشگر

واتە: x # پاشگر

ئەم یاسایە لە چینداری(2) کاردەکات.

| | |
|---|---|
| 2- دارەبەرزەکە | (فرەیزی ئاوەڵناو) |
| بەرزەکە | (ئاوەڵناو # ەکە) |
| جونەکە | (ئاوەڵناو # ەکە) |
| دارەکە | (ناو # ەکە) |
| شارەکە | (ناو # ەکە) |
| 3- دیوارەکە | (ناو # ەکە) |
| پەرژینەکە | (ناو # ەکە) |

4- ناو + گیرەك:

چرا + ەکە ⟵ (چرا + ~~ە~~کە)
چرا + ەکە ⟵ (چرا + ی +ەکە) } گۆڕان لە فۆڕمی پاشگرەکە.

خانو + ەکە ⟵ (خانۆکە) و ⟵ ۆ
کانی + ەکە ⟵(کانێکە) ی ⟵ ێ

لەم نموونەیەدا دوو گۆڕان ڕوو دەدات:

أ- گۆڕان لە فۆڕمی بنجەکە:

گۆڕینی دوا دەنگی بنج (و ⟵ ۆ)

خانو ⟵ خانۆکە

گۆڕینی دوا دەنگی بنج (ی ⟵ێ)

کانی ⟵ کانێکە

ب- لەناوچوونی دەنگی/ە/ ی پاشگرەکە:

خانو ⟵ خانۆکە

کانی ⟵ کانێکە

دەکرێت ئەو گۆڕانکارییە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی یاسای توانەوە.

یاساکە:

و + ە ⟵ ۆ

ی + ە ⟵ ێ

یاسای مۆرفۆ فەرهەنگیەکە دەبێتە:

بنج + پاشگر

↗ئەم یاسایە جوانترین نموونەیە بۆ کارکردنی ڕێبازی مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی لە چینداری یەکەمدا.

5- گوڵ + ەکە ⟵ گوڵەکە

دار +ەکە ⟵ دارەکە

6- کوڕ و باوکەکە: کو/ ڕو / باو/ کە/کە

گوڵ و خونچەکە: گو /ڵو /خون/چە /کە

7- گوڵی سوور ⟵ گوڵە سوورەکە

ڕەشەبا ⟵ ڕەشەبایەکە (ڕەشەباکە)

کێوی بەرز ⟵ کێوەبەرزەکە

هۆی ئەو تێکشکاندنەوەی فۆڕمی وشەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا پاشگرە وشە لێکدراوەکە بەر لە شکاندنەوەکە (inflected) لە ئاستی مۆرفۆلۆجی تۆماردەکرێت و لەفەرهەنگی زماندا نیشانە دەکرێت، کە پاشگری (ەکە) دەچێتە سەر، لەژێر دەسەڵاتی مۆرفۆلۆجی بۆ ژێر دەسەڵاتی سینتاکسی دەیبات، واتە لە وشەوە دەیکات بە فرەیز.

ئەو پاشگرە (ەکە) بە دوو یاسا کاردەکات:

أ- X # ەکە (پاشگر)

↗ هەر بنجێك

ب- X + ەکە (پاشگر)

دەکرێت لەو شوێنانەی گۆڕانکاری لە سیما گیرەکەکە ڕوودەدات بەو یاسایە کاربکات:

یاسا:

X + (+ەکە) چرا + ەکە ⟵ چراکە

X + (-ەکە) چرا + ەکە ⟵ چرایەکە

**ب- وەسفی فۆنۆلۆجی ئەو گیرەکە: Phonological Specification**

ئەو پاشگرە کە دەچێتە سەر وشەیەکی یەك بڕگەیی و بەبزوێنی درێژ کۆتایی هاتبێت، ئەو کاتە (هێز) هەر بەرەو پاشگرەکەوە دەچێت، بەڵام تا ڕادەیەك هێزەکە لاوازتر دەبێت لە حاڵەتی ئاسایی خۆی.

با + ەکە ⟵ باکە (هێزەکە لاوازە) بنجی یەك بڕگەیی

دیوار + ەکە ⟵ دیوارەکە (هێز ئاساییە) بنجی فرە بڕگەیی

**پ- دەروازەی فەرهەنگی پاشگری (ەکە):**

1- وەسفی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی ئەو پاشگرە.

- فۆڕمی فۆنۆلۆجی ئەو پاشگرە.

2- فۆڕمی ناکەرتی پاشگری (ەکە) /- ەکە/ هێز لەو پاشگرەدا لایەنگرە، non-neutral

بە واتای ئەوەی گیرەکەکە هێزی وشەکە دوای پێوەلکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. بەمەش فۆڕمی ناکەرتی Supra segmental ئەو پێشگرە (لایەنگرە نەك بێلایەن).

گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر بنجەکەدا دێنێت:

خانوو + ەکە

خانۆکە

- لەکاتی لکانییەوە بە بنجەکانەوە دیاردەی بڕین (truncation) دێنێتە کایەوە:

خانی ـــ ەکە

[خان] ێ کە

## 3- تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی: Morphological specification

- ناو، فرەیزی ناوی، ئاوەڵناو، فرەیزی ئاوەڵناوی وەکو بنج بۆ پێوەلکان هەڵدەبژێرێت.

- وشەی سادەو ناسادە بۆ پێوەلکان (وەکو بنج) هەڵدەبژێرێت.

پیاوەکە

پیاوە چاکەکە

پشت دیوارەکە

## 4- سیمای زیادکردن یان لادان لە خۆدەگرێت:

چرا + ەکە ⟵ چراکە (لادان)

هەڵۆ + ەکە ⟵ هەڵۆیەکە (زیادکردن)

- دەچێتە سەر چاوگ و وەکو ناو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

- دەچێتە سەر فرەیزی ئاوەڵکارییەوە:

سەربانەکە

بەیانییەکە

## 5- ئەلۆمۆرفەکانی ئەو گیرەکە:

( - ە): کوڕ ( - ە) هات و نەگەڕایەوە.

(ئەو — ە) : ئەو دار (- ە).

بەهەردوویان فۆڕمی ناسیاویەکە دەگەیەنن

مۆڕفیمی (- ەکە):

مۆرفی (کە) : باکە

مۆرفی (یەکە) : بایەکە

مۆرفی (ك) : هەڵۆ + ك + ان.

## 6- هاوبێژەکانی ئەو گیرەکە:

أ- ەکە: ناسیاوی (گیرەکی ڕێزمانی)

ب- ەکە: وشەدارِێژ (پول + ەکە)

↗ مۆرفیمی وشەدارِێژەکە

ج- کە: لەوشەی بن +کە ⟵ بنکە

↗ لێرەدا مۆرفیمی وشەدارِێژ رِەفتار دەکات

ئەمانە لەئاستی رِێزماندا (- ەکە) ی ناسیاوی کەلەگەڵ گیرەکەکانی تری رِێزمانی دێت بە تایبەتی کە بە ناوەوە دەلکێت، پێش گیرەکەکانی تر دەکەوێت لەناو ئەو دەستە گیرەکانەی کە بەناوەوە دەنوسێن. (بڕوانە: Mccrus1958: 47).

گوڵ + ەکە + ان

گوڵەکان

بەڵام دوای گیرەکە وشەدارِێژەکان دەکەوێت.

پەپولەکان.

## 7- وشە بەرهەمهاتوەکانی دوای دارِشتن وشکاندنەوە:

لەهەموو ئەو ناو، و فرەیزانەی ئەو پاشگرەیان دەچێتە سەر دەبنە کەرەستەیەکی ناسیاوی.

کەواتە ئەو دوو پاشگرە لەژێر دەسەڵاتی هەردوو یاسای:

1- AFF + X

2- AFF + X کاردەکات.

واتە لە ئاستی چینداری(1) و (2) دا کاردەکات، بەڵام لەهەردوو بارەکەدا ئەم گیرەکە (بێلایەن ــ neutral) ناوەستێت.

## 2-4-2-2: گیرەکە وشەدارِێژە نارِێکەکان

گیرەکە وشەدارِێژەکانیش بە وێنەی گیرەکە رِێزمانییەکان دەکرێن بە دوو چینەوە یان دوو ئاستیان دەبێت:

- مۆرفیمە وشەدارِێژە رِێکەکان.
- مۆرفیمە وشەدارِێژە نارِێکەکان.

هەر یەکێك لەو گیرەکانە بەسەر دوو ئاستدا دابەش دەبن، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی کردنە، کەوا گیرەکە وشەداڕێژەکان لە زمانی کوردیدا زیاتر ڕوویان لە ڕێکبوونەوەو بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجیەکان پێوەلکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، گیرەکە ناڕێکەکان لەژێر پایەی یاساکانی چینی یەکەمدا داڕشتنەکانیان ئەنجام دەدەن، کەچی گیرەکە ڕێکەکان لەژێر پایەی یاساکانی چینی دووەمدا بەڕێوەدەچن.

ئێمە هەوڵدەدەین لەو بەشەدا هەردوو جۆری گیرەکەکان (ناڕێك و ڕێکەکان) بەرینەوە ژێر یاساکانی وشەداڕشتن، (WFRs) و بەپێی ڕێبازی مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی شیکردنەوەیان بۆ بکەین، ئێمە ژمارە نموونەیەك بۆ شیکردنەوە هەڵدەبژێرین لە چینەکاندا (هەردوو چینەکە) سیمای فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکیەکانییان دەستنیشان بکەین.

## 1-2-4-2-2: گیرەکی وشەداڕێژی (ڕا ~)

أ- سنووری ئەو پێشگرە بەسەر بنجەکانەوە:

ئەو پێشگرە دەچێتە سەر ڕەگی کارەوە، وناوی داڕێژراو دروست دەکات.

ڕایەخ

ڕا + خستن

ڕا + بنج (بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف1977: 65).

ڕا + یە(خ لە خستن)

گۆڕانێکی تەواو دەخاتە سیماو فۆڕمی دەنگی بنجەکەوە، لە بنجی (خستن) تەنیا /خ/ وەکو ڕەگی کردارەکە دەمێنێتەوە، [یە] وەکو زیادەیەك بۆ بنجەکە زیاد دەکرێت کەواتە:

ڕا + یە +خ

بۆ نموونە:

| بنجەکان | داڕشتنیان |
|---|---|
| خستن | ڕاخستن |
| کردن | ڕاکردن |
| بردن | ڕابردن |
| گرتن | ڕاگرتن |

بەڵام دارِشتنی (ڕایەخ) کە ناوێکی دارِێژراوە لەرِەگی کردارەکەوە دادەرِێژرێت، ئێمە پێمان وایە ڕایەخ زۆر لە بنجەوە کە کرداری ڕێکخستنە دوور کەوتۆتەوە، ئەو بنجەی کە دەبێتە بنکەی وەرگرتنی (ڕا~) هەردوو جۆری تێپەڕو تێنەپەڕی کردارەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

| کرداری تێپەڕ | کرداری تێنەپەڕ |
|---|---|
| ڕاگرتن | ڕاکردن |
| ڕاخستن | ڕابواردن |
| ڕاگواستن | ڕادێران |
| ڕاسپاردن | ڕاکردنەوە |

مەرج نییە ئەو پێشگرە تەنها بچێتە سەر بنجی سادەوە، بەڵکو دەچێتە سەر بنجی ناسادەش:

ڕاخستنەوە

*ڕاهەڵخستن

ئەوەی پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، ئەوەیە کەوا لەکاتی ئەوەی لەو جۆرە وشانەی سەرەوەدا کاتێك کە ئەو ناوەی وەکو بەشێك لە فرەیزێك لەگەڵ بەشێك لەوشە دارِێژراوەکە دێت وەکو سەرە ڕۆڵ دەبینێت:

| گوێ | هەڵخستن | جێ ڕاخستن |
|---|---|---|
| Head | complement | سەرە تەواوکەر |

(جێ ڕاخستن ەکە)

| ناو | ناوی دارِێژراو | ناسیاوی |
|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 |
| Ø | 2 | 3 |

ڕاخستنەکە

جێ : لەو فرەیزەدا وەکو سەرە دەردەکەوێت، دوای لادانی ناوی(جێ) (ڕا ـ) وەکو سەرە جێگەی دەگرێتەوە.

قۆناغی دوای ئەوە (ڕایەخ) دێتەکایەوە ئەمجارەیان:

[یەخ] بۆ دەگۆڕێت [خستن] وەکو سەرە دەمێنێتەوە، بەڵام فۆڕمی فۆنەتیکی [ڕا -]

و وەکو تەواوکەر کاردەکات.

## ب. وەسفی فۆنۆلۆجی ئەو گیرەکە:

بەهۆی ئەوەی ئەو گیرەکە لە چینی یەکەم کارا دەکرێت لەکاتی داڕشتنەکاندا ناتوانێت بێلایەن بوەستێت لەڕووی وەرگرتنی هێزەوە.

ڕا ́یەخ       فۆڕمی فۆنۆلۆجی پێشگرەکە [ڕا -]

[ڕا -] هێزەکە بۆخۆی ڕادەکێشێت بە دوو هۆکارەوە:

1- ئەسڵ لە زمانی کوردی وایە، کە گیرەکە وشەداڕێژەکان (بەتایبەتی پاشگرەکان) هێزی وشە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، پێشگرەکانیش لەو سیفەتە بێبەش نین،

2- [ڕا -] وەرگری بزوێنێکی درێژە بەمەش لە دوو بڕگەی ئەو وشەیەدا:

ڕا - یەخ: هێزی بۆ بڕگەی یەکەم دەگوازرێتەوە.

بەڵام کاتێك وشەکە (ناوە داڕێژراوەکە) زیاتر لە دوو بڕگە بوو، بڕگەکانی تریش بزوێنی درێژیان هەبوو وەکو کڕۆکی بڕگەکە، وەکو:

ڕاگیری.

ڕاگرایەتی .

ڕاوەستان.

ئەگەر هێز هەر لەسەر [ڕا -] جێگیر بکرێت، ئەو کاتە واتای وشەکە دەگۆڕرێت، و زۆرجار جۆری وشەکەش دەکەوێتە سنورێکی ترەوە، بۆ نموونە:

<u>ڕا ́وەستان</u> (دەبێت بە فرەیزێك یان ڕستەیەکی وا لە ناوەڕۆکدا واتای (ئەوان ڕاوەستان، یان ئەوان وەستان) دەدات بەدەستەوە).

<u>ڕاوەستا ́ن</u>

دەبێتە چاوگێکی داڕێژراو کە مامەڵەی ناوی داڕێژراوی لەگەڵدا دەکرێت.

کاتێك کە [ڕا -] دەچێتە سەر بنجێکی نasادە [کێشانەوە] ئەو کاتە پاشگرەکە بەهێزتر دەبێت لەڕووی ڕاکێشانی هێزەکەوە.

ڕاکێشانەوە

ڕا        کێشان            ە٘وە

ئەمەش ئەوە دەردەخات لە دەرکەوتنی پێشگر و پاشگر لە وشەیەکی داڕێژراودا پاشگر بەهێزتر دەردەکەوێت و مەبەست و ماناکە دەپارێزێت، کاتێك کە دوو گیرەك وەردەگرێت، بەڵام هەردوویان پێشگر بن وەکو:

ڕاوەدونان        (ئەمە دیالێکتیکییە).

(ڕابەدواکەوتن)

1. دەچێتە سەر گیرەکی دووەم.

ڕا وە٘دونان

2. دەچێتە سەر بنجەکە.

ڕاوەدونا٘ن

کە ڕاکێشانی هێزەکە لە (ڕا –) پەڕیەوە بۆ (وە –) بەهۆی (دوونان) بزوێنە درێژەکەی هەیە زیاتر هێزەکە بۆ لای دوا بڕگە دەچێت:

ئەو پێشگرانەی بەرامبەر (ڕا –) دەوەستن لە زمانی کوردیدا.

ڕاگیر: (ڕا – گرتن)

ئەم داڕشتنە لە (ڕاگیران) ەوە نەهاتووە، بەڵکو لە ڕاگرتنەوە هاتووە، بۆیە یاسامەی دەبێتە:

(ڕا + گرتن) لەچینی یەکەم کاردەکات.

نەك        (ڕا # گیران) لەچینی دووەم کاردەکات.

لایەنی دووەمی کاریگەری دەنگی ئەو پێشگرە (ڕا –) بەسەر بنجەکەوە ئەوەیە کەوا گۆڕانی دەنگی لە فۆڕمی دەنگی بنجەکە دێنێتە کایەوە:

(ڕا –) + خستن ⟵ ڕایەخ

ڕا + خ

ڕا + یە + خ

1    2    3

هەردوو دەنگی /ی + ە/ بۆ بنجەکە زیاد دەکرێت بۆ ئەوەی وشەیەکی داڕێژراوی وەکو (ڕایەخ) ی لێ دروست بکرێت کەواتە:

یاسای:

Derivate word ⟵ X + AFF

بەسەر ئەو نموونەیەدا جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش لە نێوان پێشگرو بنج و داڕشتنەکەدا بەم قۆناغەی خوارەوەدا تێ دەپەڕێت:

یاساکانی داڕشتنی وشە (WFRs)

سەرەتا بەهۆی ئەوەی ئەو داڕشتنەی وشە لەچوارچێوەی چینی(1) جێبەجێ دەبێت، سەرەتا وشەیەکی دانەڕێژراومان دەبێت:

1- وشەیەکی دانەڕێژراومان underivated دەبێت.

[Base + root]

ئەمە کە دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی یاساکانی وشەداڕشتن سەرەتا بەر لەکردەی داڕشتن بە قۆناغی هەڵبژاردن [selection] دا دەڕوات و [ڕا-] وەکو پێشگر هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ بنجەکەدا بگونجێت [ڕا-] دوای هەڵبژاردنی [ڕا-] دەبێت ڕەگێکی بۆ هەڵبژێردرێت، لێرەدا یاسا مۆرفۆلۆجییە ناڕێکەکانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

[ڕا ~ + خستن]

[ڕا - + خستن] irregular morphological vule

[ڕا - + خ] یاسا فۆنۆلۆجییەکان

[ڕا + یە + خ]دیاردەی truncation addition ی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت

دوای ئەو قۆناغانەی وشەیەکی داڕێژراومان دەست دەکەوێت کەلەبنجەوە ⟵ یاسای مۆرفۆلۆجی ناڕێك ⟵ یاسای فۆنۆلۆجی ⟵وشەداڕێژراو بەمەش یاسای:

پێشگر + بنج

پێشگر + گۆڕانی دەنگی + بنج ⟵ئەنجام

1 2 3 ناوێکی داڕێژراو

ڕا ́یەخ : هێز بۆ لای گیرەکەکە ڕادەکێشرێت، واتە ئەو گیرەکە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بێلایەن نییە.

بنجێکی دانەڕێژراو + یاسا نارێکەکانی مۆرفۆلۆجی + یاسای فۆنۆلۆجی ⟵ وشەیەکی داڕێژراو.

**پ- ئەو گیرەکانەی بەرامبەری دەوەستن:**

"ڕایەخ" دەبێت ناوێکی داڕێژراو وەکو کەرەستەیەکی ڕاخستن کار دەکات: لەبەرامبەردا

پێ : پێ خەف ⟵ خەفتن (خەوتن)

پێ خۆر ⟵ خواردن

پێ گر ⟵ گرتن

~ ەك:

کوتان ⟵ کوتەك

~ەڕ:

بڕین ⟵ بڕەر (بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف2001: 130).

**ت- یاساکانی بڕین و زیادکردن: Rules for truncation and adding**

(ڕا~ + یە + بنج + بڕین)

1 2 3 4

پێشگر زیادکردن بنج بڕین (truncation).

ڕایـــــەخ : وشەیەکی داڕێژراو

(گــۆیــا)

(گوتن + ~ 1) وەکو زانا، دانا،....هتد

(گۆ + ی + ا)

گۆڕینی ڕەگی گوتن — زیادکردنی یاسای وشەداڕشتن — پاشگری /ا/

(گۆ + ی + ا -)

1 2 3

بڕین و گۆڕین — زیادکردن

گۆڕینی و ⟵ ۆ + پاشگری [- 1]

وەکو زانین ⟵ زان + ا ⟵ زانا

دانا

هەندێك جار لە نموونە ئینگلیزیەکاندا ئەوە بەرچاو دەکەوێت، کەوا لەڕواڵەتدا هیچ گۆڕانکاریەکی دەنگی و جێگۆڕکێی فۆنیمەکان بەرچاو ناکەوێت، بەڵام گۆڕانی دەنگی دێتە کایەوە، کە لەژێر ڕکێفی دیاردەی توانەوە – assimilation- دێنێتە کایەوە:

بۆ نموونە:

| Base | derivation |
|---|---|
| Context | contextual |
| Event | eventual |
| Intellect | intellectual |
| Percept | perceptual |
| Text | textual |

لێرەدا دوا دەنگی (base) ەکە، کە /□/ ییە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر نایەت، و تەنیا پاشگری (ual - ) زیاد دەکات، لە سیماو ڕواڵەتدا تەنیا زیادکردنەو هیچ دیاردەیەکی (truncation) و (change + addition) ڕوونادات، بەو پێیە بێت دەبێت ئەو دیاردەی داڕشتنی وشەیە لەژێر چینی (1) و بە یاسای affix + x کارنەکات، بەڵکو بە یاسای affix # x کار بکات. (بڕوانە: Thomson dale2008: 140).

بەڵام لە ڕێگەی توانەوە دوا دەنگی بنجەکە + یەکەم دەنگی پاشگرەکە کۆ دەبنەوەو دەنگێکی نوێ دێننە کایەوە، واتە دەنگی /u +t / ⟵ tu بەرامبەر دەنگی /ch/ ی ئینگلیزی دەوەستێت، بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا دیاردەی assimilation تواندنەوەش دەکەوێتە سنوری چینی(1) لە شیکردنەوەی گیرەکەکاندا، ئەمەش وا دەکات کەوا ئەو گیرەکە لەو چالاکییانەدا بێلایەن نەوەستێت.

سەبارەت بە زمانی کوردی دیاردەی تواندنەوە یان کۆکردنەوەی دوو دەنگ لە دەنگێکی نوێدا لەکۆبوونەوەی دەنگەکانی:

گ + ی ⟵ J

G +:I ⟵ J

ئەوە دەکرێت بچێتە خانەی گونجاندن، ئەوە کارتێکردنی دەنگی و دراوسێتی بزوێن و کۆنسنانتن، بە وێنە لە زمانی کوردیدا کاتێك دەنگی /ك ، گ / دەکەونە پێش دەنگی / ێ، ی ، وێ، وی/ یەوە شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕردرێت و تا ڕاددەیێك لەتەلەفوزی دەنگی /چ، ج/نزیك دەبنەوە:

کیسە ، کێر ، گێلاس ، گیسك ، گوێ ، هەنگوین .... (بڕوانە: میدیا1988)

واتە i: + g ⟵ J وەکو گیان

یان G +k ⟵ ch کێ

کێبڕکێ kebirche

پێشبڕکێ peşbirche

یان لە وشەی داڕێژراوی وەکو:

گیابەند Jiyaband

ئەمانەی لەسەرەوە لێی دواین دەکرێت بچێتە بواری فراوانکردنی بنجەکە، یان قەدی ناوە داڕێژراوەکە:

〔ڕا - 〕- خ

〔ڕا - 〕یەخ .

لەلایەکی ترەوە بەپێی یاسا فۆنۆلۆجیەکان، کە لەبەشی یەکەمی ئەم نامەیە ئاماژەمان پێدا، بەیاسای ژینگەی فۆنەتیکی لە نێوان دەنگە گڕ و کپەکانی زمانی کوردیدا دیسانەوە یاسا فۆنۆلۆجیەکانی داڕشتنی وشە لە چینی(1) داڕشتنەکاندا کارا دەکرێتەوە.

دەست +گا

دەزگا

یان لە وشە لێکدراوەکاندا:

دەست + ڕێژ (ڕژاندن، ڕشتن) گۆڕانەکە هەردوو پارچەی لێکدانەکە دەگرێتەوە.

دەست + ڕشاندن

ست ⟵ ز

ڕژان / ڕیشاندن ⟵ ڕێژ

لەهەردوو بارەکەدا

Aff + x دەز + گا

↓

پێشگر

دەست + ڕێژ      Base +base

دەزڕێژ      واتە:

وشەیەكی دانەڕێژراو

| | | |
|---|---|---|
| بنج | بنج | بنج |
| + | ↓ | ↓ |
| گیرەك | یاساكانی مۆرفۆلۆجی (یاسای ناڕێك) | گیرەك |
| + | ↓ | ↓ |
| گۆڕانی دەنگی | یاساكانی فۆنۆلۆجی<br>یاسای بڕین<br>یاسای توانەوە<br>یاسای + زیادكردن | گۆڕانی دەنگی<br>چینی(1) |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| وشەیەكی داڕێژراو | بەرهەمێكی داڕێژراو | ناوێكی داڕێژراو |

## ج- وەسفی مۆرفۆلۆجی ئەو گیرەكە:

گیرەكی(ڕا-) كەوەكو پێشگر لە داڕشتنی وشەدا كاردەكات، ژینگەی یاوازی هەیە بۆ پێوەلكان، بەڵام لەو نموونەی ئێمە بە هەمان فۆڕم زۆر بە دەگمەن خۆی دەئاخنێتە ناو ئەو فۆڕمەوە دەكرێت بڵێین بە فۆڕمی (ڕایەخ) تاكە فۆڕمە لە زمانی كوردیدا، زۆر جار زمانەوانەكان هەندێك لەو پێشگرو پاشگرانە وەكو ئەلۆمۆرفی گیرەكی ترسەیر دەكەن بۆ نموونە:

ڕا ، ڕێ ، ڕەه

لە نموونەی وەكو

ڕابەر

ڕێبەر

ڕەهبەر

هیچ گۆڕینێکی واتایی بە بنجەکە نابەخشن، لەبەر ئەوە وەکو ئەلۆمۆرفی یەك گیرەك سەیر دەکرێت، بنجەکە زۆرجار ڕۆڵی دەبێت لەگۆڕینی واتادا بۆ نموونە:

(ڕابەر) بەبەراورد بە (ڕاگر) و (ڕاخەر) گیرەکەکە واتە پێشگری (ڕا -) لەو وشانەدا شوێنکەوتەی بتجەکان دەبن و ناتوانن بێلایەن بوەستن.

| | | |
|---|---|---|
| ڕابەر : | چاوساغ و ڕێنیشاندەر | |
| ڕێبەر: | چاوساغ و ڕێنیشاندەر ئاڕاستەیەکی ئاسۆیی | ⟵ |
| ڕاگر: | ستوون، ئەستوندەگی ئاڕاستەیەکی ستونی | ↑ |
| ڕاخەر: | ئەو کەسەی کاری ڕاخستن ئەنجام دەدات | ↓ |
| ڕادەست: | تەسلیم کردن، دەست بەدەست | ⟶ ⟵ |

## چ- دەروازەی فەرهەنگی ئەو پێشگرە (ڕا -)

### 1- فۆڕمی فۆنۆلۆجی ئەو پێشگرە /ڕا -/

### 2- فۆڕمی ناکەرتی پێشگری (ڕا -)

پێشگری (ڕا-) لەژێر ڕکێفی یاساکانی داڕشتنی وشەدا بێلایەن ناوەستێت ئەمەش بەپێی ژمارەی بڕگە و جۆری بزوێنەکان جیاوازی تێ دەکەوێت، لە بنچینەدا لە زمانی کوردی هێز بۆ لای گیرەکە وشە داڕێژەکان کێش دەکرێت، بەڵام ئەمەیان چاکتر لە گیرەکە پاشگرەکان دەستەبەر دەکرێت، وەکو وتمان لە پێشگرەکاندا:

1- ژمارەی بڕگەکان.

2- جۆری بزوێنەکانی بنج.

3- بەراوردی نێوان دوو بزوێن لە دوو بڕگەدا ( کورتی و درێژی).

4- لە بوونی هەردوو پاشگرو پێشگردا هێز بۆ لای پاشگرەکە دەچێت.

ئەوەی کە شایەنی وتنە، کەوا پێشگرەکان لە بنچینەدا جیا لەو مەرجانەی سەرەوە خۆیان لەڕووی وەرگرتنی هێزەوە بێلایەن دەوەستن، بەمەش دەکرێت بووترێت کەوا:

ڕاکر ´دن ra:kird͡:n

تێ ڕا َکردن : لەو وشەیەدا (تێ -) بێلایەن دەوەستێت، بەڵام (ڕا) سەرلەنوێ هێزەکە وەردەگرێت، واتە (پێشگر + بنج) بنجەکە ئەو هێزە وەردەگرێت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا بڕگەی دووەم زیاتر کێشکاری هێزەکە دەبێت.

لە نموونەی : ڕاگەیاندن

ڕا/ گە / یان / دن

بەپێی یاساکە دەبێت هێز لە (ڕا -)ەوە بگوازرێتەوە بۆ سەر بڕگەی دووەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی بڕگەی دووەم، بزوێنێکی کورتی هەیەو بڕگەی دوای ئەوە بزوێنەکەی درێژە، هێزەکە بڕگەی دووەمیش جێ دەهێڵێت بۆ بڕگەی سێیەم – پێش کۆتایی.

ڕا گە یا َن دن (بڕوانە: bauer2015: 63).

## 3- گۆڕانی دەنگی بەسەر بنجەکەدا دێنێت:

[ڕا - خستن]

ڕا – خ

ڕا – یە –خ

## 4- لەکاتی لکانییەوە بە بنجەوە ئەو پێشگەرەی کە لەچینی یەکدا کاردەکات دیاردەکەوێت:

1- بڕین truncation

2- توانەوە assimilation

3- زیادکردن addition

دێنێتە کایەوە.

## ح- تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی:

پێشگری (ڕا -)لە بنچینەدا بە ڕەگی کردارەوە دەلکێت، ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێت کە ڕاستەوخۆ بە چاوگەکانەوە بلکێت:

ڕاکردن ⟵ ڕاکردە

ڕاگرتن ← ڕاگر

ڕاسپاردن ← ڕاسپاردە

ڕا – دان ← بەڕادان دان

ڕاسان ← میوەڕەسان

## خ- تایبەتمەندی سینتاکسی:

دوای داڕشتنی هەر ناوێك بە هاوکاری بنجێکی کرداری ئەو کاتە:

ئەو وشە داڕێژراوە دەرگای خۆی لە ڕووی گیرەکی تری وشە داڕێژ دەکاتەوە:

ڕاگر ← ڕاگرایەتی

ڕابردە ← ڕابردەیی

جاری واش دەبێت، کە دەرگای فراوان بوونی بنکە دادەخات لە ڕووی گیرەکی وشە داڕێژی تر:

بۆ نموونە:

ڕایەخ #

ڕاوەدونان #

کەچی هەموو دەم دەرگای وشە داڕێژراوەکە لە ڕووی گیرەکە ڕێزمانییەکان کراوەیە و داناخرێت، بەڵام دوای گیرەکە ڕێزمانییەکە دووبارە هیچ گیرەکێکی وشەداڕێژ پێوەلکانی نامێنێت.

ڕایەخ + ەکە + ان

ڕایەخەکان

ڕاگرایەتییەکە

٭ڕاگرەکە #یەتی






## 2-2-4-2-2: گیرەکی ~گا/گە

ئەو پاشگرە دەچێتە سەر ناو، ناوێکی دارڕژاو بەچەمکی جیاواز دروست دەکات [گە / گا] (ئەلۆمۆرفی یەکترن) و دەکرێت لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن، بەڵام هەندێك وشە هەیە، زیاتر چێوەڕێژی بەیەکیان دەگرێت زیاد لەوەی تر، بۆ نموونە:

دەست +گا ⟵ دەست گا ⟵ دوای کاراکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکە لەیاساکانی دارشتنی وشەدا دەبێتە (دەزگا)، گۆڕینی دەنگی /ست/ بە /ز/، بەڵام هەندێك لە گیرەکان بە بنکەی جیاوازەوە دەلکێن و ئەرکی جیاواز و چەمکی جیاواز دێننە کایەوە، سیفەتی هەندێك لە پاشگرەکان لەوەدایە، کە بەبنجی وشە و ناوشە، وشەی سادە و ناسادەوە دەلکێن. (بڕوانە:quirk1985 :155).

نموونەکان:

| بنج | بنجی دارڕژاو |
| --- | --- |
| دەست | دەزگا # (شوێنی کاری دەستی). |
| ڕێ | ڕێگا/ ڕێگە (پاشگرەکە بێلایەن دەوەستێت). |
| پەنا | پەناگە/ پەناگا(شوێنی پەنا بردنەبەر). |

بار + ە		بارەگا# وەکو وشەیەکی فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

ژین		ژینگە # دەوروبەری ژیان

(#) نیشانەی ئەوەیە، کەوا بنجەکە بوار بەیەکێك لە ئەلۆمۆرفەکانی پاشگرەکە (گە/گا/گاه) وەردەگرێت و ئەوی تریان زۆر بۆ پێوەلکان ناشێت.

بۆ نموونە:

دەز +   گا/ گە

بارە +   گا/ گە

ژین +   گا /گە

ڕوانین + گا /گە

سەبارەت بەو وشە سادەی (بارەگا) لە (شوێنی بارکردن)ەوە هاتووە، بەڵام دوچاری گواستنەوەی واتا، یان فراوان بوونی واتا هاتووە، بۆ بنکەی سیاسییەکان بەکار دێت.

دام و دەزگا: لە بنکەیەك یان بنجێکی نادەو ئاڵۆزەوە هاتووە، بەڵام مەرج نییە هەموو دەم هەردوو کەرتەکەی وشەداڕێژراوەکە لە بنجە نادەکە مانا بدات، لە داڕشتنی وشەیەکی ئاڵۆزدا هەردەم پاشگرەکە بە کەرتی دووەمەوە دەلکێت، ئەمەش سیفەتی فرەیزە داڕێژراوەکانە.

## أ- پاشگری (گە/گا) لە مۆرفۆلۆجی فەرهەنگیدا:

سیمای سەرەکی ئەو پێشگرە لەوەدایە دەچێتە هەردوو چینی (1) و (2)ەوە، و ئاستی گیرەکە داڕێژە ڕێك و ناڕێکەکان لە خۆدەگرێت، ئێمە سەرەتا جۆری ناڕێکەکەی دەخەینە ڕوو.

## ب- وەسفی فۆنۆلۆجی ئەو پاشگرە:

ئەو پاشگرە کە دەلکێت بە بنجێکەوە هێزی وشەکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

دەزگا´

دەرگا´

لە وشە داڕێژراوە دوو بڕگەییەکاندا هێز بۆ بڕگەی دووەم واتە بۆ پاشگرەکە دەچێت بەهۆی ئەوەی:

1- گیرەکە وشەداڕێژەکان هێز بۆخۆیان ڕادەگێشن، (بەتایبەتی پاشگرەکان).
2- کە پاشگری فۆڕمی /گا/ هەڵدەبژێریت زیاتر ڕاکێشانی هێز بۆ لای خۆی مسۆگەر دەکات، چونکە لەخۆگری بزوێنێکی درێژە /ا/.
3- /گە/ وشەداڕێژراوەکە زیاتر لە دوو بڕگەبوو.

پە/نا´/گە

بڕگەی دووەم کە پاشگریش نییە بەهۆی بوونی بزوێنی درێژ هێزەکە وەردەگرێت، ئەمەش زیاتر بەهۆی بوونی بزوێنێکی درێژەوەیە، ئەگینا لە وشەی:

مەلەوا´نـــگە

هێز بۆ دوابڕگە (پاشگرەکە دەچێت).

ئەوەی ئێمە پێویستمانە کە لە نیشتنەوەی هێزی وشەکەدا بیخەینە ڕوو زیاتر ئەو وشانەن، کە گۆڕانکاری بەسەر بنجەکانیانەوە دێن.

دەست + گا

دە<u>ز</u> + گا پاشگرەکە هێزەکە وەردەگرێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەوا ئەو پاشگرانە (ناڕێکەکان) لەوەرگرتنی هێزدا بێلایەن ناوەستن، بەڵکو هەوڵ دەدات هێزەکە بۆخۆی کێشبکات.

## پ- فۆڕمی فۆنۆلۆجی ئەو گیرەکە:

[- گا/گە]

یاساکەی:

وشەیەکی دانەڕێژراو

↓

یاسای مۆرفۆلۆجی (مۆرفۆلۆجی ناڕێك)

↓

یاسای فۆنۆلۆجی

- توانەوە assimilation

- بڕین truncation

- زیادکردن و گۆڕینی addition and shifting

↓

وشەیەکی بەرهەمهاتووی داڕێژراو:

Aff + x

Aff + shifting + x

دەست + پاشگر

دە[ست ← ز ] - گا

دەزگـــا

[- ڕا] کاردەکاتە سەر بنجەکە.

## ت- وەسفی مۆرفۆلۆجی پاشگری [- گا /گە]

### 1- ئەلۆمۆرفەکانی ئەو پاشگرە:

چوارگاه (زیاتر لە زمانی فارسییەوە وەرگیراوە)

بنگە (بنجەکە ئاوەڵکاری شوێن)

دیدگە (بنجەکە لە کرداری (دیتن) دوە وەرگیراوە

دەزگا (بنجەکەی ناوی سادەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە)

بازگە

(000000000000000000000000000000000000000)

ڕێژگە (بنجەکە لەکرداری (ڕژان - ڕشتن) دوە وەرگیراوە

### 2- ئەو گیرەکانەی بەو چەمکە لە زمانی کوردیدا کاردەکەن

-گە / - گا زیاتر چەمکی شوێن لە خۆ دەگرێت لە زمانی کوردیدا، هەندێك گیرەکی دیکە بەدی دەکرێت، کەهەمان چەمك هەڵدەگرێت:

دەزگا : شوێنی کاری دەستی.

پێگە : پلە و پایە.

بازگە : زیاتر لە فارسی بەدی دەکرێت شوێنی پەڕینەوە یان شوێنی کۆبوونەوەی سەربازەکان

1- -ەڵان:

بەرد + ەڵان ⟵ بەردەڵان

قامیش + ەڵان ⟵ قامیشەڵان

زیخ +ەڵان ⟵ زیخەڵان

2- ەتی:

خۆشناو + ەتی ⟵ خۆشناوەتی

3- ستان:

کورد + ستان ⟵ کوردستان

گۆڕ + ستان ⟵ گۆڕستان

4- انی:

نەرم + انی ⟵ نەرمانی

ڕەق + انی ⟵ ڕەقانی

وشك + انی ⟵ وشکانی

هەموو ئەلۆمۆرفەکانی [– گا / گە] چەمکی شوێن لەخۆدەگرن.

## ج- تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی:

لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، پاشگرێکی چالاکە، لەڕووی ئەوەی بەگەلێك بنکەو بنجی جۆراوجۆرەوە دەلکێت:

1- بەئاوەڵکارەوە دەلکێت:

بن + ە + گە ⟵ بنەگە

2- بەناوی داڕێژراوەوە دەلکێت:

سەر + ین + گا ⟵ سەرینگا

بنج + پاشگر+ پاشگر

3- بەچاوگەوە دەلکێت:

شوشتن + گە ← شوشتنگە

4- بەناوی بکەر و بەرکارەوە دەلکێت:

کوشتار + گە ← کوشتارگە

5- بەڕەگی کردارەوە دەلکێت:

ڕوانین + گە ← ڕوانگە

پرسین + گە ← پرسگە

مەلەوانگە:
پەرستگا : ئەمانەی سەرەوە سنووری پاشگرەکە بەپێی بنجەکان نیشان دەدات یان نییە، یان زۆر بەدەگمەن بە ئاوەڵناوەوە دەنوسێت.

## چ- تایبەتمەندی سینتاکسی:

کاتێك ئەو پاشگرە بە بنجێکەوە دەلکێت، زۆرجار لەپاڵ کردنەوەی دەرگا لە ڕووی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانەوە:

دەزگا □ ەکە ← دەزگاکە

نۆرینگە □ ەکە ← نۆرینگەکە

پەڕاوگە □ ەکە ← پەڕاوگەکە

لەڕووی گیرەکی وشەدارِێژیش دەکاتەوە:

دەرگەوان

دەر+ گە + وان

1 2 3

دەر # گە # وان # نی

بنج 1 2 3

پاشگری پاشگری پاشگری

وشەداڕێژ وشەداڕێژ وشەداڕێژ

**دەرگای  چوار ماڵ**

**چوار دەرگای ماڵ**

**کاتێك کە دەچێتە پاڵ وشەی ترەوە وەکو سەرەی ڕێزمانی دەردەکەون.**

**دەرگای            چوار ماڵ**

**سەرەی ڕێزمانی      تەواوکار**

**تەواوکار           سەرەی واتایی (بڕوانە: صباح رشید2013: 63).**

**کەچی کە وشەڕێژراوەکە جیادەکرێتەوە و مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی سینتاکسی دەکرێت، پاشگرەکە بەپێی تیۆری سینتاکسی وشە، دەبێتە سەرەی وشەکە، سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بکە:**



# بەشی سێیەم

## بەشی سێیەم :

## گیرەکە ڕێکەکان لە زمانی کوردیدا:

### 1-3 : گیرەکە ڕێزمانییە ڕێکەکان لە زمانی کوردیدا:

ئەوانە ئەو گیرەکانەن کە گۆڕانکاری لەو بنجانەی پێوە دەلکێن ناهێننە کایەوە، بۆ نموونە: مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردووی وەکو (ت، د، و، ی، ا)، بۆیە ئەو گیرەکانە لەژێر سایەی چینداری (2)دا کاردەکەن، بەڵام دیسانەوە دەبێت ئەوە بڵێین بەگشتی گیرەك لە زمانی کوردیدا زۆر بەدەگمەن دەتوانێت ناسنامەی چینبەندییەك لەخۆ بگرێت، چونکە زۆر سیاقی سینتاکسی سیمای مۆرفۆلۆجی وشەگیرەکەکە دەگۆڕرێت، مۆرفی بەتاڵ دێنێتە کایەوە، بۆ نموونە:

( - ەوە) پاشگرێکە ڕێژەی ڕابردووی تەواو دروست دەکات وەکو:

مرد # ووە مردووە.

کەوت # ووە کەوتووە.

کە ئەو ڕێژەیە بە پاشگری (~ ەوە) فراوان دەکرێت، گۆڕانکاری لە بنج و پاشگر و درێژایی ڕستەکە یان فرەیزەکە بەرهەمدێنێت: بۆ نموونە:

ڕەگ — گیرەکی ڕێزمانی کاتی ڕابردوو

هـــات + ووە + ەوە ⟵ دووبارەکردنەوە

ڕابردووی سادە — ڕێژەر ڕابردووی تەواو(پاشگر)

هاتـــــــوّتـــــــــــەوە.

ها، ت، (گۆڕینی (ووە) بۆ (ۆ) ⟵ + ت + ەوە.

مۆرفیمی بەتاڵ — دووبارەبوونەووە

بەمەش ڕێژەی تەواو(~ ووە) ناتوانێت بێلایەن بوەستێت و فۆڕمە فۆنۆلۆجییەکەی خۆی بپارێزێت.

**ئێمە لەو گیرەکانەی کە لە پێوەلکانیاندا گۆڕانکاری فۆنۆلۆجی دێننە کایەوە بەو زنجیرە و ڕیزبونەی خوارەوە یاساکان پەیڕەو دەکەن:**

1- X + **یاسای مۆرفۆلۆجی + یاسای فۆنۆلۆجی ⟵ داڕشتن یان شکاندنەوە.**

**بەڵام کە داڕشتن و شکاندنەوە دووچاری هیچ گۆڕانکارییەك نەبن، ئەوا پەیڕەوی ئەم یاسایەی خوارەوە دەبن:**

2- X + **یاسای مۆرفۆلۆجی + Ø ⟵ داڕشتن یان شکاندنەوە.**

**ئێمە لە شیکردنەوەی ئێستاماندا یاسای دووەم پەیڕەو دەکەین.**

## 1-1-3 : گیرەکی ڕێزمانی ڕێك (فۆڕمی کاتی ڕابردوو):

**أ- سنوری ئەو پاشگرە لە پێوەلکاندا بە بنجەکانەوە: limitation on the base**

**ئەم گیرەکە بۆ ڕەگی ڕابردووی کردار زیاددەکرێت، ئەمەش دوای داماڵینی (ن) ی چاوگ، دەکرێت بەدەست بکەوێت:**

**بردن ⟵ برد**

**کردن ⟵ کرد**

**هاتن ⟵ هات**

**شوشتن ⟵ شوشت**

**بڕین ⟵ بڕی**

**کڕین ⟵ کڕی**

**هێنان ⟵ هێنا**

**سووتان ⟵ سووتا**

**چوون ⟵ چوو**

**بوون ⟵ بوو**

**بەمەش یاساکە دەبێتە:**

**بنج # گیرەك ⟵ وشەی سادە**

Inflection word ⟵ aff # x

ئەو گیرەکە بە وشەی سادەی سەربەخۆوە نالکێت، بەڵکو بە بنکەی بەندەوە دەلکێت، (bound base) بە هاوکاری گیرەکی ترەوە، وشەی داڕێژراوی نا ڕێزمانی دروست دەبێت.

دا + هات ⟵ داهات ⟶ وشەیەکی داڕێژراوە

هەندێك جار ئەو کردارە بە پێشگری وشەداڕێژەکانەوە واتاکەی پێچەوانە دەکرێتەوە.

بۆ نموونە:

هـــــات ⟵ ئەو ئاڕاستەیە وەردەگرێت بەرەو قسەکەر

هەڵ + هات ⟵ هەڵهات.

ئەو گیرەکە بە:

x # Aff کاردەکات، بەمەش چالاکییەکانی خۆی لە چینی (2) دا کارا دەکات.

## ب- وەسفی فۆنۆلۆجی ئەو گیرەکە: spacification of the affix

کاتێك ئەو پێشگرە بەبنجێکەوە بلکێت و دوا دەنگی بنجەکە بزوێنێکی درێژ بێت، ئەو بزوێنە هێزەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێت، ئەمەش لەو یاسایە دەردەچێت، کەوا گیرەکە ڕێزمانیـــیەکان هێز بۆخۆیان ڕادەکێشن:

هــا َت یەك بڕگەیی دوو مۆرفیمی.

ڕۆ َیـــشت لێرەدا بڕگەی یەکەم بزوێنەکە هێزەکە ڕادەکێشێت

بەڵام بە ناڕاستەوخۆ بەهۆی ئەوەی (هات) وشەیەکی یەك بڕگەییە پاشگری (ت) بەشێك لە هێزەکەی بەردەکەوێت، چونکە میلۆدی نێوان بڕگەکان گەر هێزدار بن یان نا- هێزدار (unstressed) پشت بە کاتەکە دەبەستێت، لەڕووی کورت و درێژی بڕگەکانەوە. (بڕوانە:peter,roach2010: 107).

کەچی لە وشە داڕێژراوەکاندا، کە زیاتر لەبڕگەیەك لەخۆدەگرێت، گۆڕینی شوێنی هێزەکە، جیاوازیی واتایی لێدەکەوێتەوە.

داهـــــا َت : بەرهەمی دارایی.

دا َهـــــات : هاتن و کەوتنەوە.

شەو داهات.

لەوشەیەکی وەکو (بەسەرهات) دا کە سێ بڕگەییە دەبێت ئەو یاسایەی خوارەوە پەیڕەو بکەین:

1- گەر وشەکە یەك بڕگەیی بوو باسمان کرد.
2- گەر وشەکە دوو بڕگەیی بوو، بڕگەی یەکەم بزوێنی کورت بوو، بڕگەی دووەم بزوێنی درێژ بوو ئەوا هێزەکە بۆ بڕگەی دووەم دەگوازرێتەوە:

کەو´ت.

3- گەر لە دوو بڕگە زیاتر بوو وەکو ( بە سەر هات) بەهۆی ئەوەی:

3 2 1

بڕگەی یەکەم و دووەم کرۆکەکانیان کورتن (بزوێنەکانیان) هێزەکە لە بڕگەی یەکەم بۆ دووەم و دواتر بۆ بڕگەی سێیەم دەگوازرێتەوە.

## 2-1-3: دەروازەی فەرهەنگی پاشگری(- ت): lexical entry

### أ- وەسفی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی ئەو پاشگرە.

1- فۆڕمی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی ئەو پاشگرە.

/ ~ت/

2- هێز لەو پاشگەرەدا بێلایەنە neutralization واتە زۆر بەدەگمەن هێز بۆلای ئەو بچێت ئەویش لە وشە یەك بڕگەییەکاندا کە بزوێنێکی درێژی پێش بکەوێت، ئەمەش لەژێر ناونیشانی فۆڕمی ناکەرتی پاشگری (ت) super segmental form کۆدەبێتەوە.

3- هیچ گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بەسەر بنجەکە ناهێنێت.

ها # ت ⟵ هات.

4- دیاردەی بڕین (truncation) ناهێنێتە کایەوە کە بەبنجەکانەوە دەلکێت.

### ب- تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی پاشگری ( - ت):

1. لەچالاکی ڕێزمانیدا تەنیا کردار وەکو بنج وەردەگرێت:

ڕۆیشت

ڕشت

خواست

2. ناچێته سەر وشەی سەربەخۆ و سادەوە:

*هاتــن + ت ⟵ هاتنت.

وەکو مۆرفیمی کات

## پ – تایبەتمەندی سینتاکسی گیرەکی (ت):

1. هیچ زیادکردن، یان لادانێك ناهێنێته کایەوە.

2. دەچێته سەر کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕەوە.

هاتتێنەپەڕ.
شووشتتێپەڕ.
خواستتێپەڕ.

## ت– پەیوەندی بە گیرەکەکانی ترەوە:

هاوبێژەکانی ئەو گیرەکە.

1. [- ت] پاشگری خاوەنی، واته مۆرفیمی خۆیەتی

پارەکانــیان دۆڕاند. (بڕوانە: محمدمعروف فتاح1980: 181).

خۆیەتی

2.[- ت] جێناوی لکاوی کەسی دووەم (نووسەك).

بردت

تۆ بردت.

3. مۆرفیمی کات
أ. مۆرفیمی کاتی ڕابردووی سادە: هات.
ب. مۆرفیمی کاتی ڕابردووی بەردەوام: دەهات.

## ج – سیمای سیمانتیکی ئەو پاشگرە:

ئەم گیرەکە (پاشگرە) مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی زمانی کوردییە بۆ گەیاندنی کاتی ڕابردوو بەکاردێت، لەفەرهەنگدا ئەو پاشگرە بەپێی یاسای شکاندنەوەی (inflect) بێلایەن دەوەستێت، و کاتێك کە شکاندنەوەی لە بنجەکەدا بۆ دەکرێت، هیچ یاسایەکی فۆنۆلۆجی ڕۆڵ

نابینێت، هەر بۆیە ئەو گیرەکە لەڕووی فۆرمی ناکەرتییەوە، بێلایەن دەوەستێت، و هێز بۆلای خۆی ڕاناکێشێت، چونکە لە بنچینەدا ئەو فۆرمە لە چینی(2) ی یاساکانی وشە داڕشتن کاردەکات، یاساکەی دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە وورد بکرێتەوە:

X - یاسای مۆرفۆلۆجی - یاسای فۆنۆلۆجی – شکاندنەوە

بنج ⟵ x – زیادکردنی پاشگرەکە - Ø ⟵ شکاندنەوە

واتە:

X # پاشگر ⟵ وشە داڕێژراوەکە.

ئەگەر کەوتە ناو سیاقێکی فراوانترەوە دەکرێت چینداریيەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە.

X # گیرەکی چینی (1) یاسای مۆرفۆلۆجی – گیرەکی چینی (2) یاسای مۆرفۆلۆجی + یاسای فۆنۆلۆجی ⟵ وشەی بەرهەمهاتوو.

ئەم نموونەی خوارەوە جوانتر ڕوونی دەکاتەوە:

X # + Aff + Aff + یاسای فۆنۆلۆجی ⟵ وشەی داڕێژراو

بنکەی بەند $s_2$ $s_1$

ها # ت + ۆ (وو+ە) یاسای فۆنۆلۆجی + زیادکردن (مۆڕفی بەتاڵ)

$S_2$ $s_1$

هاتــــۆتـــــــەوە

ها/ ت/ ۆ/ ت/ ەوە

$S_1$ + $S_2$ $S_1$

یاسای مۆرفۆلۆجی یاسای مۆرفۆلۆجی + یاسای فۆنۆلۆجی + یاسای مۆرفۆلۆجی

## 3-1-3:- پاشـــــــگـــــــــری (ەوە)

أ- ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا هەرێمێکی نێوان گیرەکە ڕێزمانییەکان و گیرەکە وشە داڕێژەکان داگیردەکات، ئەسڵی ئەو پاشگرە لەوەدایە بەشداری چالاکی کردارەکان بکات و چەمکی دوبارە یان دووپاتبوونەوە ببەخشێت بە کردارەکە:

ئەوان هاتنەوە دەڕۆمەوە

چوونەوە دەچمە

1- ئەو پاشگرە هەمووده‌م بە واتای دووبارەبوونەوە نایەت بۆ نموونە:

کوژانەوە، دووبارە بوونەوە ناگەیەنێت و بە لابردنی (-ەوە) هیچ واتایەك بۆ کردارەکە نامێنێت.

کوژانەوە ⟵ کوژان

بردنەوە جیاوازە لە بردن

سەرکەوتن گواستنەوە

2- بەهەموو دەمکات و داڕشتنەکانی کرداەوە دەنوسێت:

دەڕۆمەوە ڕانەبردوو

هاتمەوە ڕابردوو

بڕۆوە فەرماندان

بهاتبایەوە دانانی (ئینشائی)

لە نموونەکانی وەکو:

کوژانەوە

بردنەوە دا وەکو نیشانەی چاوگێکی دوای نوونی چاوگ ڕەفتار دەکات وەکو نیشانەی چاوگ.

3- [- ەوە]:

چاوگ لە زمانی کوردیدا کۆتایی بە [- ن] دێت لە شێوەزاری هەورامی نەبێت بە (ی).

کۆتایی دێت، لێرەدا ئەوەی دوای (ن) دێت یان دەبێت:

أ- پاشگر بێت.

ب- دەبێت چاوگی کوردی بۆ دوو پۆل دابەش بکەین.

هەرچۆنێك بێت ئەو پاشگرە دەکرێت، بەهۆی فرە چالاکی پاشگرەکە بە (نووسەك – clitic) دابنرێت، چونکە توانای پێوەنووسان بەگەلێك شوێن و ژینگەی سینتاکسیەوە هەیە بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| له – ئەو – ەوە | جێناو |
| بە – ماڵ – ەوە | ناو |
| ئەوان هاتن – ەوە | بەنووسەکەوە |
| هاتەوە | بەقەدی کارەکەوە نووساوە |
| هاتنەوە | بە چاوگەوە نووساوە |

4- [- ەوە] چەمکی جیاواز لە خۆدەگرێت، بۆ نموونە لە:

أ- هاتەوە : مانای دووپاتی.

ب- ڕشانەوە: لادان لە ڕەوتی ئاسایی خواردن.




پ - توانەوە، زیندووبونەوە، هەڵگەڕانەوە (گۆڕینی دۆخ):




5- ئەم پاشگرە بە هەندێك (ناو، جێناو، ئاوەڵکار)ەوە دەنوسێت، بۆ نیشاندانی خاڵی دەست پێکردن و ئاڕاستەی ڕەوتی کات و شوێنی کارەکە:

بۆ نموونە:

له ماڵەوە دێم - شوێنی دەست پێکردن.

لەبەهارەوە

لەبەیانییەوە

لەمنەوە

لەخۆمەوە (بڕوانە:صباح رشید2000: 75).

ئەمانە هەمووی لەڕووی سیمانتیکەوە دەکرێت ڕۆڵێکی بابەتانە (theto role) ی (source)ی پێ بدرێت واتە ڕۆڵی سەرچاوە.

هەندێك جاریش بە هاوکاری ئامرازی (بە) واتا (لەگەڵ) دەگەیەنێت وەك:

بەبارەوە هاتم

بە منالەوە دێم (بڕوانە: هەمان سەرچاوە:70).

ئێمە لە م نموونانەی سەرەوە ئەو پاشگرە دەخەینە ژێر دەسەلاتی یاسای:

Aff # x ⟵ Inflecte

Aff # x ⟵ Derivated ] ەوە.

چونکە هەردوو جۆری ڕەفتارەکە لە خۆدەگرێت.

لەلایەکی ترەوە، هەرچەندە [- ەوە] لەژێر سایەی یاساکانی چینی(2) دا کاردەکات، بەلام زۆرجار دەبێتە مایەی گۆڕینی فۆنۆلۆجی لە مۆرفیمەکانی پێش خۆیەوە، وەکو:

بڕۆ رە وە

| ب، | ڕۆ، | ر، | ەوە |
|---|---|---|---|
| ↑ | ↑ | ↑ | ↑ |
| مۆرفیمی فەرماندان | ڕەگی ڕانەبردوو | مۆرفی بەتاڵ | پاشگرەکە |

لێرەدا بەیاسای:

X + ەوە کاردەکات.

چونکە گۆڕانکارییەك لەڕەگی (بڕۆ) دروست دەکات، بەمەش دەچێتە چینبەندی (2) ەوە.

## ب- وەسفی فۆنۆلۆجی ئەم گیرەکە:

وەرگرتنی هێز لەلایەن ئەو گیرەکەوە دەوەستێتە ناوەڕۆکی ڕستەکە، یان ڕوکاری ڕستەکە:

لەڕستەی هەواڵدا هێز بۆ لای ئەو پاشگرە نایەت.

هاتۆتەوە - دەچێتە سەر (و)

کەچی لە ڕستەی پرسدا ئەو پاشگرە هێزەکە بۆ لای خۆی کێش دەکات

هاتۆتەوە؟

## پ- دەروازەی فەرهەنگی ئەو پاشگرە:

1- فۆڕمی فەرهەنگی پاشگرەکە / - ەوە/

2- فۆرمی ناکەرتی ئەو پاشگرە لەوەدایە کە بێلایەن دەوەستێت تەنیا لەو بارە دەگمەنانە نەبێت کە ڕوکاری ڕستەکە دەیسەپێنێت:

بنج # - ەوە

گۆڕانی فۆنۆلۆجی لەسەر بنجەکە ناهێنێتە کایەوە واتە ئەم گیرەکە لە (spectrum – چینی (2) دا کاردەکات.

یاساکەی :

X # پاشگرەکە ⟵ وشەی شکێنراوە.

X # پاشگر (یاسای مۆرفۆلۆجی) + یاسای فۆنۆلۆجی ⟵ وشەی بەرهەمهاتوو.

X # یاسای مۆرفۆلۆجی + Ø ⟵ داڕشتن.

3- ئەو پاشگرە بە بۆچوونی (Aronoff) یاسایەکی وەکو یاسای زمانی ئینگلیزی دەبێت:

Prefix = stem

قەد = پێشگر

Re write

(Re) write = write

سەبارەت بە زمانی کوردی ئەو یاسایە دەبێتە:

قەد = پاشگر

Suffix = stem

هات= ەوە

هات= هات

وتمان ئەو پاشگرە لەئاست فۆنیمە ناکەرتیەکاندا بێلایەن دەوەستێت.

4- ئەو پاشگرە دیاردەی (trunction) بڕین دروست ناکات.

★تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی (- ەوە):

1- دەچێتە سەر زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکانەوە، هیچ گۆڕانێك نایەتە کایەوە لە بنجەکەدا:

2- ئەو پاشگرە (- ەوە) لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا و لە سنوری سیفەتی زمانە دابڕاوەکاندا بەشێکی زمانی کوردی دەگرێتەوە بەرامبەر وشەکانی:

دیسان
جارێکی تر } - ەوە.

دووبارە
هەمیسان } - ەوە.

دەكرێت وەكو ئەلۆمۆرفی گۆڕراو سەیر بكرێن.

## ت- تایبەتمەندی سینتاکسی (پەیوەندیداری گیرەکە)

دەچێتە سەر کردار:

1- ڕەگی کرداری تێپەڕی ڕابردوو: بردمەوە
2- ڕەگی کرداری تێنەپەڕی ڕابردوو: هاتمەوە
3- ڕەگی کرداری تێپەڕی ڕانەبردوو: دەبەمەوە
4- ڕەگی کرداری تێنەپەڕی ڕانەبردوو: دێمەوە
+ هەموو ڕێژەکانی تر.

## ج- تایبەتمەندی سیمانتیکی:

ئەو پاشگرە بە هاوکاری کەرەستەی ترەوە ڕۆڵی واتایی "سەرچاوە" source دەنوێنێت.

لە — ەوە
لەهەولێرەوە } سەرچاوە
بە — ەوە

بەهەولێرەوە تێپەڕیم:

ڕەوت، یان ڕێڕەو (path) دەگەیەنێت.

بەگشتی ئەو پاشگرە زۆر چالاکە لە زمانی کوردیدا، لەهەدووك چینداریيەکەدا کار دەکات: چینی (1)

بڕۆرەوە

گۆڕینی سیمای دەنگی بنجەکە

**ئەوەش بە هێنانی مۆرفی (ر) بۆ بنجەکە:**

**ب / ڕۆ / ر / ەوە**

↗ **مۆرفی بەتاڵ (بێ ئەرك).**

**لە چینی (دووەمیش) دا کاردەکات و هیچ گۆڕنێك نایەتە کایەوە.**

**لەبەهار/ەوە**

**یاساکانی ئەو پاشگرە دەکرێت بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:**

X # ت + ووە + ت + ەوە

1 2 3 4 5

**یان:**

**ها ت ەوە**

1 2 3

1 2 Ø 4

↗ **یاسای فۆنۆلۆجی (بڕوانە:**ullman1957: 62**).**

**بەم شێوەیەی خوارەوە یاساکە دادەڕێژرێت:**

$[ + [ x ]_v +tee]_N$

Imdopolyee

## 2-3:- گیرەکە وشەداڕێژە ڕێکەکان:

**ئەمانە ئەو گیرەکانەن کە دەلکێن بە بنجێکەوە هیچ گۆڕانکارییەکی دەنگی لە بنجەکە دروست ناکەن، بەواتایەکی تر، ئەمانە ڕێگە لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەگرن دوای یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لە یاساکانی داڕشتنی وشەدا (WFR) جێبەجێ بکرێن واتە:**

بنجێکی دانەڕێژراو

↓

یاسای مۆرفۆلۆجی(مۆرفۆلۆجی ڕێك)

↓

Ø

↓

وشەیەکی داڕێژراو

هێڵکاری (3-1)

یاساکە دەبێتە:

Derivative ⟵ Ø + AFFIX #X

بنجی لە چینی (2) ئاستی (2) (گیرەکە وشە داڕێژەکان).

هەندێك جار گیرەکەکە وادەکات گۆڕانکاری لە بنجەکە بێنێتە کایەوە، بەڵام ئەمە زیاتر پەیوەندی بە سروشتی زمانەکەو پۆلی مۆرفۆلۆجی زمانەکەوە و هەڵوێستی بەیەکگەیشتنی بنجەکەو گیرەکەکەوە هەیە:

ئارەزوو + ەکــە

بنـج

بزوێنە کورتەکەی (ەکە) ی ناسیاوی وادەکات دوا دەنگی بنجەکە کورتر بدرکێندرێت:

ئارەزوەکە یان هەر لابدرێت

واتە: ئارەزو Ø ەکە

ئەمە زیاتر لە بڕگەکردنی وشەکەدا دەردەکەوێت.

ئا/رەز/وەکە

ئا/رەز/و Ø ەکە. (بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف1979: 191).

## 1-2-3: پاشگری (ایەتی):

أ - سنووری ئەو گیرەکە بەسەر بنجەکانەوە:

ئەو گیرەکە دەچێتەسەر بنجی جیاوازەوە.

أ-1. دەچێتەسەر ئاوەڵناوەوە، و ئاوەڵناوێکی داڕێژراو دروست دەکات، بۆ نموونە:

سوك # ایەتی ⟵ سوکایەتی

بڵند # ایەتی ⟵ بڵندایەتی

نزم # ایەتی ⟵ نزمایەتی

بنجەکان هەموویان ئاوەڵناون، وشە داڕێژراوەکە بە چەمکی خۆی دەمێنێتەوە، وەکو ئاوەڵناوێکی داڕێژراو کاردەکات، دەبێت ئەوەش بووترێت، وشە بەرهەمهاتوەکە دەتوانێت بچێتە ناو پێکهانەی ئاڵۆزترەوە بەپێی سیاقی بەکارهێنانی ئەو وشە داڕێژراوە.

سوکایەتی پێکردن

أ-2. دەچێتە سەر ناوەوە وەکو بنجێك هەڵیدەبژێرێت:

کورد # ایەتی ⟵ کوردایەتی

برا # ایەتی ⟵ برایەتی

وشە بەرهەمهاتووەکە، ناوێکی داڕێژراوی واتایی (مەعنەوی)یە، واتە پاشگرەکە کاریگەری دەخاتە سەر چەمکی ناوەکە لەڕووی واتاوە،لە مادییەوە دەیگۆڕێت بۆ واتایی.

أ-3. جاری واش دەبێت ئەو پاشگرە دەچێتە سەر هەندێك لە ئامرازەکانی پرس و دەیکات بە زاراوەیەکی ناوی داڕێژراو:

چۆن؟ # ایەتی ⟵ چۆنایەتی.

چەند # ایەتی ⟵ چەندایەتی.

زاراوەیەکی مەعنەوی بەرهەم دێنێت، وەکو ناوی واتایی ڕەفتاردەکات.

أ-4. دەچێتە سەر جێناوی (من):

من # ایەتی ⟵ منایەتی

بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەوا تەنیا بەو جێناوە سنوردار دەکرێت، زیاتریش لە ژێر گوشاری دروست کردنی زاراوەسازیدا هاتۆتە کایەوە، دەبێتەوە ناوێکی داڕێژراوی واتایی.

أ-5. دەچێتە سەر جۆرێکی تر لە ناو لە نێوان ماددی و واتاییدا

دژ : دژایەتی ، بەلای ناوی واتایی دەکەوێتەوە.

سیفەتێکی تری ئەو گیرەکە لەوەدایە دەچێتەسەر وشەی داڕێژراوی ترەوە، واتە گیرەکەکانی تر دەرگا لە ڕووی ئەو پاشگرەدا داناخەن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بنج # چینی 1 | # چینی 1 | # پاشگری | ( - ایەتی). |
| هون | ەر | مەند | ایەتی |
| 1 | 2 | 3 | 4 |
| بیر(1) | Ø | 3 | 4 |
| هۆش | Ø | 3 | 4 |

دەچێتە سەر بنجی ئاڵۆزی دارێژراوەوە:

خەبات # گێڕ # ( - ایەتی).

کورد # پەروەر# ( - ایەتی).

**ب.ئەو گیرەکانەی لە ڕووی چەمك و واتاوە لەو گیرەکە نزیك دەبنەوە، لەپاڵ هەندێك لە کەرتی وشە لێکدراوەکاندا:**

- پەروەری

کوردپەروەری

- گێڕی

خەباتگێڕی

- ەتی

پیاوەتی

**پ- وەسفی فۆنۆلۆجی [- ایەتی].**

بەهۆی ئەوەی ئەو گیرەکە لە چینی دووەمدا کارا دەکرێت ، لەبەر ئەوە ئەسڵی کارەکە لەوەدایە کەوا لەڕووی:

پ-1. گۆڕین و کاریگەری بەسەر بنجەوە بێلایەن دەوەستێت، واتە هیچ گۆڕانکارییەك لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەسەر بنجەکە ناهێنێت، بۆیە لە دارشتنی یاساکەدا هێما(#) /دابڕین/ لە نێوان بنج و ئەو پاشگرەدا دادەنرێت:

کورد # ایەتی (چینی2)

مەند # ایەتی (چینی2)

↗ ئەم وشەیە هەم وەکو پاشگر و هەم وەکو وشەیەکی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا کار دەکات.

پیاوێکی مەندە. ⟶ ئاوەڵناو

کارمەندە. ⟶ خاوەن کارە

کە دەچێتە سەر بنجێکی ئاڵۆزەوە دەبێتە جێگرەوەی هەندێك لە پاشگرەکان:

کورد # پەروەر # ی :

کورد # پەروەر # Ø ایەتی

ئارەزوو # مەند # ی :

1 # 2 # Ø # ایەتی

پ-2: لە ڕووی فۆڕمی ناکەرتییەوە، یان وەرگرتنی هێزەوە بە پێی بنەماکانی ئەو تیۆرە دەبوایە ئەو گیرەکە لە ڕووی وەرگرتنی هێزەوە، (بەهۆی ئەوەی لە چینی (2) دا یەو لە لیڤڵی گیرەکە ڕێکەکاندایە) دەبوایە بێلایەن بوەستێت، سەیری ئەم نموونانە بکە:

کوردایەتی

کورد # ایە´تی

کورد # پەروەر # ی´

کورد # پەروەر # ایـە´تی

خەبات # گێـ´ڕ

خەبات # گێڕ # ی´

واتە:

خەبـا´ت

خەبات # گێـ´ـر

خەبات # گێڕ # ی´

خەبات # گێڕ # ایـە´تی

خەبات # گێڕ # Ø´ #ایـە´تی

واتە کە پاشگری [- ی] لادەبرێت و شوێنەکەی بە پاشگری [- ایەتی] دەبەخشێت، هێزەکەی بۆ جێدێڵێت، دەکرێت کردەی گواستنەوەکە بەو شێوەیەی خوارەوە نیشان بدرێت:

خەبا ́ت #

خەبات # گێ ́ڕ

خەبات # گێـڕ # ی ́

خەبات # گێـڕ # Ø ́

خەبات # گێـڕ # ایـە ́تی

ئەم شیکردنەوانە لەلای (Lass) وەکو : Internal segment structure کە تیایدا باس لە هێزە بەرزو نزمەکان دەکات، ئەمانە دەکرێت، لە ڕێگەی سیماکانەوە ڕوون بکرێنەوە:

خەبـ□ـات

خەبـا ́ت # گێـ□ـڕ

خەبـا ́ت # گێـ ́ڕ # ی□

خەبـا ́ت # گێـ ́ڕ # ی ́

خەبـا ́ت # گێـ ́ڕ # ی ́ # ایـ□ـەتی (بڕوانە: Lass1998: 105).

## ت- دەروازەی فەرهەنگی [- ایەتی].

ت-1. فۆڕمی فۆنۆلۆجی ئەو پاشگرە بریتییە لە [- ایەتی].

ت-2. پاشگرێکە دەچێتە سەر وشەی تەواوەکە و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکەن، ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە (وشەڕۆنان) دا لە لاپەڕە (61) دا وای باس دەکات دەچێتە سەر ئاوەڵناوی سادە و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکات، بەڵام ئەمە هەموو سیفەتەکانی ئەو پاشگرە ناگرێتەوە.

ت-3. ئەم پاشگرە وەکو ئەسڵ لە چینی(2) دووەمی یاساکاندا کاردەکات، بەڵام جاری واش هەیە چالاکیەکانی خۆی دەباتە دووتوێی چینی (1) بۆ نموونە:

گەورە + گەورایەتی

1- لێرەدا گەورە□ : دوا بزوێن هێزەکە وەردەگرێت.

2- لەوەرگرتنی پاشگری [- ایەتی] بزوێنی /ە/ ی کۆتایی لەناو دەچێت، دواتر /ایەتی / بۆ زیاد دەکرێت.

3- [- ´یەتی]بێلایەن ناوەستێت و هێزەکە بۆخۆی ڕادەکێشێت:

یاساکەی دەبێتە:

گەورە + [ -ایەتی]

گەورە + [ -ایەتی]

گەورایەتی.

بەمەش ئەو گیرەکە دابەشی سەر هەردوو ئاستی (3، 4) ی ئاستەکان و چینی (1، 2) چینەکان دەبێت، بەهۆی ئەوە ئەو گیرەکە بە بزوێنی درێژ دەست پێدەکات زۆر ئەستەمە فۆرمی مۆرفۆلۆجی گیرەکەکە بگۆڕدرێت، بەڵکو قاڵبە دەنگیەکەی خۆی دەپارێزێت.

گەورە + ایەتی

برا + ایەتی

بەپێی بۆچوونەکەی (kiparsky) کە وەکو یاسا دایڕشتووە، پاشگر کار دەکاتە سەر سیمای فۆنۆلۆجی بنجەکە، نەك پێچەوانەکەی.

برØ + ایەتی.

بەڵگەمان بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە لە نموونەکەی پێشتردا (گەورە) /ە/ لەناو دەچێت لەژێر کاریگەری پاشگرەکەدا نەك پاشگرەکە خۆی ئەم کاریگەرییەش وادەکات، ئەو پاشگرانەی زمانی کوردی بەڕونی دابەشی سەر یەك چین و یەك لیڤڵ نەبن.

4- سیمای مۆرفۆلۆجی ئەو گیرەکە لەوەدایەکە دەچێتە سەر:

- وشەی سادە.
- جێناوەکان.
- ئامرازەکان.
- وشەی ئاڵۆز.
- ئاوەڵناوی سادە.

لەو بارەدا پێشتر نموونەمان بۆ هێناوەتەوە.

**ج- سیمای سینتاکسی ئەو گیرەکە:**

کاتێك بە بنجێکی سادەوە دەلکێت، هیچ گرفتێك لەوە دروست نابێت بەپێی بۆچوونی Williams ,Selkirk سەرەی ڕێزمانی وشەکە پێك دێنن، لە پێکهاتەی ئێکس – باردا ئەمانە نیشانەی (سالب بار) وەردەگرن و ئەو جووت هێڵەی لە دایەگرامەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێت لە هێڵکاریەکە (سەرە) ی پێکهاتەکە دەگەیەنن. (بڕوانە: صباح رشید2009: 42).

کاتێك کە بنجەکە لەپاڵ ئەو پاشگرە (- ایەتی) پاشگری تر وەردەگرێت، ئەو کاتە سیمای سەرەکی سینتاکسیەکە دەگوازرێتەوە ئاستی مۆرفۆلۆجی و بە دوا گیرەك دەبەخشرێت بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| هون - | ەر |
| تەواوکار | سەرە |
| هونەر | مەند |
| تەواوکار | سەرە |
| هونەرمەند | ێتی |
| تەواوکار | سەرە |
| هونەرمەند | ایەتی |
| تەواوکار | سەرە |

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت، ئەوەیە بە پێی بنەمای داڕشتنی فرەیزەکان سەر دەبێتە ناوی فرەیزەکە واتە سیفەتی گشتی وشە داڕێژراوەکە دەدرێت بەناوی فرەیزەکە و ناوی سەرە. سەیری ئەو هێڵکاریانە بکە:










**ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەسەرەی وشە داڕێژەکان لەوەرگرتنی پاشگرەکاندا (سەرەکۆتا)ن.**




دوا گیرەك دەبێتە سەرەی وشە داڕێژراوەکە، دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت، کەوا سەرەکانی تەریب دەوەستن لە ڕەوتەکانیاندا بە دوو دیوی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییدا، بە واتای ئەوەی هەر چۆن پاشگرەکان هێز بۆ لای خۆیان دەگوازنەوە، بە هەمان شێوە سیفەتی سینتاکسی سەرەکانیش لە چێوەیەکی مۆرفۆلۆجیدا بۆ خۆیان ڕادەکێشن، گەر ئێمە بمانەوێت ئەم دایەگرامە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە وێنابکەین دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە هێڵکاری بۆ بکەین:

سەیری ئەم هێڵکاریە بکە:




**پێکهاتەی فۆنۆلۆجی فۆڕمی ناکەرتی**




**گواستنەوەی هێزی وشە.**

## 2-2-3: پێشگری [بێ -] : سنوری پێوەلکانی:

أ- ئەم پێشگرە دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناوی داڕێژراوی پێ بەرهەم دێت، ئەمە یەکێکە لەو پێشگرانەی سیمای تەواوی وشە داڕێژی لەخۆدەگرێت لەوەی بەشە ئاخاوتنی بنجەکە دەگۆڕرێت، (scalise) و (katamba) و زۆربەی ئەوانەی لە بواری مۆرفۆلۆجی کاردەکەن ئەو یاسایەی خوارەوە بە گشتی بۆ پێشگرەکان دادەڕێژین:

AF + { N / Adj / V } ⟶ Adj

واتە:

پێشگر + { ناو / ئاوەڵناو / کردار } ⟵ ئاوەڵناو

(بڕوانە: katamba2006: 119).

بۆ نموونە:

بێ + هۆش
بێ + کار
بێ + گیان
بێ + بەش
بێ + کەس

⟵ ئاوەڵناو

پاشگرە وشە داڕێژە ئاوەڵناوییەکان لە ڕۆنانێکی دوو کەرتیدا بەپێی ئەم دایەگرامە دەست نیشان دەکرێن:






ئەو نموونەی سەرەوە ئاوەڵناوی دوو کەرتی نیشاندەدات.

لە ئاوەڵناوی سێ کەرتیدا:




لە ئاوەڵناوی چوار کەرتیدا:




فرەیزی ئاوەڵناوی (بڕوانە: سەمیرە تەوفیق 2013: 50)

پێشگری [بێ -] لە پێشگر، ڕێگەکانی گیرەکە وشە داڕێژەکان.

## ب- وەسفی فۆنۆلۆجی [بێ ~ ]

فۆڕمی فۆنۆلۆجی ئەو گیرەکە [بێ -] یە.

ب – 1. فۆڕمی ناکەرتی گیرەکەکە:

ئەو پێشگرە لە ڕووی وەرگرتنی هێزەوە لە وشە دوو کەرتییەکاندا، بێلایەن دەوەستێت و هێزەکە بۆ خۆی ڕاناکێشێت.

بێـــــهێـ´ـز

بێـــــبـ´ـاك

بـــێـــکە´س

گواستنەوە و هێزی وشە لە بڕگەی دووەم بۆ یەکەم وشەکە دەکات بە فۆڕمی بانگکردن:

بێـ´ـکەس

بێـ´بەش

بێـ´ورە

لە وشە سێ کەرتیەکاندا، کە سێ بڕگەش دروست دەکەن، لە ململانێی نێوان پێشگرو پاشگرەکاندا، پاشگرەکان بە هێزتر دەردەکەون.

بێـهێـــزی´ ⟵ هێزدار

سەرەی وشە داڕێژراوەکە

## پ- چینی ئەو گیرەکەو ئاستەکەی:

بەهۆی ئەوەی ئەو گیرەکە لە چینی (2) و ئاستی چوارەمی گیرەکەکان کاردەکات لەبەشی دووەمدا ئاماژەمان بەو (2) چینە و چوار ئاستەکە داوە.

بەمە ئەو گیرەکانە پێشگری [بێ -] هیچ گۆڕانکارییەك (گۆڕینی فۆنۆلۆجی) پێوە- دەلکێت ناهێنێتە کایەوە، دەکرێت جارێکی تر هەم چین و هەم ئاستی گیرەکەکان دابڕێژینەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

چینی (1) بەهۆی کاریگەری بەسەر فۆڕمی دەنگی بنجەوە دێنێت دوو ئاست لە گیرەکەکان دروست دەکات: هەردوویان بە ناڕێك ناو دەبرێن:

1- گیرەکە ڕێزمانییە ناڕێکەکان.
2- گیرەکە وشە داڕێژە ناڕێکەکان.

چینی(2) هیچ کاریگەرییەکی دەنگیان بەسەر بنجەوە نابێت، کە بەگیرەکی ڕێك ناو دەبرێن، بەڵام دەکرێت ئەم دوو ئاستەی ئێرە بە (1 ، 2) یان وەکو تەواوکەری چینی (1) سەیر بکرێت و ئەو دوو ئاستە بە (3، 4) هەژمار بکرێت.

1 – (3) گیرەکە ڕێزمانییە ڕێکەکان.
2- (4) گیرەکە وشە داڕێژە ڕێکەکان.

هەرچەندە ئێمە زۆر بەکەمی وشە لێکدراوەکانمان هێناوەتە ناو شیکردنەوەکانەوە، بەڵام ئەوانە لە چینی(1) دا ئاستی (3) و لە چینی (2) دا ئاستی (3) یان (6) لە خۆ دەگرن، بەڵام چاکتر وایە هەر چینداریيەك بەسەر (3) ئاستدا دابەش بکرێت. نەبوونی گۆڕانی دەنگی لەبنجەکەو بێلایەنی گیرەکەکان (پێشگری بێ-) دوو شت دێنێتە ئاراوە.

أ - # شوێنی (+) دەگرێتەوە.

ب – ڕوونەدانی دیاردەکانی addition , assimilation , truncation واتە بڕین و توانەوە و زیادکردن.

## ت- دەروازەی فەرهەنگی پێشگری [بێ - ]

1- فۆڕمی دەنگی پێشگرەکە [بێ -]یە.
2- ئەلۆمۆرفی نییە.

## ج- سیمای مۆرفۆلۆجی ئەو گیرەکە:

1- ئەو گیرەکانەی لە ڕووی ئەرك و چەمکەوە لەو گیرەکە نزیك دەبنەوە:

پێشگری [نا -]

ناپەسەند وەکو پێشگری [بێ -]چەمکی نەفی و نەبوون دەگەیەنێت و بە ئاوەڵناوەوە دەنوسێت وەکو نموونەکەی پێشتر ئاوەڵناوی داڕێژراوی لێدروست دەکات.

ناپیاو : بە ناوەوە دەنوسێت و ئاوەڵناوی داڕێژراو درویت دەکات.










(بڕوانە: صباح رشید2007:25).

## سیمای داڕشتەیی ئەو گیرەکە:

وەکو ڕەفتاری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی ئەم پێشگرە دەرگای پێوەلکان لە ڕووی پێشگر و پاشگر و کەرتی ترەوە کراوەیە، سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

[بە بێ بەزەیی]

[بە + بێ ورە +یی]

[بێ دەروازە]

[بێ دەرو دەروازە]

[بێ دەرو دەروازەیی]

دووبارە بوونەوە لە فرەیزەکاندا:

(بێ دەرو بێ لانە ) خۆم

*بێ دەرو لانە خۆم دروست نییە چونکە ئەو فۆڕمە پێویستی بە دووبارەکردنەوەی گیرەکەکە هەیە.

بێلانە = لانەواز هەمان چەمك دەدات بەدەستەوە.

ئەو پێشگرە چەمکی ئاوەڵناوی خۆی لەدەست نادات.

سەیری ئەو داڕشتنە ئاڵۆزەی خوارەوە بکە




لە سنوری مۆرفۆلۆجی دەردەچێت، بۆیە وەکو ئاوەڵکار کۆ دەکرێتەوە، دەکرێت وەکو کەوانە ناو لێنراوەکان جوانتر ڕوون بکرێتەوە.

Adv [بە بێنازی ]

Adv [n[af [ی]adj [n[ناز]af [بێ]]] af [بە]]

ئاوەڵناو

(ئاوەڵکار)

(بڕوانە:سەمیرە توفیق2013:78).

## 3-2-3: پێشگری [نە -]

نەکردە

نەخواردە

دەچێتە سەر فۆڕمی کرداری ڕابردووەوە، چەمکی نەفی دەدات بەدەستەوە:

پاشگر[- سز]

دەماغ سز

ئەم پاشگرە زیاتر لە تورکییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام پڕاوپڕ واتای پێشگری [بێ -]دەبەخشێت.

دەماغ سز = بێ دەماغ

ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کرد زیاتر وەکو هاوواتای ئەو پێشگرە دەردەکەون.

## 3-3: وشەی لێکدراو:

ئێمە نامەکەمان زیاتر بۆ وشەی داڕێژراو تەرخانکرد، چونکە بنچینەی ئەو تیۆرو بۆچوونە چینداری بۆ گیرەکەکان بونیاد دەنێت، بەڵام لە پێناو هەندێك ڕوونکردنەوەدا ئەو چەند پەڕەی دوایی بۆ وشە لێکدراوەکان تەرخان دەکەین، لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە.

وشەی لێکدراو چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (واتاییەوە) و چ لەڕووی ڕوخسارەوە (فۆڕمی دەنگییەوە) لە کۆی هەردوو پێکهێنەرەکەی پێك دێت.

بۆ نموونە:

چاوجوان

چاو جوان

بۆیە دەبێت بەشە پێکهێنەرەکەی ئەو وشە لێکدراوە بەتەنیا بخرێتە ناو کەوانەی جیاوازەوە:

Adj[ Adj[جوان] N[چاو] ]

[چاوڕەش] → adj

بەڵام لەوشەیەکی وەکو :

شەکرە سێو

لەڕووی ڕوخسارەوە لەکۆی ئەو سێ پێکهێنەرەپێکهاتوون

شەکرە سێو

شەکر ه سێو

یان لە نموونەیەکی وەکو:

(بەردە نوێژ) دا

بەردەنوێژ

بەرد ه نوێژ

تەنیا ئەو دوو پێکهێنەرەی، کە وشەی سەربەخۆی واتادارن کرۆکی وشە لێکدراوەکەن، زیادەکە(ه) تەنیا ئەرکی ڕێزمانی هەیە و بەشێك نییە لە لێکدانەکە، بۆیە لە شیکردنەوەی ئێکس باڕی وشەدا، گەرچی ئەم گیرەکە لە جێکەوتەیەکدا دەبێتە (سەرە)، بەڵام سەرەکی ئەرکی نەك فەرهەنگی، بۆیە لە ئاستی واتاییدا نابێتە پێکهێنەرێکی پێکهاتە لێکدراوەکە، بۆیە کاتێك ئەوە پێکهاتەی سەرەوەبە کەوانەکان دادەڕێژینەوە دەبێت ئەو گیرەکەش [ه] بخرێتە ناو کەوانەکانەوە.

N[ N[نوێژ] AF[ه] N[بەرد] ]

N[بەردەنوێژ]

ئەو گیرەکە [ە] لە بنەڕەتدا بریتی نییە لە فۆڕمی (ه)، بەڵکو لە کاتی گوێزانەوەیدا لەگەڵ وشە لێکدراوەکە بۆ ئاستی سەرەوە ئەم فۆڕمە وەردەگرن، چونکە لە هەندێك شوێن (ی) و لە هەندێك شوێنی دیکەشدا (بۆ) یە، بۆ نموونە:

لەو نموونەدا (بۆ)یە:

بەرد بۆ نوێژ ← بەرد ە نوێژ

ڕۆنانی ژێرەوە ڕۆنانی سەرەوە

**کوڕی پاشا ← کوڕە پاشا**

**ڕۆنانی ژێرەوە ڕۆنانی سەرەوە**

**ئەگەر ئێمە لەسەرەی وشە لێکدراوەکە بکۆڵینەوە، دەبێت لە دوو ئاستەوە سەیری بکەین:**

1- **لەڕووی واتاوە هەندێك جار وشە لێکدراوەکە لەکۆی وشە واتادارە پێکهێنەرەکانییەوە پێشبینی دەکرێت وەکو وشەی (چاوگەش)**

2- **هەندێك جار وشە لێکدراوەکە مەرج نییە، لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە هاتبێت.** (بڕوانە:fromkin&Rodman2002:94).

**سەبارەت بەسەرەی وشە لێکدراوەکان، ئێمە لەبەرامبەر دوو ڕۆناندا دەوەستین:**

**ڕۆنانی واتایی** semantic structure

**ڕۆنانی سینتاکسی** syntactic structure

**لەڕۆنانی واتاییدا سەرەی واتاییمان دەبێت: بۆ نموونە:**

**ڕەشەبا**

**ڕەش: دەبێتە سەرەی واتایی پێکهاتەکە، بەڵام لە ڕۆنانی سەرەوەدا "با" دەبێتە سەرە بەمەش شوێنی تەواوکارەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.**

**ڕۆنانی واتایی**




**ڕۆنانی سینتاکسی:**




**تەواوکار ە سەرە** (بڕوانە:صباح رشید2013: 63).

وشە لێکدراوەکانیش بەسەر هەردوو چینداریيەکەدا دابەش دەبن بۆ نموونە:

دەست + ڕێژ (ڕشاندن)

دەزڕێژ

1- لە چینی (1) کاردەکات.

2- فۆڕمی ناکەرتی لایەنگرە واتە بێلایەن ناوەستێت.

3- گۆڕانکاری لە بنج دروست دەکات (دەست ⟵ دەز)

4- ئاستێکی ناڕێکی دەبێت و بەپێی یاساکانی مۆرفۆلۆجی ناڕێك کاردەکات.

چاوجوان

1- لە چینی (2) کاردەکات.

2- بێلایەن دەوەستێت.

3- گۆڕانکاری لی بنج دروست ناکات.

4- ئاستی ڕێکەو لە مۆرفۆلۆجی ڕێکدا یاساکانیان کارا دەکات.

بەم شێوەیە:

دەزڕێژ

بەر لە دروست بوونی

دوو کەرتی لێکترازاو

↓

یاساکانی مۆرفۆلۆجی

لێکدان

ناڕێك

↓

یاسای فۆنۆلۆجی

↓

وشەیەکی لێکدراو

چاوجوان

بەر لە دروست بوونی

دوو کەرتی لێکترازاو

↓

یاساکانی مۆرفۆلۆجی

لێکدان

ڕێك

↓

یاسای فۆنۆلۆجی (Ø)

↓

وشەیەکی لێکدراو

## ئـــەنجـــــــامـــــــــەكــــــان

ئەم نامەیە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەكەوێتەوە:

1- گیرەكەكانی زمانی كوردی لە پۆلكردنیاندا پڕاوپڕ بەتەنیا بە هیچ چینێكەوە نانوسێن، بەڵكو هەر گیرەكێك چالاكیەكانی خۆی لە هەردوو چینی(1) و (2) دا ئەنجام دەدات.

2- هێمای # لە شیكردنەوەدا بەرامبەر بە ڕەتكردنەوەی یاساكانی فۆنۆلۆجی لە فەرهەنگدا دەوەستێت، كەچی هێمای" + " بوونی ئەو یاسایە دەگەیەنێت.

3- ڕووكاری دیاردەكانی بڕین (truncation) و توانەوە (assimilation) لە زمانی كوردیدا سنوریان بەڕوونی لێك ناكرێتەوە، تێكەڵییەك لەو دیاردەیە بەدی دەكرێت.

4- سەبارەت بە (بێلایەنی و لایەنگیری) پاشگرو پێشگرەكان، (ڕێزمانی، وشەداڕێژەكان) (ڕێك و ناڕێكەكان) ناكرێن بە ناونیشانی هیچ گیرەكێك، چونكە هەر هەمان گیرەك لە ژینگەی پێوەلكانی بە بنجێكەوە بێلایەن دەوەستێت، كەچی هەر هەمان گیرەك لە ژینگەیەكی فەرهەنگی تردا لایەنگر دەوەستێت و هێزەكە بۆ خۆی ڕادەكێشێت.

5- خاڵی چوارەم پشێوی دەخاتە پۆلێنكردنەكەی تریش لەوەی ئایا ئەو گیرەكە (چ ڕێزمانی، چ وشەداڕێژ) لە پۆلی ڕێكەكان یان ناڕێكەكان پۆل دەكرێت، هیچ گیرەكێك لەو ڕووەوە جێگیر نییە، چونكە كاتێك كە گۆڕانكاری لە بنجە پێوەلكاوەكە دێنێتە كایەوە، وەكو گیرەكی ناڕێك پۆل دەكرێت، هەر هەمان گیرەك گەر گۆڕانكاری نەهێنێتە كایەوە وەكو گیرەكی ڕێك پۆل دەكرێت.

6- بۆ مەبەستی پۆل كردنی گیرەكەكان دەبێت بنجەكان بكرێنە پێوەر بۆ لیست كردنی هەر گیرەكێك لە چ چینێكەو ئایا بە ڕێك یان ناڕێك پۆل دەكرێت.

7- لەو شیكردنەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەركەووتوە، كەوا گواستنەوەی هێزی وشە لە وشە لێكدراو، و ئاڵۆزەكاندا، گواستنەوە (سەرە) ی وشەكەشی بە دوادا دێت، واتە لە گواستنەوەدا شوێن پێی یەكتر هەڵدەگرن.

## سەرچاوەکان

**أ- بەزمانی کوردی**


**ئەوڕحمانی حاجی مارف (1977)** وشە ڕۆنان لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

**ئەوڕحمانی حاجی مارف (1979)** ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆجی) بەشی یەکەم ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

**ئەوڕحمانی حاجی مارف (2001)** ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، سلێمانی

**طالب حسین علی (2005)** فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی – ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی: هەولێر.

**سەمیرە تۆفیق یونس (2013)** سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆ سەلاحەددین.

**صباح رەشید قادر (2000)** هاوبێژی و فرەواتایی لەگیرەکدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**صباح رەشید قادر (2007)** هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات وبەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم: هەولێر.

**صباح رەشید قادر (2009)** تیۆری مۆرفێم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی: گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (42).

**صباح رەشید قادر (2013)** بۆچوونەکەی گرین بێرگ و هەندێ تێبینی لەسەر ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(28).

**فاروق عمر صديق** لەدایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
**(2011)**

محمد معروف فتاح خۆیەتی لە زاری سلێمانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق
1980 (دەستەی کورد) بەرگی حەوتەم

**میدیا** سەرەتایەکی زماننــاسی (بەرگی یەکەم) سلێمانی، لە ڕوسییەوە
**(1988)** وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

**ب- بەزمانی ئینگلیزی**

**Aitchison,J.** Teach Yourself Linguistic, London: Hodder and
**(1992)** Stoughton.

**Anderson, Stephen** A-Morpheus Morphology,Cambridge:
**(1992)** Cambridge University press.

**Bauer,L.** English language, Auto- stressed Affixes. Blackwell.
**(2015)**

**Chomsky.N. and M.Hall** The sound pattern of English
**(1968)** Happer and row, newyork.

**Chomsky.N** “Remarks on Nominalization” in Studies on
**(1970)** Semantic in Generative Grammar , The Hague Mouton.

**Corbett.** Gender Cambridge university press.
**(2000)**

**Corbett. (2004)** The nominal number system. Cambridge: Cambridge university press.

**Crystal,D. (2003)** A Dictionary of linguistics and phonetics, Blackwell publishing.

**Fromkin,V&Rodman and Haymes,N. (2002)** An introduction to language Thomson Heinle.

**Gale,T. (2008)** Assimilation, international Encyclopedia of the social science.

**Goldsmith,J. (1990)** Auto segmental and material phonology Oxford: Basil Blackwell.

**Dobson,E.J (1957)** English pronunciation London (oxforduniversity) press.

**Halle,M,and.Mohanan,K.P (1985)** segmental Phonology of modern English Cambridge MA:MIT Dress.

**Halle,M.&Marantz,A (1993)** Distribute Morphology and the Process of Inflection Cambridge Mass: MTT Press.

**Haymes,B (1990)** Precompiled Phrasal Phonology, Chicago press.

**Isacenko.A.V (1972)** International journal of Slavic Linguistics, And phonetics.

**Jackendoff.Ray (1996)** The Architecture of the language. Cambridge. mass:mtt press.

**katamba,F.** Morphology. London: Macmillan Press.
**(1993)**

**Kiparsky,P.** Phonological Representation.
**(1973)**

**Kiparsky,P.** Lexical Morphology and Phonology,(seoul:Hanshin).
**(1982)**

**Lass,R.** phonology, An introduction to basic concept, cambridge
**(1998)** university press.

**Lieber. R**. Deconstructing Morphology Chicago University,of
**(1992)** Chicago press.

**lyons,J.** Language and linguistics, cambridhe.University,press.
**(1990)**

**Mark Aronoff** Word formation in Generative Cambridge.mass:
**(1981)** MTT press.

**Martins,H.** understanding morphology Hodder Headline Group
**(2002)** London.

**Mohanan,K.P.** The Thiory of Lexical Phonology Dordrecht:
**(1986)** D.Reidel. Published Company.

**Marantz.A** No Escape from Syntax Don't Try Morphological
**(1997)** Analysis in The privacy Of Your Own Lexicon.

**Peter Roach.** English phonetics and phonology, Cambridge
**(2010)** university press.

**Seuren,P.A** Western linguistics ,Blackwell publication.
**(2004)**

**Qurik,R.** A Comprehensive Grammar of English language,
**(1985)** London, longman.

**Scalise,S.** Generative Morphology (Dordrecht:Foris).
**(1984)**

**Scalies, Anne Maria and Williams,E** on the definition Of, Word
**(1987)** Cambridge Mass: MTT Press.

**Seigel,D** Topics in English Morphology, Cambridge press.
**(1974)**

**Seikirk,E.O** The Syntax of Words (Cambridge MA:Mit press.
**(1982)**

**Spencer,A.** Morphology theory, Oxford, Blackwell.
**(1991)**

**Strouss,S.** lexicalist phonology of English and ceremony,
**(1989)** Dordrecht,Foris.

**Ullman,S.** Introduction to semantics Blackwell.
**(1957)**

**Williams,E** Argument Structure and Morphology, Linguistic
**(1981)** review.

# خلاصة البحث

هذة البحث الموسوم ب (نهج التصريف المعجمى فى تحليل اللواصق الكوردية) تتبنى هذة النظرية التركيب الهرمى للواصق اللغوية والتى تنتظم عبر طبقتين أو أكثر، وتتعنون بالطبقة أو المستوى أو الخطوط التحتية، ويتم تحديد هذة المستويات عبر السلوك الصوتى لهذة اللواصق، نمت و تطورت هذة النظرية تحت أراء وتطلعات (kiparsky) وغيرهم من اللغويين.

تميز هذة النظرية (النهج التصريفى) بين نمطين من القواعد الصوتية و تقترن أنشطتها مع المعاجم وتسمى بالقوانين المعجمية، و قوانين خارج المعاجم، مع المستوى النحوى وتسمى بالقوانين ما قبل المعجمى. تتوزع اللواصق الكوردية على طبقتين و أربع مستويات، ولكل هذة المستويات سماتها الصوتية و الصرفية و المداخل المعجمية. و تخوض النظرية أساسا تفاصيل تداخل و مواجهة المستويين الصرفى والصوتي مع بعضهما. تحاول هذة الرسالة بتسكين اللواصق الكوردية حسب سلوكها الصرفية و الصوتية بين هذة الطبقات على تتطابق الخطوط الدقيقة لهذا النهج المتبع – تتوزع الرسالة على ثلاثة فصول : يعنى الفصل الاول بصياغة ألاطار النظرى لمنهج الصرفى المعجمى حسب الاراء التى وردت من قبل كيبارسكى و أرونوف و غيرهم من اللغويين ولا بد من القول بأن الفصل الاول يلجأ الى عرض النماذج الانكليزية التى أستندت عليها النظرية، لحلنا نفلح بدء طبيعتها على اللواصق اللغة الكوردية عند تحليلنا لهذة اللواصق، تختص الفصل الثانى بتقديم و عرض عدد من اللواصق الصرفية والتى تتوزع على اللواصق الصرفية الغير منظمة و اللواصق الصرفية المنظمة، ثم ترسيخ الصفات الصوتية على ملامح هذة اللواصق، ومدى ملائمها مع الاطار النظرى فى هذا المنهج، ويتبنى الفصل الثالث: كيفية تحليل اللواصق الاشتقاقية فى ضؤ هذة النظرية والتى تتوزع على طبقتين و بقوانين خاصة بكل مستوى و طبقة. عرض النتائج و تصفيف المراجع و الخلاصتين بالغوتين العربية و الانكليزية تكون نهاية الرسالة باللغتين.

# Abstract

This thesis is entitled ‘**The lexical morphology approach to analyzing Kurdish language affixes’**. The approach to which it refers is known as ‘lexical morphology’ or ‘lexical morphology and phonology’ and it was developed by Paul Kiparsky and others as a way to explore the interface between phonology and morphology. It holds that the morphological rules that produce complex words, and the phonological rules that are responsible for the way the derived words are pronounced, are applied in tandem. These are all found in the lexicon where they are organized into (one or more) levels (or strata), with each stratum wercontaining a set of related phonological and morphological rules. The lexicon arranges the strata hierarchically, i.e. stratum 1 is first with stratum 2 following and so on.

The thesis is divided into three chapters: the first chapter contains a literature review, which posits details about the approach of lexical morphological analyses in word formation rules. In the second chapter, the researchers attempt to devise Kurdish affixes to regular and irregular words and apply their perspective to them. Chapter three is devoted to analyzing the derivation affixes of the Kurdish language according to the rules set out in the lexical morphology approach. The thesis ends with a references list and the abstract.